وەرز نامەی

هاوڕێ

وەرزنامەی هاوڕێ بەشی هاوینی ساڵی ١٤٣٧هجری قمری
بەرامبەر بە ساڵێ ٢٧١٦کردی
کۆگای جیهانی ئەهلی بەیت س

:

پێرستی باسەکان

پێشەکی: ٣
ڕێز گرتن لە مانگی موبارە کی ڕەمەزان ٥
گوناه بار مێوانی خوا نیە ١٠
«خچوع و تژلل» خۆ بە کەم زانین و خۆ بچوك کردنەوە ١٤
چەژنی غەدیر لە ئیسلام دا ١٧
زیارەتی قەبری موسوڵمانان لە ڕوانگەی سونەتەوە ٢٥
چۆن خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) لە دڵی منداڵەکەم دا بڕوێنم ٣٤
خۆ ڕاگری لە عاشورای حوسەینی ع ٤٠
ئادابی برایەتی لە پێناو خودا دا ٤٢
ئیمامی حوسەین سەروەر و سالاری شەهیدانی جیهان ٤٦
ئاماژەیەکی کورت بە ئیمام زادەکان و سەیدەکانی کوردستان ٥٠
خۆشویستی ئالی موحەمەد لە دڵەکان دا ٥٤
چاوێك بخشینن بە سودەکانی حەج ٦٤
توسل دەست بە داوێن بوونی ئەولیای خودا ٦٨
بەرلە خەو چوار ئیش بکە ٧٢
ژیان نامەی ئیمامانی ئەهلی بەیت ع ٧٤
حەزرەتی حمزە لە ابوجهل تۆڵە دەسێنێتەوە ١٠١
چل حەدیس بە بۆنەی شەهید بونی میری باوەرداران، ئیمام عەلی ع ١٠٢
شەوی قەدر ١١٥
مێژووی ئەهلی بەیت(س) لە ڕوانگەی ئەهلی سونەتەوە .... Error! Bookmark not defined.
دیاردەی نامۆی سفوری لە نێو ئافرەتان دا .... Error! Bookmark not defined.

پێشەكی:

سڵاوێك وەك بۆنی خۆشی ئاشنایی بە كۆمەڵگەی كلتوری، دینی و ئەدەب دۆستی كوردستان

یەكێك لە گرنگ ترین هۆكارەكانی بەرز كردنەوەی ئاستی فەرهەنگ و كلتوری هەر میلەتێك ئامرازەكانی پەیوەندی كۆمەڵگایە كە بە چ شێوەیەك پەیوەندی پێكەوە دەكەن و چۆن سودی لێوە وەردەگرن.

هەرچەندە كۆمەڵگاكان شێوەیەكی پێش كەوتوو تر لە خۆ دەگرن، میدیاكان زۆر ترین بەش لە نێو كلتوری كۆمەڵگا لە خۆ دەگرن و زۆر كاریگەری لە سەر تاكەكانی كۆمەڵگا دادەنێت.

خەڵكی ئەم جۆرە كۆمەڵگایانە كاتێكی زۆر بۆ خوێندنەوەی كتێب، ڕۆژنامە و.... و میدیاكانی تر تەرخان دەدەن.

تاكەكانی كلتوری وەكوو : عادەتەكان، سونەتەكان، بایەخەكان و بیرو ڕا موشتەرەكەكانی ئینسان بە یەكترەوە پەیوەندی دەدات و یەكگرتویەكی بەقوەت هەموو كۆمەڵگا دەگرێتەوە.

وەرز نامەی هاوڕێ هەوڵ بۆ ئەوە دەدات كە لەگەڵ خوێنەرانی بەڕێزی خۆی هاوڕێ ببێت بۆ گۆڕینەوەی بیرەمەندی، ئەدەب، كلتور و هونەر، تاكوو وڵات و كۆمەڵگای خۆی هەرچی زیاتر نزیك بكاتەوە لە پێشكەوتن لە ئاستێكی باڵا و بە بەكارهێنان و یارمەتی زانست، عەقڵ، ئەدەب و بیرۆكەی بەقوەت و كارئامەد، وەرگیراوە لە پێغەمبەری ئیسلام

(د.خ) و ئەهلی بەیتیەکەی (س)، کۆمەلگای خۆمان بە ئەنواع و ئەشکالی جوانییەکانی : کلتوری، کۆمەلگایی، زانستی و ئەدەبی بڕازێنینەوە. لە بەر ئەوەی کە خۆیان دەفەرمون : ئەگەر خەلك جوانی قسەکانی ئێمەیان دەبینی، بە قسەکانی ئێمەیان دەکرد.

کۆگای جیهانی ئەهلی بەیت(س) کە کۆگایەکی زانستی و کلتوریە بڕیاری داوە کە مەعارف و سیرەی ئەهلی بەیت(س) هاوکات لەگەڵ زمانەکاندا بە لەهجەکانێك کە لە دونیا دا بە ناوبانگن وەردگێڕێت تا بیخاتە ژێر دەستی ئەو کەسانەی کە هەست دەکەن دەتوانن بۆ کۆمەلگا و ولاتی خۆیان هەنگاوێك هەلّ بنێن و هەروەها مەبەستی کۆگای جیهانی ئەهلی بەیت(س) ئەوەیە کە زانایانی دینی کورد ئەو شتانەی کە سەبارەت بە پێغەمبەری ئیسلام و ئەهلی بەیت(س) نوسیویانە، بیخاتە ژێر دەستی خەلکەوە و بە هەلکێشانی ئەم مەعارف و زانستانە یارمەتیەکی کۆمەلگای کوردی بدات. هیوا دارین خوێنەرانی بەرێز و زانایان ئێمە لە بە قوەت کردنی ئەم بەشە یارمەتی بدەن.

شایانی باسە کە ئەم مەعریفەتە شەرتە بەلام هەستی دەرونی و تەسلیم بون لە دلەوە ئەساسی ئەم ئیشەیە.

هاوڕێ مان بن.

ڕێز گرتن له مانگی موبارەکی ڕەمەزان

له ڕیوایەت و ئەحادیس وا باس کراوە کە پێغەمبەر(د.خ) وەئیمامەکان(س) بانگەوازیان کردووە و ئامادە بوونە بۆ مانگی ڕەمەزان له کۆتایی مانگی شەعباندا و بە تایبەتی له دوایی جومعەی شەعبان, وەبڕیاریان ئەدا کە موسڵمانان ئامادە بن بۆ میوانداری خوا بۆ ئەوەی خەڵکی بزانێت چ نعمەتێك له هاتندایە.

بەرەکەتی ئەم مانگە زۆر گەورەیە هەتا له ڕیوایەت هاتووە ئەڵێن وشەی ڕەمەزان بەتەنها قەدەغە بوو, بەڵکو ئەبێت مانگیٚ بخەیتە پاڵی, واتە بڵێیت مانگی رەمەزان ئیمامی (محمد الباقر)(س) فەرموویەتی مەڵێن ئەمە ڕەمەزانە و ڕەمەزان هات و ڕەمەزان تەواو بوو, بەڵکوو بڵێن مانگی ڕەمەزان.

شەفاعەتی مانگی ڕەمەزان لە ڕۆژی قیامەت دا

مانگی ڕەمەزانی موبارەك ناوی زۆرە لەوانە, مانگی تەوبە, مانگی پەشیمانی, مانگی سڕینەوەی گوناح, هەروەها تا نزیکەی سەد ناوی هەیە, هەروەك لە ڕیوایەتەکان بۆمان ماوەتەوە, بەڵام گەورەترین و گرنگترینیان (شهر الله)یە واتە مانگی خوا یان بورجی خوا. خوای گەورە ئەم ماوەیە بۆ خۆی داناوە و پیرۆزی کردووە هەروەك لە ئەحادیسدا هاتووە و ئەڵێن کەعبەی بەڕێز حەشر ئەکرێت لە ڕۆژی قیامەت دا و حەفسەد هەزار پەری دێن و چوار دەوری ئەگرن بە زنجیری زێڕ و فەرمانی پێ ئەکرێت لەو کاتە دا کە شەفاعەت بکات بۆ ئەو کەسانەی هاتوونەتە زیارەتی.

مانگی ڕەمەزانیش بە هەمان شێوە لە ڕۆژی قیامەت بە جوانترین شێوە دێت و شەفاعەت بۆ ئەو کەسانە داوا ئەکات کە ڕێزیان گرتووە و لە ڕاستی دا ئەو ڕێزی خوای پەروەردگاری خاوەن جیهانی گرتووە, چونکە (شهر الله) بە هۆی نزیك بوونەوەی مانگی ڕەمەزانی خۆشەویست و حورمەتی ئەم مانگە لە پەڕەکانی داهاتوودا باسی خوتبەی شەعبانیەی پێغەمبەر(د.خ) سەبارەت بە مانگی ڕەمەزان ئەکەین.

مانگی خوا و ڕەحمەت و بەرەکەت

شێخ صدوق ئەگێڕێتەوە لە سەنەدی باوەڕپێکراودا, ئەڵێت پێغەمبەر(د.خ) لە دوایی جومعەی مانگی شەعبان ڕاوەستا و ئەم خوتبە درێژەی خوێند (ئەی خەڵکینە ئەوا مانگی خوا هات ئەوا کاتێك دێت کە سەر بە دروست کەری ئەم جیهانەیە, تەوبە بکەن, خۆتان بسمیل بکەن (غوسل) پێ لەم مانگە دانێن بە پاك و خاوێنی پڕ لە بەرەکەت و ڕەحمەت و پەشیمانییە ئەم مانگە کە وا دێت بە بەرەکەتەوە دێت, (بەرەکەت) واتە زیاد بوون.

جوتیار تۆو ئەچێنێ لە زەویدا بەرەکەت ئەکات واتە زیاد ئەکات لە حەوت دانەوە تا حەوسەد دانەوە لە مانگی موبارەکە, مانگی بەرەکەتە, هەر کەس لەم مانگەدا یەك ئایەتی قورئان بخوێنێت, وەکوو خەتم کردنی وایە لە مانگەکانی تر دا, وە هەر کەس دوو ڕکعەت نوێژی سونەت بکات لەم مانگە دا وەکوو نوێژی فەرزی مانگەکانی تری کردبێت وایە, وە هەروها خێرکردن ئەوەندە زیاد ئەکات تا ئەگاتە هەزار بەرامبەر بەرەکەتی ئەم مانگە یەکجار زۆرە تا وای لێ دێت کە خەوی ڕۆژوگر ئەبێتە عبادەت.

ڕەحمەت و پەشیمان بوون لەم مانگەدا زۆر دێت تا ڕادەیەك دەرگا لە پێش هەموو ئەکرێتەوە (ئەم مانگە لای خوا لە هەموو مانگەکان باشترە, شەوانی لە هەموو شەوان و ڕۆژانی لە هەموو ڕۆژان باشترە).

شەوی قەدر لە مانگی ڕەمەزان دا

شەوی قەدر لەم مانگەدا بەتەنها ئەکاتە هەزار مانگ, بەڵکوو زیاتر (لیله القدر خيرٌ من الف شهر).

لە قورئانی پیرۆز دوو ئایەی تر هەیە شایەتی شەوی قەدرە, خوا فەرموویەتی (انا انزلناه فی الیله المبارکه انا کنا منذرین).

وەلە ئایەتێکی تر فەرموویەتی (شهر رمضان الذی انزل فیه القران).

کەواتە ڕوون بووەوە شەوی قەدر قورئانی پیرۆزی لێ دابەزیوە. هەندێك باس ئەکەن و ئەڵێن مانگی ڕەمەزان (سەیدی مانگەکانە).

مێوانداری بۆ دەرگای خوا

(ئەو مانگەیە کە مێوانی ئەکرێین لە لایەنی خواوە و بە خاوەنی کەرامەتی خوا دائەنرێن) میوانی کراون لەم مانگە موبارەکەدا بۆ مێوانی خوا و ئەوەی مێوانیانی کردووە پێغەمبەری خوایە(د.خ) مێوانی پەروەردگاری جیهانیانە, لە خوا هەڵهات بوون بۆ ماوەی یانزدە مانگ و لە خوا دوور کەوتبوونەوە, ئێستایش وەرن مێوان بن بۆ ماوەی یەك مانگ ببینن مێوانداری پەروەردگاری جیهانیان, مێوانداری بریتیە لە جوانترین مێوانی لای خاوەنی ئیمان و دوورینەوەی ڕەحمەت و ڕەحیمیەتە لە بەر ئەوەی ڕزقدانی تەنها تایبەتی نیە بە مانگی ڕەمەزان و موسڵمانەکانە و نە تایبەت بە (کافرەکانە) و نە بە مرۆڤ و ئاژەڵ, بەڵام لوتفی پەروەردگار تایبەتی بە مرۆڤێکە کە پەری خزمەتی ئەکات.

بە ڵام ئەو مرۆڤەی کە لە ناوەڕۆکدا گورگێکی دڕندەیە, هیچ سوود و بەرەکەتێکی لێ وەرناگەرێت, چونکە هەموو کەسێك ناتوانێت ببێتە مێوانی خوا.

دڵ دامرکاندنەوە بە زیکری خوا

یەکێك لە مێوانداریيەکانی خوایەتی دڵ دامرکاندنەوەیە, تام و لەزەتی ئیمان داران دڵ دامرکاندنەوەیە لە گەڵ پەروەردگاری جیهانیان, دڵ دامرکاندنەوە بە زکری خوا هەموو لەزەتی شەهەوات و هەوا و نەفس لە بیر ئەباتەوە, لە ڕوایەتێکدا هاتووە کە (موسا کوڕی عومران کاتێك لە سەر چیای (تور) بۆ پاڕانەوە و دوعا ڕۆیشتبوو, ماوەی چل ڕۆژ یەك پارو نانی نەخواردوە یان دڵۆپێك ئاویشی تام نەکرد بوو, بەڵکوو خواردنی لەش و گیانی دڵ دامرکاندنەوە بوو, ئەویش بەقسەکردن لە گەڵ پەروەردگاری جیهانیان.

ئەم لەزەت و خۆشیە و دڵ دامرکاندنەوەیە لە غەیری مانگی موبارەکی ڕەمەزانە,

کەواتە لەم مانگە موبارەکەدا, بە بەرکەتی ئەم مانگە خۆشەویستە مرۆڤ زیاتر لە خوا نزیك ئەبێتەوە و پتر دڵی دائەمرکێتەوە, لەو لەزەت و خوشیەی مانگی ڕەمەزان کەوا خەڵکی ئەم دونیای فانیە خەیاڵیان ئەکرد لەزەتی ئەم دونیایە لە پلە، ماڵ، پارە و منالّ و بەدواکەوتنی شەهواتی دونیایە؟

ئیمامی زەینولعابدین(س) ئەفەرمووێ : (الهی من ذا الذی حلاوه محبتک فرام منک بدلا ؟ و من ذا الذی انس بقربک فابتغی عنک حولا؟) واتە : (خوایا کێیە تامی شیرینی دۆستیتی کردووە و لێت دوور کەوتووەتەوە ؟ وەکێیە لە نزیکی تۆ دڵی دامرکێتەوە و یاخی بێت؟

هەر کەسێك دوای هەواو نەفس و شەهوانی دونیای فانی بکەوێت تامی ڕۆژی قیامەت ناچێژێ؟

مێوانداری پەروەردگاری جیهانیان

بە تاکید هەر وەك خوا گەورەیە و مێوانداریەکەیشی گەورەیە, گەر بێت و پیاوێکی گەورە مێوانداری بکات چۆن ئەبێت؟ کەواتە مێوانداریەکەی وەکوو خۆی ئەبێت, باشە کەواتە خوای گەورە کە شای شایانە (الملك الملوك) وە پەروەردگاری جیهانیانە ڕێزگرتنی مێوان لای تا ڕادەیەك لە فەرمانەکانی سروشتی یە کە لە هێزی مرۆڤدا دوورە وای لێ ئەکات وەکوو زیکر کردنی وابێت (انفاسکم فیە تسبیح) واتە هەناسەدان لەم مانگە دا وەکوو تەسبیحات وایە, هەناسەیەك بێت و بڕوات بە پاداشت بنووسرێت بۆ نمونە هەناسە هەڵکێشی وەکوو بڵێت (سبحانە اللە)وایە, کەواتە مێوانی پەروەردگار نرخێکی بۆ خۆی هەیە, ئەو تێبینیەی لێرە دا هاتە یادم ئەوەیە ئەگەر یەکێك لەم مانگە موبارە کە دا

مێوانی شەیتان بێت بەرامبەر هەر هەناسەیەك ئەگاتە بەدبەختی و خراپە.

شێخی (التستری) لە بارەی (انفاسکم فیه تسبیح) ئەڵێت هەر مرۆڤێکی ئاسایی لە شە و و رۆژێکدا (٢١/٦٠٠) بیست و یەك هە زار و شەش سەد هەناسە ئەدات و وەرئەگرێت, بە گوێرەی ئەمانە چاکەی بۆ ئەنووسرێت لە شەو و رۆژێکدا لە مانگی ڕەمەزانی موبارەك و جگە لە زیکر و دوعا و نوێژ و قورئان خویندنە, مرۆڤ چەند دەوڵە مەند ئەبێت لەم مانگە موبارە کە دا بە مەرجێك مێوانی خوا بێت و دژی هەواو نەفسی خوێ بێت؟

گوناه بار مێوانی خوا نیە

(المذنب لیس ضیفاً الله) بەدبەختە ئەو کەسەی لەم ڕێگەیەدا دوورە و هیچ شتێکی ناوێت، تەنها دواکەوتنی (شەهواتی دنیا) نەبێت (فاعرض عن من تولی عن ذکرنا و لم یرد الا الحیاه الدنیا) واتە دوور بکەوە لەو کەسەی کە پەیڕەوی لە زیکری ئێمە ناکات و نایانەوێت، تەنها ژیانی دونیا نەبێت, (شێخی شوشتری) سوود لەم ئایەتە وەرئەگرێت و ئەڵێت ئەم مێوانداریيە بۆ ئەو کەسانە نیە کە تەنها خەمیان دونیایە چونکە خوا بە پێغەمبەری خۆی ئەفەرمووێت:(اعرض من تولی عن ذکرنا و لم یرد الا الحیاه الدنیا) ئەم مێوانییە بۆ ئیسلامی تایبەتی یە بۆ ئەوانەی کە هیچ گوناهێك ناکەن بۆ ئەوەی توانای مێوان بوونی پەروەردگاری جیهانیانی ببێت لە و مێوانداریانەی پەروەردگار و وڵام دانەوەی دوعا و قبوڵ کردنی کردەوە کانیانە (نومکم فیه عباده) خەوتنتان لەم مانگەدا خوا پەرەستی یە, کردەوە کانتان لەم مانگە دا قبول ئەبێت مەرجەکانی قبوڵ بوون لە مانگەکانی تر زۆر گرانە بە بەرەکەتی مانگی موبارەکی ڕەمەزان مەرجەکانی قبوڵ زۆر ئاسان ئەبێت, بچووك ترین کردەوە لەم مانگە دا قبوڵە, دوعا لەم مانگەدا جێ بە جێ

ئەبێت, چونکە دوعا و وڵام ئەدرێتەوە بە مەرجێك مێوانی ڕاستەقینەی خودا بن, قسەیەکی (شێخی شوشتری) هاتە یادم ئەڵێت ئەم دیوەخانە چەند دەرگایەکی هەیە هەوڵ بدەن زوو بچنە ژوورەوە گەر دەرگایەکی داخرا لە دەرگایەکی تر بچنە ژوورەوە تا یەکێك لەم هەموو دەرگایە بۆتان بکرێتەوە, دەرگای تەوبە بێت, دەرگای ئیسلاحی نەفس یان دەرگای تەقوا و دوور کەوتنەوە لە گوناح بێت.

تەوبە بە مانای گەڕانەوەیە ئەگەر هاتوو لە بارەدۆخی جاران پەشیمان بوویتەوە و جارێکی تر تۆزاویی نەکەیت و بڕیارت دەدا ئیتر یاخی نەبێت بڕۆ پێشەوە لە دەرگای تەوبە دا, بەڵام ئەگەر دێت هێشتا ماوتە و عەیبت هەیە ئیسلاحی نەفس بکە لە کردەوە کانی ڕابردوو پەشیمان ببەوە, ئەگەر دەرگای ڕەحمەت لە پێشت نەکرایەوە بڕۆ بۆ دەرگای دوورکەوتنەوە لە گوناح, بەڵکوو بە هۆی ئەو دوورکەوتنەوەیە دەرگای رەحمەتت بۆ دەکرێتەوە.

پشت بەستن بە رەحمەتی خوا

ئەگەر هاتوو دەرگای رەحمەتی خوا بۆت نەکرایەوە قەد دڵ گران مەبە چونکە دەرگایەکی تر هەیە لە کۆتاییدا کەس لێی بێ بەش نابێت یەکێك لە زانا گەورەکان باس ئەکات و ئەڵێت تەنانەت شەیتانیش لەم دەرگایەوە هاتە ژوورەوە و بەبێ بەش لێی نەچووە دەرەوە و ئەویش دەرگای (کرم الالهی)یە، واتە (لوتفی خودایی).

کەواتە من و تۆ لە شەیتان خراپتر نین, چۆن شەیتان پشتی بە لوتفی خودایی بەست و داوای لێ کرد تا رۆژی قیامەت زندوو بمێنێت! با پێکەوە بڵێین خوایا ئەگەر موستەحەقی مێوانی تۆنین تکات لێ ئەکەین بەلوتفی خۆت لەڕێزی مێوانەکانت بمانژمێرە.

ئێمە چاوەڕوانی سفرە و خوانی لوتفی تۆین

(شێخی شوشتری) ئەڵێت لە فێرگای خوایەتی پیرۆز (تعاليم الالهيه المقدسه) بۆمان هاتووە ئەگەر گیان لەبەرێك (سەگ یان پشیلە) بێت و لە سفرە و خوان نزیك بوو و چاوی بە خواردنەکە کەوت, پێویستە خواردنی بدەیتێ و بێ بەشی نەکەیت و بەبێ خواردن دووری نەخەیتەوە, چونکە زۆری پێ ناخۆشە, کەواتە کە سێك ئەگەر بڵێت خودایە من چاوم کەوت بە سفرە و خوانی چاکی تۆ کە باشترین بەندەت لە سەری نان ئەخوات بێ بەشم مەکە, (لە خوا بپاڕێتەوە بە نیەتێکی ڕاست و دڵێکی خاوێن کە لەش ساغتان بکات بۆ رۆژووی مانگی ڕەمەزان و خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکەی). برای موسڵمان پاش ئەوە کە زانیت مانگی ڕەمەزان مانگی خوایە (شهر الله) هەناسە وەرگرتن بە تەسبیحات و نووستن بە عیبادەت ئەژمێردرێت لە خوا داوا بکە هەر شتێك کە پێویستە, بە خۆشی بە دڵێکی خاوێن و نیەتێکی ڕاست داوا لە خوا بکە کە سەرکەوتوو ببیت بۆ پەرستنەکانی لەم مانگە پیرۆزەدا.

نیەتی ڕاست و مەبەستی تەواو

ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت وشەی نیەتی ڕاستە, بە دوعا کردن زۆر گیر و گرفت چارە سەر ئەکرێت ئەبینین خە ڵکێکی زۆر پیری گەورە و لاواز بە رۆژوو ئەبن لەم مانگە موبارەکە و تەواوی رۆژووە کە ئەگرن بێ ئەوەی هیچی لێ بخۆن لە بەر ئەوە داوا لە خوا ئەکەن بە نیەتێکی ڕاست سەریان بخات. باشە چ نیەتێك ئەبێت ڕاست بێت, نیەتی ڕاست بریتییە لە مەبەستی تەواو لە بوونی شتێك بەمەرجێك ئەگەر کەسێك شتێکی بوێت ئەبێت بە هەموو دڵیەوە بیەوێت وا بزانێت شتێکی زۆر گرنگی ئەوێت, بەڵام ئەگەر بێت و شتێك بەدەم داوا

بکات و دڵی لە شوێنێکی تر بێت ئەوا ئەم جۆرە کردەوەیە پێی ناڵێن نیەتی ڕاستەقینە.

« خضوع و تذلل »

له کتێبەکانی زەمانەوانی دا «فرهنگ لغت» ووشەی «عبادت» بە مانای «خضوع» و دەرخستنی خۆ بەکەم زانین لە بەرامبەر ئەو شتەی دا کە عبادەتی بۆ دەکەین لێکدانەوەیەك بەم جۆرە لەلایەن زمانەوانان ناتوانێت ڕوون کەرەوەیەکی تێر و تەسەل بێت بۆ ووشەی «عبادت» چونکە:

١. ئەگەر مانای «عبادت» بەرامبەر بێت بە «خضوع و تذلل» ناتوانین بە هیچ کەس لە ئەم جیهانە دا ناسنامەی یەکتا پەرەستی بدەین و ناتوانین هیچ کەس بە یەکتا پەرەست بزانین، چونکە ئادەمیزاد بە سروشتی خۆی لە بەرامبەر هێزە «مادی و مەعنەوی»یەکان دا کە لە خۆی زیاترن «خضوع و تذلل»ی هەیە، وەکو شاگرد لەگەڵ وەستا و قوتابی و فێرخواز لەگەڵ مامۆستاکەی دا و منداڵ لەگەڵ باوك و دایکی دا و هەروەها دڵدار لەگەڵ

خۆشەویستەکەی دا و...

٢. قورئانی پیرۆز دەستور دەدات بە منالّ لە بەرامبەر باوك و دایکی دا بالّی «زیلەت» درێژ بکات بۆیان کە بە سەری دا برۆن وەکو ئەوەی کە دەفەرمێت:

﴿وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا﴾

بالّی «زیلەت» خۆبەکەم زانین و خۆشەویستی لە بەرامبەریاندا درێژ بکە و بلّیٚ خودای گەورە رەحمیان پیٚ بکە چونکە منیان لە منداڵیەوە گەورە کردوە و تەربیەتیان کردوم.

ئەگەر «خضوع» و «تذلل» نیشانە و ئامڕازی «عیبادەت» بوایە کەواتە ئەبوایە هەموو منداڵانی کۆی زەوی گوێرایەڵی، باوك و دایکیان بە موشریك لە قلّەم بدرانایە و منداڵانی لاسار بەیەکتا پەرەست بژمێردرانایە.

هەندێك لە لێکدەرەوەکانی زمانەوانی کاتێك دەگەن بەوە ئەوەی لێکدانەوەی ووشەی «خضوع و تذلل» لە بەرامبەر ووشەی «عیبادەت» دا و بۆیان دەردەکەوێت کە هاو کێشی ووشەی «عیبادەت» نایەنەوە. پەنا دەبەن بۆ لێکدانەوەیەکی تر هەست کردن بە تەواوی و گەورەیی و پەرستراوو.

ئەم لێکدانەوەیەش زۆر دور نیە لە لێکدانەوەی یەکەم چونکە: خودای گەورە ئەو کاتەی فەرمانی دا بە فرِیشتەکان لە بەرامبەر ئادەمدا کرِنۆش «سجدە» بەرن.

﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ﴾

«ئەو کاتەی وتمان بە فرِیشتەکان کرِنۆش بەرن بۆ ئادەم هەموو کرِنۆشیان برد جگە لە ئیبلێس».

کرِنۆش«سجدە»لە بەرامبەر کەسێکدا یەکێك لە گەورەترین راستیەکانی دەرخستنی

بێ كۆتایی «**خضوع و تذلل**»ە ئەگەر ئەم كارە نیشانە و ئامرازی عیبادەت دەبێت ئەوا دەبێت فریشتە گوێ ڕایەڵەكان موشریك بن و ئیبلیسی سەرگەردان بە موحد و یەكتا پەرەستی لە قەڵەم بدرێت.

هەروەها كوڕەكانی «یەعقوب» (علیه‌السلام)، تەنانەت خودی یەعقوب لەگەڵ هاوسەرەكەی لە بەرامبەر یوسف كڕنۆشیان برد هەر وەكو ئەوەی كە قورئان دەفەرمێت:

﴿وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدًاۖ وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّاۖ﴾

هەمویان لە بەرامبەر یوسف دا كڕنۆشیان برد، یوسف وتی: بابە گیان ئەوە «كڕنۆشی یەعقوب و یانزە كوڕەكەی» بە ڕاستی مانای ئەو خەوە بوو كە پێشتر بینیوومە».

و قورئانی پیرۆز خەوەكەی یوسف بە منداڵی بینیبوی باسی لێوە دەكات و دەفەرمێت:

﴿إِنِّي رَأَيۡتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوۡكَبٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ رَأَيۡتُهُمۡ لِي سَٰجِدِينَ﴾

«من بینیم یانزە ئە ستێرە و خور و مانگ كڕنۆشیان بوو بردم».

هەموو موسوڵمانانی جیهان «حجر الاسود» ماچ دەكەن و دەست دێنن بە سەریدا و پاشان دەست دەكێشن بەدەم و چاویاندا، ئەم كارەش پەیڕەوی یە لە پێشەوای گەورەی موسوڵمانان پێغەمبەری خۆشەویست (صلی الله علیه و اله وسلم)، كەواتە دەبێت ئەم كارە پیوانە بكرێت بە كاری بت پەرەستان كە ئەنجامیان داوە بەرامبەر بە بتەكانیان لەگەڵ ئەوەشدا كاری ئێمە خودی «توحید»ە یەكتا پەرەستیە و كاری بت پەرەستەكان خودی «شرك»ە بۆ خودای تەبارەك و تەعالی.

چەژنی غەدیر لە ئیسلام دا

بە ڕاستی چەژنی غەدیر تایبەت بە شێعە نییە، بەڵکوو زۆربەی موسوڵمانان چەژنیان گرتوە لە سەر دەمی پێشوو دا هەروەکوو لە سەر چاوەکان دا هاتوە وەکوو : الاثار الباقی فی قرون لاپەڕە ٣٣٤، مطالب السؤل لابن طلحه شافعی ج ١ لاپەڕە ٤٤ چاپ النجف، وفیات الاعیان لابن خلکان ج ١ لاپەڕە ٦٠

تەواتری حەدیسی غەدیر لە لایەن

١. جلال الدین السیوطی الشافعی.

٢. الفوائد المتکاثره فی اخبار المتواتره.

قسەی سیوتی سەبارەت بە ﴿متواتر﴾ بوونی ئەم حەدیسە لە تەفسیر فی شرح الجامع

الصغير ج ٢ لاپەڕە ٤٤٢ و عەلامەی ==== گێراویەتەوە لە التفسير فی شرح الجامع الصغير ج ٢ لاپەڕە ٤٤٢

٢ مدد علی القاری الحنفی لە المرقاه شرح المشكاه ج ٥

٣ المناوی الشافعی لە التفسير فی شرح الجامع الصغير : ج ٣ لاپەڕە ٤٤٢

٤ ابو عبدالله الحافز الذهبی ئبن کەسیر لە تاریخەکەی دا قسەی ئەوی گێڕاوەتەوە ج ٥ لاپەڕە ٢١٤ و ٢١٣

٥ الحافط ابن الجزری لە ابن الجزری لە المطالب فی مناقب علی ابن ابی طالب لاپەڕە ٤٨ باسی کراوە بێجگە لە متواتری حەدیسی غەدیر لە گەڵ یاسا سروشتیەکان دەگونجێ، چونکە خودا وای داناوە هەروەك هەموو ڕوداوە مێژووییە گەورەکان کە زوربەی خەڵك چاو و گوێی هەزاران کەسی کە لە جێگای جۆراو جۆرەکانەوە هاتوون، بە ڕێوە دەچێت هەتا کوو بە خەڵکی دیکەش ڕابگەیەنرێت.

احمد ابن حنبل لە ٤٠ ڕێگاوە ئەم حەدیسەی گێڕاوەتەوە

ابن جریر تەبری لە ٧٢ ڕێگاوە ئەم حەدیسەی گێڕاوەتەوە

ابن عقده لە ١٠٥ ڕیگاوە ئەم حەدیسەی گێڕاوەتەوە

لە ابو سعيد سجستانيەوە لە ١٢٠ ڕیگاوە ئەم حەدیسەی گێڕاوەتەوە

لە ابوبکر الحجاجی لە ١٢٥ ڕیگاوە ئەم حەدیسەی گێڕاوەتەوە

بە تایبەت ئەگەر ئەم ڕوداوە لە بەر دڵی بنەماڵەوە دوستەکانیان لە هەموو بەرەیەك دا بێت، هەتا بۆ هەر کوێ کە بکرێت هەواڵەکە ڕابگەیەنن ئایا دەکرێت ئەم ڕوداوە لە هەواڵە تەکەکان بێت؟ نا هیچ کات بەڵکوو ئەمە وەکوو ڕوناکایی بەیان بڵاو دەبێتەوە و

زەریا وشکی دڵان پڕ لە ئاوی خۆشەویستی عەلی (ع) دەکات .

﴿و لن تجد لسنه الله تحويلا﴾

هیچ کات لە سونەتی خودا دا ئاڵ و گۆڕێك نابینیت ﴿ فاتر ٤٣ ﴾

٢= خودا حەدیسی غەدیری لا گرنگ بووە چونکە ئەوی بە پیغەمبەر وەحی کردوەو ئایاتێکی قورئانیشی لە ئەم بارەیەوە ناردوە.

هەتا موسوڵمانانەکان شەو ڕۆژ بە ئاشکرا و بە نهێنی لە دوعا و نوێژ دا لە سەر مینبەر و منارە بەرزەکانی مزگەوتەکان بخوێننەوە ئایەتەکە ئەمەیە کە دەفەرمێت : ﴿یا ايها الرسول بلغ ما انزل عليك من ربك و ان لم تفعل فما بلغت رسالته و الله يعصمك من الناس﴾.

ئەی پێغەمبەر ئەوی لە لایەن خوداوە بۆت هاتووە ڕابگەیەنە ئەگەر ئەم کارە نەکەی ڕیسالەتەکەت بە جی نەهێناوە خودا تۆ لە شەڕی خەڵکی دەپارێزێت. مائدە ٦٧.

ئەم ئایەتە لە ڕۆژی غەدیر دا دابەزیوە[1]

لە ئەو ڕۆژەدا کە پێغەمبەر بە حەدیسی ئیمامەتی عەلی و دانانی خەلافەت بە ئەو ریسالەتەی ڕاگەیاند، خودا ئەم ئایەتەی لای خوارەوەی نارد ﴿اليوم اكملت لكم دينكم و اتممت عليكم نعمتي و رضيت لكم اسلام دينا﴾ ئەمڕۆ دینەکەم بۆ تەواوو کردن و نیعمەتەکەم بە سەرتانەوە تەواوو کردوە و ڕازی بووم ئیسلام ئایین تان بێت. [2]

---

[1] ترجمه الامام على من تاريخ دمشق لابن عساكر الشافعى ج ٢ لاپەڕە ٨٦ ح ٥٨٦ چاپی بەیروت
اسباب النزول النيشابورى لاپەڕە ١١٥ چاپی الحلبى لە مصر
فتح القدير للشوكانى ج ٢ لاپەڕە ٦٠ چاپی الحلبى
تفسير فخر رازى شافعى ج ١٢ لاپەڕە ٥٠ چاپی مصر

[2] شواهد التنزيل للحكانى الحنفى ج ١ لاپەڕە ١٥٧ – ١٦٠ ح ٢١١ تا ٢١٥.

٣= کاتێ عینایەتی خودا ئاوابێت هیچ جێی سەر سوڕمان نیە عینایەتی ڕەسولی خوداش وابێت. چونکە ئەجەلەکەی نزیك بوبویەوە و هەواڵی کۆچی پێ دراوە. بە فەرمانی خودا بڕیاری دا کە لە حەجی گەورەدا لە بەرامبەر تەواوی خەڵك ولایەتی عەلی(س) ڕابگەیەنێت.

٤= هەر ئەوە بەسە کە چاو لە فەرمایشتەی ئیمام عەلی(س) لە کاتی خیلافەتیدا بکەین کاتێك کە خەڵکی لە گەڕەکێکی کوفە کۆ کردەوە و فەرمووی : ئەو کەسەی لە ڕۆژی غەدیری خم دا شتێکی لە پێغەمبەر بیستوە سوێندی دەدەم کە هەستێت و شایەتی بدات بەڵام بێجگە لە ئەو کەسانەی کە بە چاوی خۆیان پێغەمبەریان دیوە و بە گوێی خویان قسەکانیان لی بیستوە کەس هەڵ نەستێت.

سی کەس لە سەحابیەکانی پێغەمبەر(د.خ) هەڵسانەوە کە دوانزەیان لە جیهاد گەرانی بەناوبانگ بوون هەموویان شایەتیان دا کە پێغەمبەری خودا(د.خ) دەستی عەلی(س) بەرز کردەوە و بە خەڵکی فەرموو ئایا دەزانی کە من بۆ ئیمان داران لە خۆیان شیاو ترم ؟

هەموویان وتیان : بەڵێ

پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی هەرکەس من مەولای ئەوم، عەلی مەولایەتی، خودایە هەر کەس ئەوی خۆش دەوێت خۆشی بویێ و هەرکەس دوژمنایەتی لەگەڵ دەکات دوژمنی بە.

الدر المنثور سیوطی ج ٢ لاپەڕە ٢٥٩.

المناقب للخوارزمی الحنفی لاپەڕە ٨٠.

تفسیر لابن کثیر شافعی ج ٢ لاپەڕە ١٤.

١

وتاری پێغەمبەر لە ڕۆژی غەدیردا

جەریر کوڕی تەبەری مردووی ساڵی ٢١٠ی کۆچی لە "کتاب الولایە" بە سەنەدێك لە زەید کوڕی ئەرقەم دەریهێناوە: کاتێك پێغەمبەر لە گەڕانەوەی دوایین حەججیماڵی خوا گەیشتە غەدیری خوم نزیکی بانگی نیوەڕۆ و گەرمایەکی بە تین بوو فەرمانی دا بارەکانیان خست و خەڵکەکە بۆ نوێژ ئامادە بوون، نوێژێکی بە کۆمەڵیان کرد و پاشان وتارێکی گرنگی خوێندەوە دوای ئەم ئایەتە لەوێ نازل بووە ﴿یا ایها الرسول بلغ ما انزل علیك من ربك و ان لم تفعل فما بلغت رسالته و الله یعصمك من الناس﴾. ـ واتە: (ئەی محەممەد) ئەوەی کە لە لایەنی خواوە بۆت هاتووتە خوارەوە بە خەڵکی ڕابگەیەن و ئەگەر ڕاینەگەیەنیت ئەوا پەیامەکەت(رسالت) بەجێ نەهێناوە (مەترسە) خوا تۆ لە خەڵك دەپارێزێت.

ئەی خەڵکینە جبرەئیل دابەزیوە و ئەم پەیامەی لای خواوە هێناوە کە من ئەمڕۆ ئێوە لەم شوێنە کۆ بکەمەوە و هەموو ڕەش و سپێکتان پێڕابگەیەنم وبڵێم عەلی کوڕی ئەبوتالیب برامە و جێگرمە و خەلیفە و ئیمامە لە دوای من، داوام لە جبرەئیل کرد لە خوا داوا بکات ئەم ئەرکە لەسەر شانم لاببات لەبەر ئەوە خەڵکەکە هەموو باوەڕیان وەکو یەك نییە و هەموو تەییدی عەلی ناکەن، چونکە عەلی زۆر لەگەڵ مندا بوو و ئەڵێن زۆر پشتیوانی

[1] ترجمه الامام علی ابن ابی طالب من تاریخ دمشق لابن عساکر الشافعی : ج ٢ لاپەرە ٧ ح ٥٣ چاپی بەیروت.

لێ دەکەیت و هەر لەبەر خاتری عەلی پێیان ئەوتم "اذنا"وە تۆ لە وڵامیاندا فەرمووت:

﴿□□□□□•□□□□□ □□□□□□□□□□ □□□□□□□□□□ □□□□□□□□□□□ □□□□□□□ □□□□ □ □□□□□□□ □□□□□ □□□□□□□□□□□□□ □□□□□□□ □□□□□□□﴾.

ئەگەر بتەوێت ناویان دێنم و دەستنیشانیان دەکەم، بەڵام تۆ بە نهێنی ڕاگرتنیان فەرمانت دابوو.

ئەی خەڵكینە بەڕاستی خوا كردویەتی بە سەرۆك و ئیمامە بە سەرتانەوە، پەیڕەوی لێكردنی فەرزە لەسەرتان بەقسەی ڕەوایەتەكان هەر كەسێك پەیڕەوی لێی نەكات مەلعونە و هەر كەس بەڕاستی بزانێت ڕەحمەتی خوا لێی بێت، گوێ خۆتان بدەنێ و پەیڕەوی لێ بكەن، خوا سەروەری ئێوەیە و عەلی ئیمامی ئێوە و پاش ئەو تا ڕۆژی قیامەت ئیمامەكان لە پشتی ئەون.

لە بەشێكی تری وتارەكەدا هاتووە كە:

"لە كتێبی خوا تێبگەن و شوێنی وێچووەكان (متشابه) مەكەون و ئەوانە كەس شییان ناكاتەوە بۆتان مەگەر ئەم كەسە كە من دەستم گرتووە و بەرز كردۆتەوە و مامۆستاتانە، ئەوەی كە من سەروەری بم، ئەمە عەلییە سەروەریەتی، سەروەریی و ولایەتی لە لایەنی خوای تەعالاوەیە، كە بە من راسپێردراوە، بە ئێوەم راگەیاند، ئێوەش گوێتان لێی بوو و باش تێگەیشتن". بەم جۆرە تا دوایی وتارەكەی خوێندەوە. كە پیاوانی باوەڕ پێكراوە لە ئومەتی ئیسلامیدا ریوایەتیان كردووە.

هەر كەسێك بیەوێت زیاتر و بە شێوەیەكی گشتی سەبارەت بە ئەو زانست بەدەست بهێنێت با تەماشای كتێبی فەرزانە و فەقهیی مێژوو، ڕێزدار شێخ عەبدولحوسەینیی ئەمینی

بکات، کتێبەکەی هەر بە ناوی (الغدیر)ەوەیە لە یانزە بەرگ پێکهاتوە هەرچی لەبارەی غەدیر هاتووە تیایدا هەیە.

ئەوە کورتەیەك بوو لەبارەی حەدیسی غەدیرەوە کە بوخاری لە بەرامبەری تەنگاو بووە، وەدەری نەهێناوە و نکۆڵی لێی کردووە، هەروەکو نکۆڵی لە زۆر حەدیسی تر لەبارەی چاکەی ئەهل و بەیتەوە کردووە.

ڕووداوی غەدیر لە گرنگترین ڕووداوە ئیسلامییەکانە کە مێژووی ئیسلام تۆماری کردووە. هیچ ڕێگایەك بۆ نکۆڵ کردنی نەهێشتۆتەوە و زۆر جێی داخە کە هەندێ لە موسڵمانەکان ئەو ڕووداوە گرنگەیان لەبەر رق و کینە لە بیری خۆیان بردۆتەوە و پاش ئەوە کە بەڵگە و سەنەدی تەواوی هەیە، لەو ڕۆژە گەرمەو لەو حەشامەتە زۆرەدا، لەو بۆنە پیرۆزەدا (گەڕانەوە لە حەج) لە پاڵ ئاوێك کە بەناوبانگ بوو بە "خوم" کە شوێنی جیابوونەوەی حاجیانی مەدینە و میسرو عێراقە، ژمارەیان نزیکەی سەد هەزار نەفەر بووە، پەیامێك کە لەلایەنی پەروەردگاریەوە بۆی دابەزی بوو بە خەڵکی ڕاگەیاند، کە بە دەقی پەروەرگار عەلی بکاتە ئیمامی موسڵمانان و جێگر بۆ پاش خۆی، پێغەمبەر دەیزانی کە ئەو ڕاگەیاندنە زۆر قورسە لەسەر خەڵکی و ئەڵێن لەبەر ئەوە بوو کە عەلی زۆر خۆش دەویست و کوڕە مام و زاوی بوو.

هەروەکو زانراوە لەئەو ڕۆژەوە تا ئێستا خەڵك لەو باوەڕەدا هەموو لەیەك ئاستی دا نین، هەریەك بە پێی زانستی خۆی باوەڕ بە خوا وپێغەمبەر دێنێت، بەڵام خوا کە لەسەرەوەی هەمووانە لەو بارەیەوە بێ ئاگا نییە، (مەشییەتی ئیلاهی)یە، چ خەڵك بیەوێت وچ نەیەوێت هەر ئەبێ، ببێت و ڕوو بدات بۆیە جبرەئیل بۆ پێغەمبەرەکەی نارد و ئەم ئایەتەی بۆ هێنایە خوارەوە کە ئەفەرمێت: ﴿یا ایها الرسول بلغ ما انزل علیك من ربك و

ان لم تفعل فما بلغت رسالته و الله يعصمك من الناس﴾.

واته: (ئەی محەممەد) ئەوەی کە لەلایەنی خواوە بۆت هاتۆتە خوارەوە بە خەڵکی رابگەینە، ئەگەر راشی نەگەیەنیت ئەوا پەیامەکەیت بە جێ نەهێناوە (مەترسە) خوا تۆ لە خەڵك ئەپارێزێت.

پێغەمبەر جگە لە تەسلیم بوون لە بەرامبەر پەروەردگار هیچی تری پێی نەکرا، ڕووی کردە خەڵك و وتارە بە نرخەکەی لە دوایین حەج ماڵی خوا و لە زەلکاوی (خوم) بەم ڕستەیە دەستی پێکرد.

«ألست اولی بالمؤمنين من أنفسهم» وتیان بەڵێ، فەرمووی: «**من كنت مولاه فهذا علی مولاه**» ـ ئایا لە نەفسی موسڵمانەکان بۆیان لە پێشتر نیم، وتیان بەڵێ. فەرمووی: **هەر کەسێك من سەروەر و مەولای بم ئەمە عەلییە سەروەر و مەولایەتی**.

بەم جۆرە تا دوای وتارەکە دەستی پێکرد و پاش ئەوە لە چەندین شوێن و زەمەن و کاتدا داکۆکی لەسەر کردووە و ئاماژەی پێکردووە تا بە جوانی ئەرکی سەرشانی بەجێ هێنابێت بەڵام بەداخەوە دوای پێغەمبەر ڕیش سپیانی موسڵمان دەقەکانیان بە ئیجتیهادی خۆیان بە جۆرێکی تر شی کردەوە و ئەیانوت ئەو ڕووداوە لەبەر بەرژەوەندی ئیسلام "ئەبێت ئەنجام نەدرێت ".

زیارەتی قەبری موسوڵمانان لە ڕوانگەی سونەتەوە

زانایانی ئیسلام، لە ڕووناکی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و وتە پیرۆزەکانی پێغەمبەرەوە ڕێگەیان داوە بە زیارەتی قەبرەکان بە تایبەت قەبری پێغەمبەران و پیاو چاکان، وە کەسێك لەم چەشنە زیارەتانە بکات بە خاوەنی پاداشت و کەرامەتیان زانیوە، بەڵام وەهابیەکان بنەڕەتی زیارەتی قەبریان بە حەرام داناوە (لەبەر شێوەی حەدیسەکان و لە ناوەڕۆکیان نەکۆڵیوەتەوە) و هەر وەها سەفەر بۆ زیارەتی قەبری پیاو چاکان بە حەرام دەزانن و بانگەوازی بۆ دەکەن، ئێمە دوای ڕوون کردنەوەی بنەڕەتی زیارەت، باسی سەفەر بۆ زیارەتی پیاو چاکان ڕوون دەکەینەوە کە ئێستە لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەری:

زیارەتی قەبری پیاو چاکان کارپگەری زۆری هەیە بۆ سەر ڕەوشت و پەروەردەی مرۆڤەکان، کە لێرە دا بەشێوەیەکی زۆر کورت و بەستراوە باسی لێوە دەکەین:

تیڕوانینی ئارامگەی مرۆڤـەکان کەڕوناکی ژیانی هەموو ئەو مرۆڤـانە تیایدان کوژاوەتەوە و فەقیر و دەوڵەمەند بە هێز و بێ هێزی بۆ نیە و بە سێ پارچە قوماشێکی یەك ڕەنگەوە هەمویان تیایدا ئارامیان گرتوە، دڵ و گیانی مرۆڤـ دەلەرزێنێت و ئەگەر عەقڵێ توانای ئاموزگاری وەرگرتنی هەبێت ئەوا لە هیوا خراپەکان و چاو برسیەتی و تەنگ فکری مرۆڤەکان کەم دەکاتەوە و لە ئەم ڕێگەیەوە وانەی پەند و ئاموژگاری وەردەگرێت و لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و بە خۆی دەڵێت:

ژیانێکی شەست یان حەفتاد ساڵە کە کۆتایەکەی وون بوونە لە ژێر چەندە ها خەروار خۆڵ و خاك و ڕزین و نەمانی بە دواوەیە، بە ئەو ئەندازەیە بەهای نیە کە مرۆڤـ تەنیا ماڵ و سەروەت و ناو بۆ خۆی کۆبکاتەوە و ئەو هەموو خۆماندو کردن و ستەمە لە هاوچەشنەکانی خۆی ڕەوا بزانێت" تەماشا کردنی ئەو دەشتە تاریك و کوژاوە یە کە ڕەق ترین دڵەکان نەرم دەکات و ئاخناوترین گوێچکەکانمان دەکاتەوە و بە کوێر ترین چاوەکان (چاوی دڵ) ڕووناکی دەبەخشێ و دەبێتە هۆیی ئەوەی کە ئادەمیزاد بە ڕەفتارەکانی دا چاویکی تازە ببخشێتەوە، لە ئەو کارانەی کە پێی سپێردراوە لە لایان خوداوە و لەلایەن خەڵکی دەوروبەریەوە و ئەو کارانەی کە کۆمەڵگا پێی سپاردوە بیری لێ بکاتەوە و هەست بە لێپرسینەوە بکات لە بەرامبەریدا و لە خۆ پەرەستیەکانی خۆی کەم دەکاتەوە.

پێغەمبەری ئازیز (صلی الله علیه و اله وسلم) لەم حەدیسە دا بە ئەم باسە ئاماژە دەکات و دەفەرمێت:

«زوروا القبور، فانها تذکرکم الاخره... ».

«قەبرەکان زیارەت بکەن چونکە زیارەتی قەبرەکان ڕۆژی دوایتان بیر دەخاتەوە».

لە کاتێکدا کەڕاستی زیارەتی قەبرەکان بەشێوەیەك ڕوون و ئاشکرایە زۆر پێویستی

به بەڵگە هێنانەوە نیە بەڵام ئەم خەڵکە زۆر بە گرانی و قورسی باوەڕ بە ڕاستی یەکان دەکەن هەندێك لە بەڵگەکان ڕوون دەکەینەوە کە لە وەرز نامەی داهاتوو دا باسیان لێوە دەکەین.

وتە پیرۆزەکان سەبارەت بە زیارەتی قەبرستان

لە وتە پیرۆزەکان کە نوسەری سەحاحەکان و سونەنەکان گێڕاویانەتەوە تیدەگەین کە پێغەمبەری خۆشەویست بە هۆکارانێکی کاتی زیارەتی قەبری قەدەغە کردوە و لە دوای چەن ماوەیەك ڕێگەی داوەتەوە بە خەڵك کە زیارەتی قەبرستانەکان بکەن.

لە وانەیە هۆکاری قەدەغە کردنە کە ئەوە بێت کە زۆربەی مردوی قەبرستانەکان موشریك و بت پەرەست بوبن یان لە وانەیە هۆکاری قەدەغە کردنە کە شتێکی تر بوو بێت یان موسوڵمانەکان لە ئەو کاتە دا لە سەر قەبران مردوەکانیان لاواندبێتەوە و قسەی بێتام و بیٚ مەفهوم،و دور لە ئە دەبیٚ ئیسلامی کردبێت، بەڵام لە دوای گەورە بونی ئیسلام و ڕیشك داکوتانی لە ناو دڵەکان دا و تێگەیشتنی خەڵك لە زۆر بەی حوکمەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەم قەدەغە کردنە هەڵ گیرا بێت.

پێغەمبەری خۆشەویست بە هۆی ئەوەی کە زیارەتی قەبرەکان سودی زۆر پەروەردەیی و تەربیەتی هەیە ئەوا فەرموی زیارەتی قەبرەکان بکەن.

خاوەنی صحاح و سونەنەکان ئاوا حەدیسەکان دەگوێزنەوە و دەڵێن:

١ **«کنتُ نهیتکم عن زیاره القبور فزوروها فانها تزهد فی الدنیا و تذکر الاخره»**.

من قەدەغەم کردوە لە ئێوە کە زیارەتی قەبرەکان بکەن بەڵام لە ئە مڕۆ بە دواوە قەبرەکان زیارەت بکەن چونکە مرۆڤـ وا لیٚ دەکات زۆر بە دونیاوە نەچەسپیٚ، (زهد) و

بیر خستەوەی کێشەی ڕۆژی دوایی.

هەر لەبەر ئەوە بوو کە پێغەمبەری خۆشەویست، قەبری دایکی زیارەت کرد و بە خەڵکی دەفەرموو:

٢_ قەبرەکان زیارەت بکەن چونکە بیر خستنەوەیە بۆ ڕۆژی دوایی. لە خوارەوە مەتنی حەدیسیە کە دینین:

«زار النبی قبر امه فبکی و ابکی من حوله... استاذنت ربی فی ان ازور قبرها فاذن لی فزوروا القبور فانها تذکرکم الموت».

پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) قەبری دایکی زیارەت کردوو دەستی بە گریان کرد و ئەوکەسانەی کە لەگەڵیّ دا بوون دەستیان کرد بە گریان... و فەرمووی: داوای مۆڵەتی زیارەتی قەبری دایکمم لە خودا کرد ئەویش مۆلەتی پیّ دام و بەئێوەش دەڵیم قەبرەکان زیارەت بکەن چونکە زیارەت کردنی قەبرەکان خودامان بیر دەخاتەوە.

٤ عائشە دەیگوت کە رەسوڵی خودا زیارەتی قەبرەکانی ئازاد کرد.

«ان رسول الله رخص فی زیاره القبور»

پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه و اله وسلم) زیارەتی قەبرەستانی ئازاد کرد.

٥ عایشە دەڵێت: پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه و اله وسلم) زیارەتی قەبرەکانی بە من فیر کرد «بە چ ئەدەب و ڕێزێکەوە قەبرەکان زیارەت بکەم» کە لە خوارەوە حەدیسەکەی دینین:

«فامرنی ربی اتی البقیع فاستغفر لهم قلت کیف اقول: یا رسول الله قانی قولی: السلام علی اهل الدیار من المومنین و المسلمین یرحم الله المستقدمین منا و المستاخرین و ان شاء الله بکم لاحقون».

«پەروەردگارم فەرمانی پێ کردوم کە برۆم بۆ بەقیع و دوعا ونزا بکەم بۆ مردوانی بەقیع «عایشە» وتی: چۆن و چی بڵێم: فەرموی بڵێ «سڵاو لە خەڵکی ئەم جێگەیە لە موسوڵمانان و ئیمان داران، خودای گەورە رەحم بکات بە ئەوانەی کە لە پێشەوە رۆشتون و ئەوانەی کە ماون بە یارمەتی خودای گەورە بە ئەم زوانە دێین بۆ لای ئێوە».

٦ لە چە ندین وتەی پیرۆزی پێغەمبەردا هاتوە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) هانی موسوڵمانانی داووە کە قەبرەکان زیارەت بکەن ئەوا هەندێك لە ئە وو وتانەی پێغەمبەری خۆشەویستمان (صلی الله علیه و اله وسلم) سەبارەت بە زیارەتی قەبر باس دەکەین:

«السلام علیَکم دار قوم مومنین و انا و ایاکم متواعدون غدا و مواکلون و انا ان شاء الله بکم لا حقون اللهم اغفر لاهل بقیع الغرقد».

لە حەدیسێکی تر دا ناوە رۆکی ووتەکانی زیارەتی قەبرسان بە جۆرێکی تر دێت کە دەفەرمێت:

«السلام علیکم اهل الدیار من المومنین و المسلمین و انا انشاء الله بکم لاحقون انتم لنا فرط و نحن لکم تبع اسئل الله العافیه لنا و لکم».

هەر وە ها حەدیسی سییەم بەشێوەیەکی تر نە قڵ کراوە:

«السلام علیَکم دار قوم مومنین و انشاء الله بکم لاحقون».

لە حەدیسەکەی عایشە ئەوە وەردەگیرێت کە پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) هەموو شەوێك لە کۆتایی شەودا دەڕۆیشت بۆ بەقیع و دەی فەرموو:

«السلام علیکم دار قوم مومنین و اتاکم ما توعدون، غدا موجلون و انا ان شاء الله بکم لاحقون اللهم اغفر لاهل بقیع الغرقد».

له حەدیسێکی تر دا هاتوە کە پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه و اله وسلم) بە کۆمەڵ یارانی خۆیی دەبرد بۆ سەر قەبران و فێری دەکردن کە چۆن مردوەکان زیارەت بکەن:

«کان رسول الله یعلمهم اذا خرجوا الی المقابر فکان قائلهم یقول: السلام علی اهل الدیار (یان دەڵێت) السلام علیکم اهل الدیار من المومنین و المسلمین و انا انشاء الله لاحقون اسئل الله لنا و لکم العلفیه... »

قورئان و زیارەتی قەبرەکان

قورئانی پیرۆز زۆر بە ڕوونی دەستور و فەرمان دەدات بە پێغەمبەر کە هیچ کات نابێت لە سەرتەرمی دوو ڕوەکان (منافق) نوێژ بکات و لە سەر قەبرەکانیان بوەستێت چونکە دەفەرمێت:

«و لا تصل علی احد منهم مات ابدا و لا تقم علی قبره انهم کفروا باالله و رسوله و ماتو وهم فاسقین».

هیچ کات نوێژ لە سەر تەرمی دوڕوەکان مەخوێنە و لە سەر قەبرەکانیان (داوای لێ بوردنیان بۆ مەکە) مەوەستە ئەوان کوفریان کردوە بە خوداو پێغەمبەر و مردن، ئەوان فاسق و خراپە کارن».

لە ئەم ئایەتە دا بۆ ڕوخاندنی کەسایەتی دوو ڕوەکان و بە گوێ ڕاکێشیانی کەسەکانی ئەو حیزبە فەرمان دەدات بە پێغەمبەری خودا کە نابێت:

١. نابێت لە سەر تەرمی هیچ کامیان نوێژ بخوێنێت.

٢. نابێت لە سەر قەبری هیچ کامیان بۆستی و ئەم ڕاستیەی بە ڕستەی «و لا تقم علی قبره» فەرمووە.

ئەوەی کە خودای گەورە دەفەرمێت لەگەڵ دوو ڕوەکان دا نابێت ئەو دوو کارە ئەنجام بدرێت، ناوەڕۆکەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دوو ئیشە بوو موسوڵمانان زۆر کارێکی باش و پڕ بەرەکەتە.

ئێستە ئەبێت بزانین کە مەبەست لە «و لا تقم علی قبره» چیە؟ ئایا مەبەست تەنها لە کاتی شاردنەوەی (دەفن) ی دوو ڕوەکانە یان بەتەواوەتەی نەهی لە ڕاوەستان لە سەریان دەکات یان بە پێچەوانە سەبارەت بە موسوڵمانان (مومنان) کارێکی باش و پڕ بایەخە؟ یان مەبەست کاتی شاردنەوە و هەموو کاتەکانی ترپیشە دوای شاردنەوەی مردوەکان؟

هەندێك لە لێکدەرەوەکان (مفسرین) ئەم ئایەتە بەس بۆ کاتی شاردنەوە لێك دەدەنەوە بەڵام هەندێکی تر وەکو (بیضاوی) و کەسانێکی تر بە چاویکی ڕوون تر ئەم ئایەتە لێکدەدەنەوە و دەڵێن مەبەستی «ولا تقم علی قبره للدفن او الزیاره» .

ورد بینی لە ناوە ڕۆکی ئایەتە کە مانایەکی بەرفراوان تر دەبەخشێت وەکو وەستان لە کاتی شاردنەوەی مردوو یان لە دوای شاردنەوەی لە قەبرەکە دا.

کە واتە کۆی ناوەڕۆکی ئایەتەکە دوو ڕستە دروست دەکات ئەویش:

١ «**لا تصل علی احد منهم مات ابدا**».

کەواتە وشەی «احد» بە حوکمی هاتنی لە ناوو ئایەتەکەدا «تفیذ العموم و الا استغراق لجمیع الافراد» مەبەستی نەهی دەگەیەنێت بۆ هەموو ئەو کەسانە، و ووشەی «ابدا» ماناکەی بۆ نەهی زەمەنیە (کاتی) و مانای ئایەتە کە دەبێت بە «لە سەر تەرمی هیچ کەس لە دوو ڕوەکان هیچ کات نوێژ مەکە».

لەگەڵ تێبینی ئەو دوو ووشە دا بە ڕوونی مەبەستی ڕستەکە دەردەکەوێت کە بە تایبەتی نوێژ بە سەر مردووەوە نیە، تەنها یەك جار نەبێت، ئەویش پێش شاردنەوەی، کە واتە دوبارە نابێتەوە، ئەگەر مەبەستی ڕستە تایبەتە کە تەنیا نوێژی مردوو بوایە ئەوا وشەی «ابدا»ی نەدەهینایەوە بڕوا وایە کە وشەی «ابدا» بە مەبەستی «تاکە کەسیە» و پێویست نەبووە، کەواتە ڕستەی «لا تصل علی احد» مانایەکی گەورەتر و بەر فراوان تر دەبەخشێت ئیتر پێویستی نەدەکرد جارێکی تر ڕوونی بکردایەوە.

لە وانەش بە دەر ووشەی «ابدا» لە زمانی عەرەبدا بۆ درێژایی و قولایی کاتە «استغراق الزمان»نە بۆ تاکە کەسێك «و لاتنکحوا ازواجە من بعدە ابدا» کەواتە ناوەڕۆکی ڕستەی یەکەم ئەوەیە کە هیچ کات بۆ هیچکام لە مونافیقەکان داوای ڕەحمەت و لێ خۆش بوون مەکە بە نوێژ خۆیندن بێت یان بە هەر کارێکی تر.

٢ «لا تقم علی قبرە»

کە واتە تێگەیشتین لە ئەو ئایەتە لەگەڵ تێبینی لە ئەوەی کە «معطوف»ە لە سەر ڕستەی پێشوو بە ئەو جۆرەیە:

«ولا تقم علی قبر احداً منهم ابدا» هەرگیز لە سەر قەبری هیچ کەسێکیان مەوەستە، هەر حوکمێك بۆ «معطوف علیە» دەبێت ئەوا دەبێت بۆ «ابدا» حوکمیش دەکات بۆ «معطوف»ە کە دوبارە. هەر لە ئەو کاتە دا نابێت بڵێین مەبەست لەوەستان «قیام» لە سەر قەبرەکانیان تەنها لە کاتی شاردنەوە یان (دفن) دابێت، چونکە واجبە وستان دوبارە ئەبێتەوە لە کاتی دفن و شاردنەوە یان دا، و ووشەی «ابدا» لێرە دا «المقدرە» لە ڕستەی دوەم دا مانای دوبارە بونەی ئەو کارە دەبە خشێ، کە واتە ئەوە دەبێت بە بەڵگە بۆ

دوباره بونەوەی وەستان بە سەر قەبرەوە و تایبەت نیە بە کاتی شاردنەوەی مردوە کە، کەواتە دوباره بونەوەی وەستان بە سەر قەبری دوو ڕوەکانەوە حەرامە و بۆ موسوڵمانان، دەبێت و «جایزە» کە واتە مانای ئایەتەکە بەو جۆرە دەبێت:

خودای گەورە ڕێگری لە پێغەمبەرەکەی دەکات کە بە هیچ شێوەیەك داوای لێ خۆش بون بۆ دوو ڕوەکان نەکات، ئەگەر بە نزا و پاڕانەوە بێت یان بەشێوەی وەستان لە سەر قەبرەکانیان بۆ داوای لێ خۆشبون لە خودای گەورە بۆیان لە کاتی شاردنەوە یان دا بێت یان لە دوای بە خاك سپاردنیان کە واتە ئەوەی بۆ دوو ڕوەکان خودای گەورە ڕێگری لێ دەکات، بۆ موسوڵمانان دەبێت و خودای گەورە پێی خۆشە.

لێرەوە دەردەکەوێت زیارەتی قەبرسانی موسوڵمانان دەبێت و دەتوانرێت زیارەتیان بکەرێت و دوعای خەیریان بۆ بکەین ئەگەر لە دوای سالانێکی زۆریش بێت.

ئەو لێکدانەوەی یەکەم بوو لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزەوە بەڵام دووەمیان لە ڕوانگەی وتە پیرۆزەکانەوەیە.

چۆن خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) لە دڵی منداڵەکەم دا بڕوێنم

لە ڕاستی دا خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) بنچینەیەکە لە بنچینەکانی ئیسلام و بەشێکی گرنگیەتی، باوەڕی مرۆڤ دامەزراو نابێت گەر دور بێت لە خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) و ئەهل و بەیتی(س) هەروەها ڕێگە بە موسوڵمانان نەدراوە کە خۆی لێ گێل بکات و ناگونجێت موسوڵمان دوو دڵ بێت لە موسوڵمانیەکەی دا یان لێی هەڵ بگەڕێتەوە، چونکە ئەم خۆشەویستیە دوابە دوای خۆشەویستی خودای گەورەیە، ئەمەش نێردراو و هەڵبژیردراوی خودای گەورەیە، لێرەش دا منداڵ وەکوو تاکێك لە نێو خێزان پێویستە گرنگی پێ بدرێت و بزانین ئایا چۆن خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) لە دڵی دا بڕوێنین!.

ئەم پرسیارە لە گرنگ ترین پرسیارەکانە کە پێویستە بەخێوکەر و دایك و باوك لە خۆیان پرسیار بکەن و شارەزایی هونەری جێ بەجێ کردنی بن و هەموو توانایی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ گەیشتن بە ئەم مەبەستە و ڕواندنی خوئشەویستی پێغەمبەر (د.خ) لە دڵی مندالەکانیان و هەمووان دا.

هەر بە هۆی ئەم پرسیارەوە پێمان باشە ئاماژە بە چەند تێبینیەکی گرنگ بکەین :

یەکەم :

جێگە و پایەی خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) لە شەریعەتی ئیسلام دا!

ئیمامی بوخاری لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموی : ﴿ ثالث من کن فیه وجد صلاوه الایمان ان یکون الله و رسوله احب الیه مما سواهما.... ﴾.

واتە سێ خەسڵەت هەن هەر کەس تیایدا بێت، شیرینی ایمانی چەشتوە، خودا و پێغەمبەری خودای لا خوشەویست تر بێت لە هەموو شتێك کە خۆشی دەوێت : ئەگەر کەسێکی خۆش ویست تەنها لە بەر خوا بێت و پێی نا خۆش نەبێت بگەڕێتەوە بو بێ باوەڕی هەروەك چۆن پێی ناخۆشە کە فڕەی بدەنە ناو ئاگرەوە.

هەروەها ئیمامی بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە نەقڵ دەکات کە پێغەمبەری خودا (د.خ) فەرموی : ﴿ و الذی نفسی بیده لایومن احدکم حتی یکون احب الیه من نفسه و اهله و ماله و الناس اجمعین ﴾.

واتە: سوێند بە ئەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستەوەیە هیچ کەس لە ئێوە ئیمانی تەواو نییە تاکو من لە خۆی و کەس و کاری و هەموو خەڵکی خۆشەویست تر نەبم لە لای.

و لە سەحیحی موسلم و بوخاری هاتوە لە ئەنەسەوە گێراویانەتەوە کە نەقڵ دەکات:

پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خودا (د.خ) و ووتی : ئەی پێغەمبەری خودا کەی قیامەتە؟ پێغەمبەر (د.خ) پێی فەرموو : مرۆڤـ لەگەڵ ئەو کەسەی دا کە خۆشی دەوێت حەشر دەکرێت.

ئەنەس دەڵێت: بە هیچ شتێك دڵ خۆش نەبووین تا کۆ ئیستا بێجگە لە ئەوو، ووتەی پێغەمبەر (د.خ) کە فەرمووی مرۆڤـ لەگەڵ ئەو کەسەدا حەشر دەکرێت کە خۆشی دەوێت.

لە زۆربەی تایبەت مەندیەکانی قورئانی پیرۆز دا خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) بەستراوەتەوە بە خۆشەویستی خودای گەورە و لە ئەوانەش دەتوانین ئاماژە بکەین بە ﴿قل ان كان اباوكم و انباوكم و اخوانكم و ازواجكم و عشيرتكم و اموال افترقموها و تحاره... ﴾. توبە ٢٤.

هەروەها : ﴿قل ان كنتم تحبون الله فاتبعوني ليحبكم الله و يغفر لكم ذنوبكم و الله غفور رحيم﴾. ال عمران ٣١.

واتە: ئەگەر ئیمان دارانتان خۆش دەوێت شوێن پێغەمبەرەکەم بکەون ئەوا منیش ئێوەم خۆش دەوێت و لە گوناهەکانتان خۆش دەبم و خودا بەخشندە و میهرەبانە.

دایك و باوکی ئازیز: بە یارمەتی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەتوانی منداڵەکەت تێبگەیەنیت لە گەورەیی خۆشەویستی پێغەمبەری خودا (د.خ) و دوابە دوای ئەم خۆشەویستیە، خۆشەویستی خودای گەورەیە و ڕونی بکەرەوە بۆ منداڵەکەت هەر وەك چون خودای گەورەی خۆش دەوێت هەر بە ئەو جۆرە دەبێت پێغەمبەرەکەشی خۆش بوێت.

دووهەم :

چۆن پێغەمبەر (د.خ) بە منداڵەکانمان بناسێنین و باسی لێوە بکەین ؟

پێویسته له سه‌ر دایك و باوك له كاتی ناساندن و باس كردنی كه‌سایه‌تی پێغه‌مبه‌ری خودا (د.خ) بۆ منداڵه‌كانیان چاودێری ئه‌م ده‌سته‌واژه‌یه بكه‌ن.

١. به ئاگا بون له باس كردنی كه‌سایه‌تی پێغه‌مبه‌ر (د.خ) هه‌ر وه‌ك چۆن خودای گه‌وره باسی كردوه له قورئاندا كه ده‌فه‌رمێت : ﴿ یا ایها النبی انا ارسلناك شاهدا و مبشرا و نذیرا و داعیا الی الله باذنه و سراجا منیرا ﴾. سراج ٤٥، ٤٦، ٤٧.

واته :

ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا (د.خ) ئێمه تۆمان به شاهید و موژده ده‌ر و ترسێنه‌ر و بانگه‌وازكار بۆ خوای گه‌وره ڕه‌وانه كردوه.

هه‌ر پێغه‌مبه‌رێك ئاگادار كه‌ره‌وه و موژده ده‌ر و چرای ڕوناكی یه بۆ هیدایه‌ت دانی هه‌موو ده‌رهێنانیان له ژوڵم و سته‌مه‌وه بۆ ڕوناكی و به‌خته‌وه‌ری.

٢. به ئاگا بوون له ده‌رخستنی لایه‌نه پێشه‌نگه‌كانی كه‌سایه‌تی پێغه‌مبه‌ر (د.خ) هه‌ر هه‌مووی پێشه‌نگه بۆ ئێمه تا چاوی لێ بكه‌ینه‌وه. جه‌خت كردنه‌وه له سه‌ر ئه‌وه‌ی هه‌ر ئه‌و نموونه و پێشه‌نگی چاوه‌ڕوانكراوه و جێی ئومێد و هیوان هه‌ر كه‌سێك كه بیه‌وێت سه‌ربه‌رزی دونیا و قیامه‌ت بێت.

٣. پێویسته وه‌ڵامی ئه‌و پرسیارانه‌ی منداڵه‌كانمان بده‌ینه‌وه كه ده‌پرسن : بۆچی پێویسته له سه‌رمان پێغه‌مبه‌رمان خۆش بوێت؟ به وته‌ی جوان و شیرین به‌ڵگه و قه‌ناعه‌تیان بۆ دروست بكه‌ین كه پێویسته له سه‌ر هه‌موو ئیمان دارێكی ژیر و زانا و زیره‌كی صالح پێغه‌مبه‌ری خوش بوێت، چونكه ئه‌وزاته به‌ڕێزه‌یه كه هۆكاری هیدایه‌ت دانی هه‌موو خه‌ڵكی بووه بۆ ڕێگه‌ی ڕاست و دروستی ئیسلام كه ئه‌مه‌ش به فه‌زڵی خودای گه‌وره‌یه.

٤. جەخت کردنەوە لە سەر فەزڵی بەرز و بەڕێزی و شوێنی پێغەمبەر (د.خ) لای خودای گەورە. هەروەها پلە و پایەی لە بەهەشت دا و ڕون کردنەوە و باس کردنی ئەو فەرموودە پیرۆزە کە لە سەحیحی موسلیم و بوخاری دا هاتوە کە دەفەرمێت : بە حەوت شت فەزڵی من دراوە بەر سەر پێغەمبەرانی پێشتر لە من و یەکێك لە ئەوانە زمان پارێزیە.

٥. باس کردنی شایەتی و موژدەی پێغەمبەرانی پێشوو بۆ پێغەمبەری خودا (د.خ) و خۆشەویستی و پێشوازیان لێی لە ڕوداوی ئیسرا و معراج دا، و هەر ئەو پێغەمبەری کۆتاییانە و شەریعەتەکەی هەموو شەریعەتەکانی پێش خۆی هەڵوەشاندوەتەوە و خەیر و بەرەکەتی بۆ هەمووان هێناوە و لە پەیامەکانی ئەوانیش دا هاتوە.

هەر وەها جەخت کردنەوە لە سەر واتا و مەبەستی شوێن کەوتنی و بە ئسولێکی ئاسان باسی بیدعەت و داهێنراوەکانی بۆ ڕوون بکرێتەوە و گرنگی و بایەخ شوێن کەوتنی بەردەوام دوبارە بکەینەوە.

سێیەم :

هەندێك ئامرازی ئاسان بۆ چاندنی خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) لە دەرونی منداڵەکانمان دا :

١. گێڕانەوەی چیرۆکی موعجیزەکانی پێغەمبەر (د.خ).

٢. گێڕانەوەی ڕوشتە بەرز و گەورەکانی لە سەر خستن و پشتگیری کردنی داماو و چەوساوە و ستەم لێ کراوەکان و سۆز و بەزەیی بەرامبەر بە هەتیوو و هەژارەکان.

٣. باسی ئەوە بکەین بۆ منداڵەکان کە پێغەمبەر (د.خ) لە ڕۆژی دوایی دا شەفاعەت بۆ ئەمەتەکەی دەکات و خوای گەورە شەفاعەتەکەی و دوعاکەی لێ وەر دەگرێت.

٤. باس و بە سەر هاتی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (د.خ) بۆ منداڵەکانمان بکەین،

که چۆن و به چ شێوەیەك گیان فیدا و له سەر پێ بوون له پێناوو پێغەمبەری خودا دا.

٥. منداڵەکانمان فێری سونەتی پێغەمبەر (د.خ) بکەین و له بەری بکەن و پێیان بگوترێت که له بەر کردن و وتنەوەی ئەم فەرمودە و سونەتە پیرۆزانە له شەیتان و مرۆڤ و جنۆکە دەیان پارێزێت.

٦. له شێوەی کردار و ڕەفتاری خۆمان (واتە دایکان و باوکان) فێریان بکەین و پیشانیان بدەین که دەست به سونەتی پێغەمبەری خودا (د.خ) دەگرین و شوێن کەوتوی ئەوین و به ئاگاین له ورد و درز، که ئەمە کاریگەریەکی زۆر به هێزی دەبێت له سەر پەروەردە کردنی منداڵەکان

چوارەم :

هەندێك تێبینی گرنگ له کاتی جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە:

١. هەوڵ دان بۆ به قەناعەت گەیاندنی منداڵەکان به بەکار هێنانی ئسلوب گفت و گۆ و پرسیار و وەڵام دوور له ئسلوبی تەنها قسە کردن و گوێ نەگرتن له بەرامبەرەکەت.

٢. به کار هێنانی ئسلوبی تامەزرۆیی و حەزلێکردن ئەمەش به لێ زانینی چۆنیەتی گێڕاننەوەی بەسەرهاتەکان.

جگە له ئەمەش پێویستە له کاتی له بەر کردنی فەرموودە و سوننەتەکان دا دیاری و خەڵاتی تایبەت پێشکەش به منداڵەکان بکرێت.

سرنج دان له ڕازی کردنی پێغەمبەری خودا و باس کردن له سەر ئەنجامی ئەم ڕازی کردنە، و گەیشتن به پێغەمبەری خودا (د.خ) له ڕۆژی دواییدا، کاتێك ئەو پێغەمبەری خودای خۆش بوێت ئەویش له ئەو ڕۆژە دا پێشوازی لێوە دەکات و له ئاوی حەوزی کەوسەری پێ دەبەخشێت.

خۆ ڕاگری لە عاشورای حوسەینی ع

لە ڕوداوی دڵ تەزێنی کەربەلا، جوان ترین دیمەنی خۆڕاگری و ڕاوەستان لە ڕێگای بڕواو خۆڕاگری بەرامبەر بە کێشەی خەبات نیگار کێشی کراوە و بوەتە هۆی مانەوە و هەتا هەتایی ئەو حەماسە و سەرکەوتنی ئەو گروپە کەمە بە سەر دوژمنانی زۆریان، هەر بە ئەو جۆرەیی کە قورئانی پیرۆز دەفەرمێت : ﴿ کم من فئه قلیله غلبت فئه کثیره باذن الله و الله مع الصابرین ﴾. بقره ئایەی ٢٥٩.

و سەروەری بڕواداران (د.خ) فەرمووی : خۆڕاگری کارەسات و لێ قەوماوی سەخت و قورس ئاسان دەکات.

لە حەماسەی عاشورا دا خۆڕاگری هەم لە دروشم و گوتارەکان و هەروەها لە کردەوەکانیان دا دیارە, هەروەها لە کەسایەتی سەروەری شەهیدان لە عیترەت و هەڤاڵە

وەفادارەکانی ئیمام حوسەین(س) ئەو کاتێك کە ویستی لە مەکە بەرەو عێراق و کوفە بچێتە دەرەوە وتارێکی پێشکەش کرد کە لە وێرای ئەوە دا هاتوە :

ڕەزامەندی بنەماڵەی ئێمە، ڕەزامەندی خودای گەورەیە لە سەر بەڵا و کۆسپەکانی خۆڕاگرین ئەویش پاداشتی خۆڕاگرتنمان پێ دەبەخشێت. لە یەکێك لە مەنزڵەکانی نێوەی ڕێگا دا سرنجی هاوڕێکانی ڕاکێشا بۆ سەختی ڕێگا پێشوازی کردن لە نەیزە و شمشێر و پێویستی عاشورا بە پیاوانی ئازا ،بەهەڵمەت و خۆڕاگری لە بەرامبەر بە مردن و شەهید بوون و فەرمووی : ئەی خەڵکینە هەر کام لە ئێوە کە ئەتوانێت برامبەر بە تیژی شمشێر و برینداری و زەختی نەیزەی دوژمن ڕاوەستێت با لەگەڵ ئێمەدا بمێنێتەوە ئەگینا با بگەڕێتەوە.

هاوڕێکانی هەر بە ئەو جۆرە بوون کە ئەو ئەیویست لە گۆرەپانی خۆڕاگری و تینویەتی و کەمی هێز و گەمارۆ و هێرشی دوژمن و شەهید بوون ڕاوەستاون و لە خۆشحالی دا لە نێو پێستی خۆیان جێگەیان نەدەبویەوە.

هەتا ئەو ڕادەیە کە برێکیان لە ڕۆژی عاشورا دا گاڵتەیان دەکرد و دەیانگوت نێوان ئێمە و بەهەشت تەنها چەند کاتژمێرێك شەڕ و پێکدادان و خۆڕاگری بەرامبەر بە هێزی شمشێر و نەیزەیە و دوای ئەوە بەهەشتی هەتا هەتاییە ئیمامی حوسەینیش ئەوانی بە ئەو شێوەیە پەروەردە کرد بوو کە ڕاوەستانیان بە پردی بەهەشت ئەزانی لە ڕۆژی عاشورا دا بە ئەم شێوەیە ئاگاداری کردن.

خۆڕاگری! ئەی پیاوە گەورەکان چونکوو تەنها پردێکە کە ئێوە لە ڕەنج و سەختی ڕزگار ئەکات و بەرەو بەهەشتی پان و پۆڕ لە نیعمەتە نەبڕاوەکانی دەگەیەنێت، تەنانەت دەرسی خۆڕاگری بە بنەماڵەکەی خۆی ئەدا و ئەوانی بەرامبەر بە شەهید بووی خۆی بانگێشت ئەکرد بۆ خۆڕاگری و ڕاوەستان ئیمام خۆی لە سەر داخی منداڵ و هاوڕێکانی خۆڕاگر بوو خوشکی خۆڕاگری زەینەب، خۆڕاگرانە باری ئەو حەماسە خوێنینە بە شان کێشاوە و کات بە کات ڕووداویی کەربەلا دیمەنی خۆراگری و ڕاوەستان بوو.

ئادابی برایەتی لە پێناو خودا دا

خۆشەویستان برایەتی و برادەری لە ئیسلام دا ئادابی خۆی هەیە بەڵام لەئەم سەردەمەی ئیستا دا کەم جیٚ بە جیٚ و ڕەچاو دەکرێت بۆیە زۆر جار خۆشەویستی لە نێوان دوو برادەر دا دەبێتە ناخۆشی و ڕق و کینە لە نێوانیان دا ئەگەر هەر دو برادەرەکە بە ڕاستی ئادابی برایەتی بە جیٚ بهێنن ئەوا هیچ کات لە نێوانیان دا دو بەرەکی ڕو نادات و شەیتان ناتوانێت زەفەریان پیٚ ببات، بڵام هێچ بیر و باوەڕێك بە بیٚ بونی خۆشەویستی و هاوکاری و برایەتی لە نێو هەڵگرانی دا ناتوانێت لە هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی دا هەڵ بکات جا هەر بە ئەو هۆیەوە ئائینی ئیسلامی پیرۆز زیاتر لە هەر بیر و باوەڕێك جەخت لە سەر هەبونی برایەتی و هاوکاری لە نێو موسوڵمانەکان دا دەکاتەوە و هانی ئەوەی داوە

به شێوەیەك بن كە لە نێوان یەكتری دا بنوێننەوە و لە هەموو خۆشیەك و ناخۆشیەكی ژیان دا خۆیان وەك جەستەیەك پیشان بدەن.

ئەدای برایەتی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە:

١. پێویستە لە سەر هەموو موسوڵمان كاتێك بە براكەی گەیشت پێش ئەوەی كە قسەی لە گەڵ بكات سڵاوی لێ بكات خۆ ئەگەر هاتوو پێش سڵاو كردن قسەی كرد ئەو نابێت وەڵامی بدرێتەوە هەروەك پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرمێت : ﴿ من بدا بكلام قبل السلام فلا تجیبوه حتی یبدا بالسلام. متفق علیه ﴾.

واتە هەر كەسێك دەستی كرد بە قسە كردن پێش سڵاو كردن جوابی مەدەنەوە تا ئەو كاتەی كە بە سڵاو كردن دەست پێ بكات.

٢. كاتێك كە نەخۆش بوو پێویستە بچێت بۆ لای و سەردانی بكات و دوعا و نزای چاك بونەوەی بۆ بكات و ئەگەر بۆی كرا لە گەڵی دا بچێت بۆ نەخۆش خانە، چونكە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمێت : ﴿ عودو المریض ﴾.

واتە سەردانی نەخۆش بكە. هەروەها دەفەرمێت : ﴿ حق المسلم علی مسلم خمسه، رد السلام، عیاده المریض..... ﴾.

واتە : مافی موسوڵمان لە سەر موسوڵمان پێنج شتە لە وانە وەڵام دانەوەی سڵاو، سەردانی نەخۆش.

٣. كاتێك برایەكت سوێندی خوارد لە سەر شتێكی حەڵاڵ بە قسەی بكە و سوێندەكەی مەشكێنە، یەكێك لە سەحابەكانی ڕەسولی خودا دەفەرمێت : ﴿ امرنا الرسول بست...... و ابروا المقسم﴾.

واتە : پێغەمبەری خودا (د.خ) فەرمانی پیّ کردوین بە شەش شت..... بە جیّ هێنانی سوێند.

٤. کاتێك براکەت ئامۆژگاری کردی گوێی بۆ بگرە و خۆت بە زل مەزانە و پێت ناخۆش نەبێت چونکە ئاینی بەرزی ئیسلام بریتیە لە ئامۆژگاری و دڵسۆزی بەرانبەر یەکتر هەروەکە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمێت : ﴿ الدين النصيحه ﴾. واتە : ئایین، دڵسۆزی و ئامۆژگاریە.

٥. پێویستە موسوڵمانان ئەو شتەی کە بۆ خۆیان خۆشیان دەوێت و پێیان خۆشە بۆ براکەشیان پێیان خۆش بێت چونکە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرمێت : ﴿ لايومن احدكم حتى يحب لا فيه ما يحب نفسه﴾.

واتە : کەستان ئیمان تان بە تواوەتی دانامەزرێت تا ئەو کاتەی کە ئەو شتەی کە بۆ خۆتان پێتان خۆشە بۆ برا ئیماندارەکانتان پێتان خۆش بێت.

٦. پێویستە موسوڵمانان یارمەتی براکانیان بدەن و یارمەتی بدات و سەری خات کاتێك کە ستەمی لیّ دەکرێت و دەچەوسێنرێتەوە و کاتیّ کە ستەمی دەکرد و کاتیّ ستەمی لیّ دەکرا پیاوێك پرسیاری لیّ کرد و وتی ئە ئەگەر ستەمی کرد چۆن یارمەتی بدەین فەرمویی : مەهێلە ئەو ستەمە بکات کە باشترین یارمەتیە بۆ ئەو.

٧. دروست نییە موسوڵمان بە چاوی سوك و بیّ ڕێز و بیّ نرخەوە سەری براکەی بکات چونکە پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرمێت دروست و حەڵاڵ نییە بۆ موسوڵمان سەیری براکەی بکات، بە شێوەیەك کە نارەحەتی بکات و توشی ئازار ببێت.

٨. پێویستە موسوڵمان ڕوی خۆش بێت لە گەڵ موسوڵماناندا و دەموچاوێکی کراوەی هەبێت و بە هیچ شێوەیەك تەکەبور نەکات بە سەری دا و خۆی بە زل بزانێت چونکە پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرمیت : ﴿ لە کاری چاکە هیچ شتێك بە بیّ نرخەوە سەیر مەکە، ئەگەر ئەوەش بیت کە بە ڕویەکی کراوە ڕو بە ڕوی براکەت ببیتەوە ﴾.

هەروە ها دەفەرمێت : ﴿ بیّ گومان خودای گەورە وەحی بۆ ناردووم کە خۆتان بە کەم بگرن و لە خۆبایی مەبن هەتاکوو کەس شانازی بە سەر کەس دا نەکات.

٩. پێویسته موسوڵمان خۆی بپارێزێت له غه‌یبه‌ت کردنی براکه‌ی و له گاڵته پێ کردن و نازناوی ناشیرین و خۆی به دوور بگرێت له گومانی خراپ کردن به‌رامبه‌ر به براکه‌ی.

١٠. دروست نی یه له سه‌ێ ڕۆژ زیاتر پێکه‌وه قسه نه‌که‌ن واته تا سێ ڕۆژ بۆیان هه‌یه پێکه‌وه قسه نه‌که‌ن و له ئه‌وه زیاتر حه‌رامه و دروست نییه هه‌ر وه‌ك ئه‌وی كه پێغه‌مبه‌ری خودا (د.خ) ده‌فه‌رمێت : ﴿ دروست نییه بۆ هیچ موسوڵمانێك كه براكه‌ی نه‌دوێنێ و قسه‌ی له گه‌ڵ دا نه‌كات له سێ ڕۆژ زیاتر كه به یه‌ك ده‌گه‌ن ئه‌ویان پشت هه‌ڵ بكات.

١١. ئه‌گه‌ر برا موسوڵمانه‌كه‌ی له خۆی گه‌وره تر بوو ئه‌وا پێویسته ڕێزی لێ بگرێت و ئه‌گه‌ر له خۆی بچوك تر بوو ئه‌وا پێویسته به‌زه‌یی پیا بێته‌وه هه‌روه‌ك ئه‌وه‌ی كه پێغه‌مبه‌ری خودا (د.خ) ده‌فه‌رمێت : ﴿ له ئێمه نییه هه‌ر كه‌س ڕه‌حم به بچوكمان نه‌كات و ڕێز له گه‌وره‌مان نه‌گرێت.

١٢. پێویسته له سه‌ر موسوڵمانان یارمه‌تی براكه‌ی بدات چ یارمه‌تی دانی مادی و چ جێ به جێ كردنی كارێكی پێویست به تایبه‌ت له كاتی لێ قه‌موان و گرفتاری دا.

١٣. هیچ موسوڵمانێك نابێت كه كه‌سێك توڕه‌ی كرد جنێوی پێ بدات و ده‌بێت ئه‌ویش بزانێن كه جنێو دان به موسوڵمان به هیچ شێوه‌یه‌ك دروست نییه.

١٤. هه‌روه‌ها دروست نییه موسوڵمانان گاڵته و یاریه‌كی زۆر له گه‌ڵ براكه‌ی دا بكات چونكه پێغه‌مبه‌ر (د.خ) ده‌فه‌رمێت : ده‌مه قالی و گاڵته و گه‌مه و ده‌ست بازی له گه‌ڵ براكه‌ت دا مه‌كه. (مه‌به‌ست له برا برای موسوڵمانه).

ئیمامی حوسەین سەروەر و سالاری شەهیدانی جیهان

ئەم مانگە مانگی شەهید بوونی کەسایەتیەکی کۆڵ نەدەر و خۆڕاگرە کە ئامانج و ڕێگای ئەو هەموو کات لە مێژوو دا بەردەوامە.

چرۆکان دەپشکوێنی و نەمامە تینوە کان تێر ئاو دەکات ئەو مامۆستای گەورەی مرۆڤایەتیە و شەهادەت خوازی حوسەینی کوڕی عەلیە .

العبیدی موفتی شاری موصل دەڵێت کارەساتی کەربەلا لە مێژووی مرۆڤایەتی دا ڕوداوێکی هەر وەکوو چۆن سەبەب کارانیشی دەگمەنن، حوسەین کوڕی عەلی(س) نەریەتی بەرگری لە مافی چەوساوەکان و بەرژەوەندی گشتی بە ئەرکی خۆی بینی و لە ئەم بوارە دا هیچ کات سستی نەکرد، ئەو ژیان و مافی خۆی لە قوربانگای کەربەلا دا فیدا

کرد و له بەر ئەوەی له لای کردگاری به سەروەری شەهیدان حەسابی بۆ دەکرێت و له مێژوو دا وەك پێشەوای چاك سازی خواز ناوی دەبیرێت.

سەیەد ئیدریسی حوسەینی له وڵاتی مەغرب دەڵێت : ڕۆژێك یەكێك له نزیكەكانم پرسیاری لێ كردم: چی وا دەكات پەیڕەوی قوتابخانەی ئەهلی بەیتی بی؟

وتم : ئیمامی حوسەین(س) و کارەساتی دڵ تەزێنی شەهید بونی ئەوو له ڕۆژی عاشورا دا (دیەمی مانگی محرم الحرام) چونکه دیمەنه دڵ تەزێنەکەی ئەو ڕۆژە و تاوانکارییەکانی دژی ئیمام و ماڵباتی ناتوانێت ئەنجامی بیر و فکری درووست و بێگەرد بێ، خوێنی پاکی ئەهلی بەیتی پێغەمبەر (د.خ) که له سەر وردەزیخەکانی دەشتی کەربەلا ڕژاوە، خوێنی ئاسایی نییە بەڵکوو ئەو خوێنه خوینی باشترین و شەریف ترین کەس بوو که پێغەمبەر (د.خ) هەندێك جار سەبارەت به ئەوەوە ڕایسپاردبووە، هەرگیز ئەوها کەسێك نەیدەتوانی له ڕێگەی باتڵ و ناحەق دا بێت و بکوژانی ئەو له سەر حەق بن.

ئیمامی حوسەین(س) وەك باوكی عەلی(س) له ستەم لێكراو ترین کەسانی مێژوون، ئەمڕۆ که زیاتر له هەر کاتێك باسی ئیمامی حوسەین و کارەساتی دڵ تەزێنی عاشورا دەکرێت ئەمه سرنج دانەوە له ئەو شوێنەوە سەرچاوە دگرێت که مرۆڤەکان هەموو کات له نەبونی دادوەری و ئازادی و دەسەڵاتی ستەم و ڕیاکاری له ئازار دا بوون.

ئیمامی حوسەین(س) هێمای خەبات دژی ستەم و چەوساندنەوەیە و ئاڵای دادخوازی و پێشەنگی ئازادی و ڕزگاریە، گێڕانەوەی ڕووداوەکانی عاشورا ئەم مرۆڤانەی که خۆیان به ستەم گرتوە و ڕیاکارانه به ڕەسمی ناسیوە، بۆ رزگاری دەخاتە جوڵەوە. له ڕاستی دا خوێندنەوەی ئازار و ڕەنجی ئەو کەسایەتیە مەزڵومەی که پاك و گەورە ژیاوە سەرەوەی بیر ئازادانی جیهانە، وا دەکات که دەنگی حەق خوازی چەوساوەکان بەرزتر بێ و کۆشکی

مل هوران بخاته لەرزین.

ئیمامی حوسەین(س) ئەو کەسایەتیە گەورە و مێژوو سازەی ئیسلام نزیکەی ٥٧ ساڵ لە ئەم جیهانە دا ژیانی بە سەر بردوە و شەش ساڵ لە ژێر سێبەری موبارەکی ڕەسوڵی خودا (د.خ) لە مەدینە و ٣٠ ساڵ لەگەڵ باوکی ئیمامی عەلی(س) لە هەوراز و نشیوەکانی ئومەتی ئیسلامی دا هاوڕێ بووە و ماوەی ١٠ ساڵ خۆی خۆری پڕتیشکی هیدایەت و ئیمامەتی ئومەت بوو، لە بیر و باوەڕی ئیمامی حوسەین دا ژیان لە سەر بنەمای سەروەری و کەرامەتی مرۆڤی پڕمانا و جوانە و مەبەستی ژیان کە دیاری کردگاری گەیشتنە بە تەعالی و کەماله.

هەڵبەت گرنگترین ئامرازی هەنگاو نان لە ئەم ڕێگایە دا پتەو کردنی دادوەری و ئازادیە.

دادوەری وبیری ئازادی بۆکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەمانای ئوکسیجینە بۆمرۆڤ، بێ ئەوە ژیان ناکرێت و مانای نییە.

ئیمامی حوسەین(س) بۆ ئەوی کە خەڵك بۆ کاری چارە نوس ساز هان بدات و کۆمەڵگا بۆ جێگیر کردنی دادوەری بخاتە جوڵەوە گەیشتن بە ژیانی ئەبەدیە و مردن بە سەربەرزی بە بەختیاری ناو دەبات.

ئیمامی حوسەین هێمای شەهادەت خوازیە و عەشق و ئەوینی خودا و رزگاری مرۆڤ لە ناخی دایە و شەپۆلی دەدا کە لە ڕۆژی عاشورا دا گۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ دوژمن بە پێچەوانەی جەنایەتەکانی ئەمەویان، کردبووە نوسینگەی هونەرمەندی و گیان بەخت کردن، لە ڕۆژی عاشورا دوای ئەوەی کە هەموو هاوڕێیانی شەهید بوون ئیمامی حوسەین(س) شوێنێکی وەك ناوەندی هێرش و هەڵمەت هەڵبژارد لە ئەوەی دا ڕاوەستا و

هەر لە ئەو شوینەوە هێرشی بردە سەر دوژمن، لە هەمووان ئازا تر بوو و بۆ هەر لایەك کە هێرشی دەبرد کەس نەیدەوێرا بە تەنها لەگەڵی دا شەڕ بکات.

ئیمامی حوسەین(س) کاتێك کە تیر لە سەر سێنگی نیشت و بریندار بوو ڕوی کردە ئاسمانەوە و ووتی : خودایە تو دەزانی کە ئەم جێشە، کەسێك دەکوژێت کە تەنها کوڕی کچی پێغەمبەر لە سەر زەویە.

ماوەیەك جەستەی نیوە گیانی ئەو حەزرەتە لە سەر خاك بوو، کەس نیدەوێرا لێی نزیك ببێتەوە هلال بن نافع دەڵێت : سویند بە خودا هەرگیز کوژراوێکی شەلالی خوێنم باشتر و جوانتر لە ئەو نەبینی بوو.

ئاماژەیەکی کورت بە ئیمام زادەکان و سەیدەکانی کوردستان

ئیمام زادەکانی کوردستان بریتین لە :

١. ئیمام زادە ئیسماعیل محدس : بە ڕیوایەتێك لە کازمەین نێژراوە. بەڵام بەنا بە بیر و ڕای زانایانی کورد، لە ئسپریز یەکێك لە گوندەکانی هەورامان نێژراوە.

٢. ئیمام زادە عبید اللە: بەناو بانگە بە (کۆسەی هەجێج)، نێژراوە لە هەجێج کە یەکێك لە گوندەکانی هەورامانە.

٣. ئیمام زادە حەمزە، بە ناوبانگە بە (حەمزە نجار) نێژراوە لە گوندی نجار لە هەورامانات، بەڵام هەندێك بیر و ڕایان وایە کەلە تەکیەیەك لە گوندی قەرەداغ سەر بە کوردستانی عێراق نێژراوە، لە نەوە و نەتیجەی ئەم گەورە پیاوە کەسانێکی بەناوبانگ

هەنگاویان هەڵناوە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین وەکوو : خرپانی مامۆستای زانایانی شهرزور، شێخی جامی تەکیەای، یوسف اصم، شێخ علی ملا، شێخ بابا علی و شێخ نوری کوڕی شیخ بابا علی.

٤. ئیمام زادە محمد نێژراوە لە کەرکوك.

٥. ئیمام زادە ئەحمەد نێژراوە لە گوندی ئەحمەد برندە سەر بە شاری دەربەندیخان لە کوردوستانی عێراق.

٦. ئیمام زادە قاسم نێژراوە لە مزگەوتێك بەناوبانگە بە مزگەوتی ئیمامی قاسم سەر بە شاری کر ابراهیم، بە ڕیوایەتێك هەمان کەسە کە لە ناحیەی کفری ناسراوە بە ابراهیم سمین.

٧. ئیمام زادە هاجر خاتون، خوشکی حەزرەتی مەعسومە(س) لە قم و ئیمام ڕەزا لە شاری خوراسان, نێژراوە لە بیدایەتی کۆلانی ناسراو بە سەترپولە لە شاری سنە.

ئیمام زادەکانی سەرتپوکە کە بەشێکی تر لە نەتەوەی ئیمامانی ئەهلی بەیت(س) لە کوردوستان نێژراون کە هەندێکیان بریتین لە:

١. ئیمام زادە پیر عمر، ناسراو بە پیرومە کە بە سێ پشت دەگاتە ئیمام زین العابدین کە نێژراوە لە شاری سنە.

٢. ئیمام زادە پیر محەمەد، کوڕی ئیمام زادە پیر عمر نێژراوە لە بەشی خۆر هەڵاتی شاری سنە.

ساداتی شافعی مەزهەبی حەسەنی و حوسەینی کوردستان

بێجگە لە ئەو ئیمام زادانەی کە لە کوردستان و ئەو ناحیە کورد نشینانەی لە نێو

ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا نێژراون کەزۆربەیان لە مندالآنی ئیمام موسی کازم(س) دەژمێردرێن، بەشێك لە ئەم سەیدانە کە پشتا و پشت لە ئەم ناوچانە دا ژیانیان بە سەر بردوە و قەبر و بارەگایان جێگەی ڕێز خۆشەویستی خەلکی ناوچەکە و ئەو کەسانەی کە ئەهلی بەیتان خۆش ویستوە، بەناو بانگ ترین عەشیرەکانێ کە لە نەتەوەی ئیمام حەسەنی موجتەبی(س) بوون بریتین لە :

١. عەشیرەی ساداتی نهری

٢. عەشیرەی ساداتی کاکو زکریا

٣. عەشیرەی ساداتی مردۆخی

عەشیرەکانێ کە لە ساداتی حوسەینی شافعی مەزهەب لە کوردستان دا ژیانیان بە سەر بردوە بریتین لە :

١. ساداتی خانگا، دانیشتوی هەورامان، لە نەتەوەی ئیمام زادە علی عریزی.

٢. ساداتی کلجی، دانیشتوی هەورامان، لە نەتەوەی ئیمام زادە علی عریزی.

٣. ساداتی تکیە قرەداغ، لە نەتەوەی ئیمام زادە حمزە بن امام موسی کازم س.

٤. ساداتی بەرزنجە، لە نەتەوەی ئیمام زادە سەید ئیسماعیل محدس بن امام موسی کازم.

٥. ساداتی شاهۆیی، ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەید موحەمەدی زاهدی ناسراوە بە پیر خزری شاهۆ، نێژراوە لە گوندی پیر خزران لە ناحیەی مەریوان کە لە سالی ٦٢٠ کۆچی قەمەری ڕویان کردوە لە کوردستان، زۆربەی ساداتی حەسەنی ئیران لە پیر خزرشاهۆیی جیابونەتەوە و لە گوندەکانی کوردستانی ئێران بلاو بونەتەوە.

عەشیرەکانی ساداتی حەسەنی شاهۆیی بریتین لە:

ساداتی چاولکان، ساداتی مەریوان، ساداتی کەلاتە رزان، ساداتی تاوگۆز، ساداتی زور، ساداتی باوەجانی، ساداتی چنارە، ساداتی باینچو، ساداتی هەمرولە، ساداتی سیاسەران، ساداتی بەڵخە، ساداتی پیر خزران ، ساداتی کالوران، ساداتی قاراوا، ساداتی شێوەلی، ساداتی شاڵی شەل، ساداتی جەباری، ساداتی کەڵاتیێ و........

خۆشویستی ئالی موحەمەد لە دڵەکان دا

الا و من مات علی حب ال محمد مات شهیدا

الا و من مات علی حب ال محمد مات مغفورا له

«بزانن کەسێك کە لە سەر خۆشەویستی ئالی موحەمەد (د.خ) بمرێت وەکوو ئەوە وایە کە شەهید بووە».

«بزانن کەسێك کە لە سەر خۆشەویستی ئالی موحەمەد (د.خ) بمرێت بەخشراوو مردوە»

تەفسیری کشاف نوسراوی زەمەخشەری حەنەفی، ج ٤ ص ٢٢٠ – ٢٢١ چاپی بەیروت.

ينابع الموده للقندوزی الحنفی (د.خ) ٢٧ – ٢٦٣ – ٣٦٩ چاپی اسلام بول

﴿معرفه ال محمد براه من النار و حب ال محمد جواز علی الصراط و الولایه لال محمد امن من العذاب ﴾.

ناسینی ئالی موحەمەد (د.خ) دورکەوتنەوەیە لە ئاگر، خۆشەویستی ئالی موحەمەد ئیزنی دەرچونە لە سەر پردی سڕات و ولایەتی ئالی عەلی دەبێتە هۆی پارێزگاری لە ئازار و ئەشکەنجە [٤]

انی اوشک ان ادعی فاجیب و انی تارک فیکم الثقلین کتاب الله عز و جل و عترتی، کتاب الله حبل ممدود من السما الی الارض و عترتی اهل بیتی و ان الله اخبرنی انهما لن یفترقا حتی یرا علی الحوض فانظروا کیف تخلفونی فیها.

گوایە من بە زووترین کات دەگەڕێمەوە بۆ لای خودا، لە نێو ئێوە دا دوو شتی سقل (بەنرخ) بە جێ دەهێڵم، کتێبی خودا و عیترەتەکەم (خێزانەکەم) کتێبی خودا گروێسێکی درێژە کە لە نێوان ئاسمان تا زەوی درێژە کە لە ئاسمانەوە تا زەوەی شۆڕ کراوەتەوە و عیترەت و ئەهلی بەیتی من و خودای دڵاوا ئاگاداری کردوەمەتەوە کە ئەوانەی لە یەك جیا نابنەوە تا کاتێ لە پاڵ حەوزی کەوسەر یەك دەگرنەوە، جا ببینن پاش من لە گەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکەن. [٥]

---

[٤] الاتحاف یجب الاشراف للشبراوی الشافعی ص٤.

احقاق الحق للتستری ج ٩ ص٤٩٤.

فرائد السمطین ج ٢ ص ٢٥٧ ح ٥٢٥.

[٥] کنز العمال ج ١ ص ١٦٥ ح ٩٤٥ چاپی دوهەم.

﴿انها مثل اهل بيتى فيكم كمثل سفينه النوح، من ركبها نجى و من تخلف عنها غرق و انما مثل اهل بيتى فيكم مثل باب حطه فى بنى اسرائيل من دخله غفر له﴾.

ئەهلو بەیتی من لە نێوان ئێوە دا وەکوو کەشتی و باحیرەی نوحە، کەسێك كە سواری بوو ڕزگار بوە وە ئەو کەسەش سەرپێچی کرد نوقمی ژێر ئاوو دەبێت هەروەها نمونەی ئەهلو بەیتی من وەکوو دەروازەی حەتەیە لە نێوان هۆزی بەنی ئیسرائیل دا هەرکەس چوە ناوەوە بەخشرا .[۶]

(النجوم امان لاهل الارضی من الغرق و اهل بیتی امان لامنی من الاختلاف).

ئەستێرەکان هۆی پارێزگاری دانیشتوانی زەوین لە گومڕایی و خنکان و ئەهلی بەیتی هۆی پارێزگاری گەلن لە دژایەتی و دو بەرکی.

حاکم لە لاپەرە ١٤٥ بەرگی سێ هەمی مستدرك ئەم حەدیسەی لە ابن عباسەوە گێڕاوەتەوە.

(نحن شجره النبوه و معدن الرساله و مختلف الملائكه و معادن العلم و ینابیع الحكمه ناصرنا و

مناقب علی ابن ابی طالب لابن المغازلی الشافعی ص ٢٣٥ ح ٢٨٣.

الصواعق المحرقه ص ١٤٨ چاپی المحمدیه.

ینابع الموده للقندوزی الحنفی ص ٣٥ – ٤٠ – ٢٢٦ ١٠٨ چاپ السعدیه.

احیاء المیت للسید طی شافعی له پەراوێزی الاتحاف ص ١١١.

[۶] كفایه الطالب للكنجی الشافعی ص ٣٧٨ چاپی الحیدریه و ص٢٣٤ چاپی الغرا.

مجموع الزوائد للهیثمی الشافعی ج ٩ ص ١٦٨.

الجامع الصغیر للسیوطی ج ٢ ص١٣٢ چاپی المیمنه مصر.

محبنا ينتظرالرحمه و عدونا مبغضنا ينتظرو السطوه).

ئێمە درەختی پێغەمبەرایەتین و پارێزگاری ڕسالەت دەکەین و شوێنی هات و چوی فریشتەکانن، کانگای زانست و سەرچاوەی گەلی حیکەتین هەڤاڵ و خۆشەویستی ئێمە چاوەڕوانی ڕەحمەتە و دوژمنەکانیشمان چاوەڕوانی قین و ڕقی خودان.[7]

هەندێك بەڵگەلە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سەبارەت بەبنەماڵەی پاکی پێغەمبەرەوە.

ووشەی (اهل بیت) تەنها بە عەلی ، فاتمە، حەسەن و حوسەین دەوترێت، لە ئەم ڕیوایەتە دا هاتووە کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) سەیری عەلی و فاتمە و حەسەن و حوسەینی کرد و فەرمووی : ﴿اللهم هولاء اهل بیتی فاذهب عنهم الرجس و طهرهم تطهیرا﴾.

صحیح الترمزی ج ٥ ص ٣١ ح٣٢٥٨ و هەر وەها ص ٣٦١ ح ٣٩٦٣.

صحیح مسلم کتاب الفضائل باب فضائل علی ابن ابی طالب ج ١٥ ص ١٧٦ چاپی مصر بشر النووی و ج٢ ص ٣٦٠ چاپی عین الحلبی و ج ٢ص ١٩ چاپی صبح مصر.

خصائص امیر المومنین للنسائی ص ٤ و ١٦ چاپی مطبعه التقدم العلم القاهره.

ئیمامی شافعی لە کتێبی (رشفه الصادی) دا هاتوە گوتویەتی : ﴿و لما رایت الناس قد ذهبت مذاهبهم فی البحر الغی و الجهل﴾.

کاتێك دیتم خەڵك لە نێو مەسەلەی ئاین دا کەوتبونەوە زەریایی گومراهیەوە.

﴿رکبت علی اسم الله فی سفن النجا و هم اهل بیت المصطفی خاتم الرسل﴾ .

من بە ناوی خوداوە سواری کەشتی ڕزگاری بووم کە هەمان (ولای) ئەوانەیە، بە ئەو

[7] نهج البلاغه صالح ١٠٩.

چەشنە کە شوێن کەوتنیان فەرزە.

﴿و امسکت حبل الله و هو ولاءهم کما قد امرنا بالتمسک بالحبل﴾.

و هانام برد بۆ حبل الله کە هەمان (ولای) ئەوانەیە، بە ئەو شێوەیە کە شوێن کەوتنیان فەرزە.

اهل البیت(س) هەمان (حبل الله)ن کە قورئانی پیرۆز باسی لێوە دەکات :

﴿و اعتصموا بحبل الله جمیعا و تفرقوا﴾.

هەمووتان پەت و گروێسی خودا بگرن گە ئەگەر ئەم ئیشە بکەن هیچ کات لە یەك جیا نابنەوە.

ابن حجر ئەم ئایەتە لە ئەو ئایەتانە دەژمێرێت کە سەبارەت بە ئەوانەوە هاتوەتە خوارەوە ئەمە ئایەتی پێنجەمە لە بەشی یەکەمی بابی ١١ی کتێبی صواعق لە راڤەکەدا ئەم بابەتە لە ڕاڤەی **سەعلەبی** گێراوەتەوە.

شواهد التنزیل حکانی الحنفی ج ١ ص ١٣٠ ح ١٧٧ و ١٧٨.

الصواعق المحرقه لابن حجر **الهیپمی** الشافعی ص ١٤٩ چاپی المحمدیه.

اسعاف الراغبین للصبان الشافعی ص ١٠٧ چاپی السعدیه.

ئایەتی الصادقین

﴿یا ایها الذین امنوا اتقوا الله و کونوا مع الصادقین﴾ توبه ١١٩.

(ئەی کەسانێك کە ئیمان تان هێناوە تەقوای خودا بکەن بە پیشەتان و لەگەڵ ڕاستگۆ کاندا بن).

مەبەست لە ڕاست گۆ کان پێغەمبەر (د.خ) و ئیمامە پاکەکانی ئەهلی بەیتن، بە پێی

حەدیسە صەحیحەکان کە لە خوارەوە ناوی هەندێکیان دەبەین :

شواهد التنزيل للحاكم الحكانى الحنفى ج ١ لاپەڕە ٢٥٩ ح ٣٥١ و ٣٥٠

كفايه الطالب للكنجى الشافعى ص ٢٣٦ چاپ الحيدريه و هەروەها لاپەڕە ١١١ چاپی الغری.

تذكره الخواص للسبط ابن الجوزى الحنفى لاپەڕە ١٦.

المناقب للخوازرمى الحنفى لاپەڕە ١٩٨.

الصواعق المحرقه لابن حجر الشافعى لاپەڕە ١٥٠ چاپی المحمديه و لاپەڕە ٩٠ چاپی الميمنه لە مصر.

فرائد السمگين للموينى ج ١ لاپەڕە ٣١٧ ح ٢٥٠

﴿و ان هذا صراطى مستقيما فاتبعوه و لا تتبعوا السبيل فتفرق بكم عن سبيله﴾سورەی انعام ١٥٣.

ينابيع الموده للقندوزى الحنفى لاپەڕە١٣٠چاپ الحيدريه و لاپەڕە ١١١اسلام بول.

احقاق الحق للتسترى ج ٣ لاپەڕە ٥٤٣. غايه المرام لاپەڕە ٤٣٤.

ئیمامی باقر و صادق سلامی خوایان لێ بێت هەموو کات دەیان فەرموو مەبەست لە ڕێگای ڕاست ئیمامی ڕاست گۆیە و مەبەست لە (سبل) پێشەوایانی نەزانی و گوم ڕاهییە کە ئێوە لە ڕێبازی خودا دور دەکەنەوە و لە ڕاستی دا ئێمە (ئەهل بەیت) ڕێبازی خوداین.

﴿يا ايها الذين امنوا اطيعوا الله و اطيعوا الرسول و اولى الامر منكم﴾سورەی نساء ٥٩.

ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان تان هێناوە پەیڕەوی لە خودا بکەن و پەیڕەوی بکەن

له پێغەمبەر و اولی الامر کە لە خۆتانە.

مەبەست لە اولی الامر عەلی و ئەو ئیمامانەی کە لە بنەماڵەکەی ئەون.

ینابیع الموده للقندوزی الحنفی لاپەڕە ١٤٣ و ١٣٧ چاپ الحیدریه.

شواهد التنزیل للحاکم الحکانی الحنفی ج ١ لاپەڕە ١٤٨ حدیث ٢٠٢ ـ ٢٠٣ ـ ٢٠٤.

تفسیر رازی ج ٣ لاپەڕە ٣٥٧ چاپ الدار العامره.

﴿فاسالوا اهل الذکر ان کنتم لا تعلمون﴾ سورەی نحل ٤٣، سورەی انبیا ٧.

پرسیار بکەن لە ئەهلی زیکر کاتێك نازانن.

ئەم ئایەتە کاتێك کە دەفەرمێت : لە ئەهلی زیکر پرسیار بکەن سەبارەت بە ئەهلی بەیت(س) دابەزیوە و ئەهلی بەیت بریتین لە عەلی فاطمە حەسەن و حوسەین.

شواهد التنزیل للحاکم الحکانی الحنفی ج١ لاپەڕە ٣٣٤ حەدیسی رەقەم ٤٥٩، ٤٦٠، ٤٦٣، ٤٦٤ و ٤٦٥.

ینابیع الموده للقندوزی الحنفی لاپەڕە ٥١ و ١٤٠ چاپی الحیدریه و لاپەڕە ٤٦ و ١١٩ چاپی اسلام بول.

تفسیر القرطبی ج ١١ لاپەڕە ٢٧٢.

تفسیر الطبرانی ج ١٧ لاپەڕە ٥ چاپی بولاق.

تفسیر ابن کثیر ج ٢ لاپەڕە ٥٧٠.

﴿انما انت منذر و لکل قوم هاد﴾ سورەی رعد ٧.

تۆ تەنها ترسێنەری و هەر گروپێك پێ نوین گەرێکی هەیە.

(منذر) بریتیە لە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و (هادٍ) واتە عەلی ع.

شواهد التنزيل للحاكم الحكانى الحنفى ج ١ لاثەرِة ٢٩٣ – ٣٠٣ حەدیسی ١٣٩٨ تا ٤١٦.

كفايه الگالب للكنجى الشافعى (د.خ) ٢٣٣ چاپى الحيدرية و لاپەڕە ١٠٩ چاپى الغرى.

تفسير للفخر الرازى ج ٥ لاپەڕە٢٧٢ چاپى دار الطباعه و العامره له مصر.

المستدرك الحاكم ج٣ لاپەڕە ١٢٩ – ١٣٠.

﴿و من يطع الله و الرسول فاولائک مع الذين انعم الله عليهم من النبيينى والصديقين و الشهدا والصالحين﴾. نساء ٦٩

من النبيين : محمد الصديقين عەلی الشهداء حەمزه و جەعفەر الصالحين حەسەن و حوسەين

شواهد التنزيل للحاكم الحكانى الحنفى ج ١ لاپەڕە ١٤٣ ح ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩.

احقاق الحق للتسترى ج٣ لاپەڕە٥٤٢

غايه المرام باب ١٨٢ لاپەڕە٤٢٦.

﴿انما وليكم الله و رسوله و الذين امنوا الذين يقيمون الصلاه و يوتون الزكوه و هم راكعون﴾.

واتە: سەرپەرەست و ڕێبەری ئیوە تەنها خودایە، پێغەمبەرکەی و ئەوانە کە باوەڕیان هێناوە و نوێژ دەخوێنن و هاوکات لە رکوع دا زەکات دەدەن.

بە ئەو جۆرەی کە زانای بە ناو بانگ، قوشچی کە بۆ خۆی لە ئەئێمەی ئەشاعیرەیە لە (شرح تجرید) لە باسی ئیمامەت دا گوتویە : هەموویان یەك گرتوون لە سەر ئەمە کە ئەم ئایەت سەبارەت بە ئیمامی عەلی(س) کاتێك کە نازل بوو ئەو حەزرەتە لە کاتی رکوع

دا بوو و له هه‌مان كات دا مسيله‌كه‌ى به سه‌ده‌قه دا به فه‌قيرێك.

نسائى له كتێبى سه‌حيحه‌كه‌ى خۆى دا هاتنه خواره‌وه‌ى ئه‌و ئايه‌ته سه‌باره‌ت به ئيمامى عه‌ليه‌وه له زمانى عبدالله بن سلام ئه‌گێرێته‌وه.

شواهد التنزيل للحاكم الحكانى الحنفى ج١ لاپه‌ڕه ١٦١ – ١٨٤ حه‌ديسى ٢١٦ تا ٢٤١.

اسباب النزول للواحدى لاپه‌ڕه ١١٣ تا ١١٤.

كفايه الگالب الشافعى لاپه‌ڕه ٣٢٨ تا ٢٥٠ چاپ الحيدريه.

الكاشف زمخشرى ج ١ لاپه‌ڕه ٦٤٩ چاپى به‌يروت.

﴿يا ايها الذين امنوا ادخلوا فى السلم كافه ولا تتبعوا خطوات الشيطن﴾.بقره ٢٠٨.

ئه‌ى ئه‌و كه‌سانه‌ى كه ئيمانتان هێناوه، هه‌موو تان ڕێبازى ته‌سليم و فه‌رمان به‌رى (خودان) و له شه‌يتان په‌يره‌وى مه‌كه‌ن.

مامۆستا بحرينى له به‌شى ٢٢٤ كتێبى غايه المرام ١٢ حه‌ديس له حه‌ديسه راسته‌قينه‌كان گێڕاوه‌ته‌وه كه ئه‌م ئايه‌ته سه‌باره‌ت به عه‌لى و ئێمه‌ى له زارۆكه‌كانى ئه‌وه و نه‌هى كردوه و په‌يره‌وى كردن له غه‌ديرى ئه‌مانه و له به‌شى ٢٢٣ وتويه كه اصفهانى اموى له چه‌ندين ڕێگه‌وه ئه‌وه‌ى له زمانى عه‌ليه‌وه گێڕاوه‌ته‌وه.

ئايه‌تى (السلم) ينابع الموده للقندوزى الحنفى لاپه‌ڕه ١٣٠ چاپى الحيدريه و ١١١ چاپى اسلام بول.

﴿وقوفهم انهم مسولون﴾ صافات ٢٤

(ئه‌وانه ڕابگرن كه به‌تاكيد ده‌بێت پرسياريان لىٰ بكرێت).

واته ئه‌وان له به‌رامبه‌ر ولايه‌تى ئه‌ميرى باوه‌ڕدان به‌رپرسيارن.

شواهد التنزيل للحاكم الحنفی ج ٢ لاپەڕە ١٠٦ ح ٧٨٥ ٧٨٩

تذکرە الخواص للسبط بن الجوزی الحنفی لاپەڕە١٧.

المناقب للخوارزمی الحنفی لاپەڕە ١٩٥.

الصواعق المحرقە لابن حجر الشافعی لاپەڕە١٤٧ چاپ محمدیە ولاپەڕە ٨١ چاپ المیمنە مصر.

روح المعانی الوس لە تەفسیری ئەم ئایەتە. ج ٢٣ لاپەڕە٢٨.

﴿ ان الذین امنوا عملوا الصالحات اولئک هم خیر البریە ﴾. بینە ٧

کەسانێك کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی چاکیان بەڕێوە بردووە چاکترین ڕابردویان هەیە.

پێغەمبەر فەرمووی : ئەی عەلی ئەوانە تو و پەیڕەوانی تۆن. [٨]

[٨] شواهد التنزیل للحاکم النیشابوری الحنفی ج ٢ (د.خ) ٣٥٦ ح ١١٢٥ تا ١١٤٨.

کفایە الطالب للکنجی الشافعی (د.خ) ٢٤٤ – ٢٤٥ – ٢٤٦.

روح المعانی الوس ج ٣٠ (د.خ) ٢٨، ٢٧.

فضائل النجمە ج ١ (د.خ) ٢٧٨.

غایە المرام باب ٢٨ ٢٨ من المقعد الثانی (د.خ) ٣٢٨.

فرائد السمطین ج ١ (د.خ) ١٥٦.

چاوێك بخشینن بە سودەكانی حەج

قورئانی پیرۆز حەجی ئیبرائیمی بە ئەم شێوە یەی لای خوارەوە ڕوون دەكاتەوە:

﴿وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ يَأۡتُوكَ رِجَالٗا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٖ يَأۡتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ
عَمِيقٖ * لِّيَشۡهَدُواْ مَنَٰفِعَ لَهُمۡ وَيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡلُومَٰتٍ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ
بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِۖ فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡبَآئِسَ ٱلۡفَقِيرَ ﴿٢٨﴾ ثُمَّ لۡيَقۡضُواْ تَفَثَهُمۡ وَلۡيُوفُواْ
نُذُورَهُمۡ وَلۡيَطَّوَّفُواْ بِٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ ﴿٢٩﴾ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمۡ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥ عِندَ
رَبِّهِۦۗ وَأُحِلَّتۡ لَكُمُ ٱلۡأَنۡعَٰمُ إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡۖ فَٱجۡتَنِبُواْ ٱلرِّجۡسَ مِنَ ٱلۡأَوۡثَٰنِ
وَٱجۡتَنِبُواْ قَوۡلَ ٱلزُّورِ ﴿٣٠﴾ حُنَفَآءَ لِلَّهِ غَيۡرَ مُشۡرِكِينَ بِهِۦۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ
مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ﴿٣١﴾ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمۡ

شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقۡوَى ٱلۡقُلُوبِ ﴿٣٢﴾ لَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ مَحِلُّهَآ إِلَى ٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ﴾ سورەی حج ئایەی ٢٧ـ٣٠.

ئێمە ووتمان بە ئیبراهیم هەموو خەڵك بۆ حەج دەعوەت بكە تاوەكو بە پیادە و سوارە و بە ولاخی بێ هێز لە هەموو ڕێگە دورەكانەوە بێن.

تا ببینن سودە جۆراو جۆرەكانی خۆیان و ناوی خودای گەورە بهێنن لە ئەو ڕۆژانە دا لە سەر ئاژە لەكانیان كە خوای گەورە خستویەتی ژێر فەرمانیان.

ئەوان «لە كاتی قوربانی كردن دا» و لە گۆشتەكانیان بخۆن و فەقیر و كەم دەسەكان تێر بكەن.

لە دوای ئەوە دەبێت خۆیان پاك بكەنەوە لە ئەو پیسیانەی كە هەموو گیانیانی گرتوە و... بە نەزرەكانیان وەفا بكەن و بە دەوری كەعبەدا تەواف بكەن.

ئەوەیە بناخەكانی حەج هەر كەس نیشانەكانی ئاینی خودای گەورە بە گەورە ڕابگرێت، لای پەروەردگاری بۆ ئەو باشترە چوار پێیەكانتان بۆ ئێوە حەڵاڵە بێجگە لە ئەوانەی كە لە دواوە باسیان لێوە دەكەین لە وانە دوركەونەوە و لە قسەی ساختە و درۆینە دوركە ونەوە.

هەموتان بە بێ غەل و غەش خودای گەورە بپەرستن و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن هەر كەس هاوەڵ بۆ خودای گەورە بڕیار بدات وەكوو ئەوە وایە كە لە ئاسمانەوە بەرەو سەر زەوی بەربێتەوە و باندەكان لە نێوەی ڕێگە دا بیقۆزنەوە و بیفڕێنن، یان وەكو ئەوە وایە بایەكی بە هێز بیگوازێتەوە بۆ جێگەیەكی زۆر دوور.

ئەوەیە كۆبوونەوەی حەج، هەر كەس نیشانەكانی خودای گەورە بەرز بژمێرێت ئەوە نیشانەی پاكی دڵەكانە.

له ئەو ئاژەڵانەدا کە دەتانەوێت قوربانی بکەن، سودی زۆر هەیە تا ڕۆژی سەر بڕینیان و قوربانی کردنیان، و جێگەی قوربانی کردنیان لە کە ناری ماڵێ قەدیمی یەوەیە.
«لە ئەو کاتە دا دەبێت ئیحرام بۆ عومرەی موفرەدە، بێت».

ئیوە لە نێو ئەو ئایەتانە دا، تەنیا ئایەتی دووەم ڕەچاو بکەن کە لە ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە پیرۆزە دا «لیشهدوا منافع لهم» و وردبینی بکەن تاوەکوو بۆتان ڕوون ببێتەوە کە:

یە کەم: مەبەست لە ئەو سودانەی کە دەبێت حاجی یەکانی ماڵی خودا لە نزیکەوە ببینن چی یە؟ لە ئەم کاتە دا ئەم ڕستەیە لە بەرامبەری ڕستەی «ویذکروا اسم الله» دا هاتوە، بە جۆرێك ئەوە دەگەیەنێت کە لە حەج دا دوو مەبەستی سەرەکی هەیە، مەبەستی یە کەم عیبادەت و پەرەستنە کە لە یاد و بە رز ڕاگرتنی ئەو یادەی خودای گەورەدا خۆی دەبینێتەوە، و مەبەستی دووەم کۆمەڵایەتی یە کە لە باسی بینینی سودی ماددی دا خۆی دەبینیتەوە.

دووەم: لە ئەم ئایە تە دا «منافع» سودەکان کە ڕوون کەرەوەی مەبەستی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری یە پیش «ذکر الله» کەوتوە هەر چەندە ئەویش بە بەشیکی گرنگی عیبادی حەج دەژمێردرێت.

سی یەم: قورئانی پیرۆز ووشەی «منافع» ی بەشێوەی گشتی بە بێ هیچ کۆت و بەندێك هێناوە تا وەکو هەموو جۆرەکانی «منافع» سودەکان بگرێتەوە، وەکو سودە «ئابوریەکان، و سودە ڕامیاریەکان و سودە کۆمەڵایەتیەکان» ئێمە هەرگیز ناتوانین ئەم ڕستەیە لە سودێکی تایبەتی دا کورت بکەینەوە ئەگەر ئەو سودە ئابوری یان ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی بێت، ئەو ڕستەیە بە پێی بەرامبەر بوونی لەگەڵ ڕستەی دوای ئەو «و یذکروا-

اسم الله» كه باس له ئەوە دەكات جگه له ئەوەی حەج مەبەستی گەورەی عیبادیه بەڵام هەر له سنوری ئەو پەرەستنه دا كه دەبێت گەورەترین سودی لیّ وه ربگیرێت، دەبێت لەگەڵ ئەو عیبادەتەدا سودەكانی ترپیشی لەگەڵ گریّ بدرێت بۆ ئەوەی عیبادەتێكی ووشك و خاڵی نەبێت له پەیوەندیه كۆمەڵایەتیەكانی نێوان موسوڵمانان سودوەر بگرن و له زانیاری و بۆچونەكانی یەكتری.

زۆر باشه ئەگەر لێره دا قسەكانی بەڕێز «محمود شلتوت» باس بكەین كه سەرۆكی جامیعەی ئەزهەری شەریف بووه تا بزانین «شێخ محمود شلتوت» چۆن ئەم ئایەته پیرۆزه لێك دەداتەوە.

ئەو دەڵێت: ئەو سودانەی كه حەج هۆكاره بۆ بەدی هاتنیان و به دەست هاتنیان له شێوەی یەكەم دا فەلسەفەی حەج ڕوون دەكاتەوە، حەج تیگەیەشتنێكی گەوره و هەمەلایەنەی تێدایه، هەرگیز نابێت لەیەك شێوەدا یان له یەك تایبەت مەندی دا كورت بكرێتەوە، چونكه ئەم ڕستەیه هەمه لایەنییەكی گشتی پێوه دیاره هەموو سودەكانی «تاكه كەسی و كۆمەڵایەتی» دەگەرێتەوە، ئەگەر پاك كردنەوەی نەفس و نزیك بوونەوە له خودای گەوره سودێكه، ئەوا هاوكاری میللەتەكان له نێوان خۆیاندا بۆ گەوره كردنی هێڵەكانی زانیاری و كلتوری نێوان یان سودێكی تره ئەگەر ئەم دوانه سودن له حەج دا، ئەوا كۆبونەوەی موسوڵمانان و خستنه گەڕی تواناكانی هەموو لایەنه بۆ گەوره كردنی پەیوەندی یەكانی میللەتەكان بۆ بەرەو گەوره بونی بانگه وازی ئیسلامی یەك بخەن سودیكی گەورەیە، وهەر وەهائەم سودانه بەپێی خواستی سەردەم لەنێوان موسوڵمانەكان دا و به پێی پێویستی سەردەم بۆ ژیانی موسوڵمانان دەگۆڕێت.

توسل دەست بە داوێن بوونی ئەولیای خودا

دەس بە داوێن بون بە خۆشەویستانی خودای گەورە لەبەر دەرگای ڕەحمەتی دا لە ئەو کارانەیە کە لە نێو هەموو موسوڵمانانی جیهان دا زۆر باوە، لە ئەو ڕۆژەی شەریعەتی ئیسلام لە لایان پێغەمبەری ئیسلامەوە بانگە وازی بۆ کراوە لە ڕێگەی حەدیسە پیرۆزەکانەوە، ڕەوا بوونی «توسل» دەست بە داوێن بوون ڕاگەیەنراوە. تەنها لە سەردەمی هەشتەم دا لە لایان «ابن تیمیە»وە ملەجەڕێ و ئینکاری لێوە کراوە بەڵام لە دوای دوو سەدەی تریش لە لایان «محمد بن عبد الوهاب»ەوە ملەجەڕێ و ئینکاری لێوە

کراوە بەڵکو زیاتر ڕەنگی لە خۆ گرتوە و دەڵێن، «توسل» دەست بە دامەن بونی پیاو چاکانی خودای گەورە ڕێگە پیَ نەدراو و «بدعەت» و داهێنراوە و بەخەڵکی ئەوها ناسینراوە و هەندێ جار بە پەرەستنی پیاو چاکان لە قەڵەمی دەدەن و گومان مان لە ئەوە نیە کە پەرەستنی کەسێکی تر جگە لە خودای گەورە و تاك و تەنها شرك و حەرامە.

ئێمە سەبارەت بە «عیبادەت» پەرەستن لێکدانەوەیەکی جیاوازمان هەیە و بیرتان دەخەمەوە کە دەست بەدامەن بوون بە پیاو چاکەکان بە جۆرێك لە «عیبادەت»ە و بە جۆرێکی تریش «شرك» بەڵام لێرەدا لە ئەوە گرنگ تر ڕوون دەکەینەوە کە زۆر گرنگە بزانین دەست بەدامەن بوونی پیاو چاکان بە دوو جۆر دەبێت:

١ دەست بە دامەن بوونی خودی ئەولیا وەکو ئەوەی بڵێین:

«اللهم انی اتوسل الیک بنبیک محمد (صلی الله علیه واله وسلم) ان تقضی حاجتی».

٢ دەست بە دامەن بوون بە هۆی گەورەیی و نزیکیان (تقرب) و خۆشەویستیان لە لای خودای گەورە وەکو:

«اللهم انی اتوسل الیک بجاه محمد (صلی الله علیه و اله وسلم) و حرمته و حقه ان تقضی حاجتی».

لە لایەن وەهابیەکانەوە هیچکامیان ڕێگە پیَ دراوو نیە و نابێت. لە کاتێکدا کە مێژووی ئیسلام و موسوڵمانان بە پێچەوانەی بۆچوونی وەهابیەکانەوە شایەتی دەدات وە بە هەر دو شێوە ڕێگە پیَ دراوە.

ئەوەتا ژمارەیەك لە حەدیسەکان یەك لە دوای یەك دەخەینە ڕوو و ڕونیان دەکەینەوە و هەروەها «سیرە» ژیانی موسوڵمانانیش ڕوون دەکەینەوە ئەو کاتە هەر دوو باسی «بدعت» دا هێنان و ڕێگە پیَ نە دراو، خۆیان بۆ خۆیان بە جۆرێك کاڵ دەبنەوە و بیَ

مانایەکەیان دەردە کەوێت بەڵام باسی دەست بە دامەن بوونی پیاو چاکان، پەرەستشیانە یان نا لە بەشی «مانای عیبادەت» دا ڕوون دەکەینەوە کە ئەو بەشە بەشیکی زۆر هەستیاری نوسراوەکەمانە.

بە شی حەدیسەکان

حەدیسی زۆر لە کتێبەکانی حەدیس و مێژووی ئیسلام دا شایەتی بۆ ڕاستی دەست بە دامەن بوونی خودی پیاوچاکان یان بە پلە و پایەیان لای خودای گەورە ڕێگە پی دراوە، ئێمە لێرە دا بەشیکی کەم لە ئەو حەدیسانە دەگێرینەوە و باسیان لێوە دەکەین.

حەدیسی یە کەم، لە «عثمان بن حنیف» وە:

«ان رجلا اتی الی النبی (صلی الله علیه و اله وسلم) فقال ادع الله ان یعافینی فقال ان شئت دعوت و ان شئت صبرت و هو خیر فان فادعه، فامر ان یتوضا فیحسن وضوه و یصلی رکعتین و یدعو بهذا الدعاء: اللهم انی اسئلك، و اتوجه الیك بنبیك محمد نبی الرحمه یا محمد انی اتوجه بك الی ربی فی حاجتی لتقضی، اللهم شفعه فی قال ابن حنیف فوالله ما تفرقنا و طال بنا الحدیث حتی دخل علینا کان لم یکن به ضر».

پیاوێکی کوێر هات بۆ لای پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) و وتی: لە خوای گەورە بپاڕێرەوە تاکوو من ببینم، پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) فەرموی: ئەگەر دەتەوێت بۆت دەپاڕێمەوە، ئەگەر دان بە خۆت دا دەگریت ئەوا باشترە بۆت، پیاوە نابیناکە وتی: بپاڕێرەوە بۆم، پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) دەست نوێژ بگرە و دوو رکعەت نوێژ بخۆینە و بە ئەم جۆرە بپاڕێرەوە: ئەی پروەردگار من لە تۆ داوا دەکەم و ڕوو لە تۆ دەکەم و بە هۆی پێغەمبەرەکەت محمد (صلی الله علیه و اله وسلم) کە پێغەمبەری بەزەیی و ڕەحمەتە، ئەی محمد (صلی الله علیه و اله وسلم) من دەست بە دامەنی تۆ دەبم و ڕوو لە خودای گەورە دەکەم و دەپاڕێمەوە لە خودای گەورە «شە فاعەتی تۆ» دەست بە دامەنیەکەی توم لیّ وەر بگرێت.

حەدیسی دووهەم: توسل دەست بە دامەن بوون بە مافی نزا گەران

«عطیة عوفی» لە «ابو سعید خدری» دەگێڕێتەوە: «پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمێت:

هەر کەس لە ماڵی خۆی بێتە دەرەوە بۆ نوێژ خوێندن و لە ئەو حاڵە دا ئەم دوعایە بخوێنێتەوە ڕەحمەتی خودای گەورە دەیگرێتەوە و هە زاران فریشتە داوای لێ خۆش بونی بۆ دەکەن.[1]

«اللهم انی اسئلک بحق السائلین علیک و اسالک بحق ممشای هذا فانی لم اخرج اشرا و لا بطرا و لا ریاء و لا سمعه و خرجت اتقاء سخطلک و ابتغاء مرضاتک فاسئلک ان تعیذنی من النار و ان تغفر لی ذنوبی انه لا یغفر الذنوب الا انت...»».

پروردگارم لە تۆ داوا دەکەم بە مافی ئەو کەسانەی کە لە تۆ داوا دەکەن ودەپاڕێنەوە منیش داوات لێ دەکەم لەبەر ڕێزی ئەو هەنگاوانەی بەرەو تۆ هەڵیان دێنم، من بۆ نافەرمانی تۆ یان خۆش گوزەرانی یان بۆ ڕیا و ناو بانگ دەرکردن لە ماڵ نەهاتومەتە دەرەوە. لە ماڵ هاتومەتە دەرەوە بۆ ئەوەی خۆم بپارێزیم لە تووڕەیی تۆ و بەدەست هێنانی لێبوردنی تۆ، لە تۆ داوا دەکەم من ڕزگار بکەیت لە ئاگری دوزە خ و لە تاوانەکانم خۆش ببێت، چونکە هیچ کەس نیە جگە لە تۆ گوناهەکانم ببخشێت.

ئەم حەدیسەی کە باسمان لێوە کرد، لە ئەو حەدیسە زۆر ڕوونانەیە کە شایەتی دەدات مرۆڤ دەتوانێت پلە و پایە و ماف«حق» و نزیکی پیاو چاکانی خودای گەورە بکات بە «**واستە**» بۆ خۆی لە نێوان خۆیی و خودای گەورە دا، بەڵگەی ئەو حەدیسە بۆ مەبەستە کە مان زۆر ڕوونە ولێکدانەوی ناوێت.

حەدیسەکانی تر دەخەینە وەرز نامەی داهاتوو.

---

[1] «اقبل اللة بوجهة و استغفر لة الف ملک» بگة رینة وة بو صـحیح «حافظ محمد بن ابی عبد اللة بن ماجة قزوینی» کة یة کیک لة شـة سـة حیحة کة یة؛ جلدی ١ / باب مساجد لاپة رة ٢٦١ و ٢٦٢ طبع مصر؛ و «مسند امام احمد بن حنبل» جلدی ٣ / حة دسی رة قةم ٢١.

بەرلە خەو چوار ئیش بکە

حەزرەتی فاتمە(س) دەفەرمێت: شەوێك كاتی خەوتن پێغەمبەر(ص) پێی فەرمووم:

کچم هەمو شەوێك بەر لە خەو چوار ئیش بکە :

یەکە م: قورئان خەتم بکە.

دوەم: لە پێغەمبەرانی خودا داوای شەفاعەت بکە.

سییەم: موسلمانان لە خۆت ڕازی بکە.

چوارەم: حەج و عەمرە بەجێ بهێنە.

پێغەمبەر(ص) ئەمەی وت و دەستی کرد بە نوێژ خوێندن ڕاوەستام تا لە نوێژەکەی

بویەوە پاشان وتم: ئەی ڕەسوڵی خودا فەرمانی چوار ئیشت بە من دا کە من ناتوانم هەمویان بە شەوێك ئەنجام بدەم؟ پێغەمبەر(ص) زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ئەگەر سێ جار سورەی توحید بخوێنی ئەوا خەتمی قورئانت کردوە، ئەگەر سڵاو و درود لە سەر ئێمە بدەی ئەوا تۆدەخەینە بەر شەفاعەتی خۆمان، و ئەگەر لە خودا داوای بەخشیش بکەی بۆ مسلمانان، ئەوا ئەوانت لە خۆت ڕازی کردوە. وئەگەر ئەم زیکرە بڵێیت: (سبحان الله والحمدلله ولااله الاالله والله اکبر) ئەوا حەجت بەجێ هێناوە.

ژیان نامەی ئیمامانی ئەهلی بەیت ع

ئیمامی یەکەم

حەزرەتی عەلی میری بڕواداران کوڕی ئەبو تالیبە ودایکی فاتیمەی کچی ئەسەدە. وئامۆزاو زاوای پێغەمبەرە وەباوکی ئیمامەکان، وە لە دوای مردنی پێغەمبەر پێشەواوی جیهانە و ئەمیری بڕوادارانە.

لە ڕۆژی هەینی سینزەی ڕەجەب، سی (٣٠) ساڵ لە دوای لە دایك بوونی پێغەمبەر لە شاری مەککە وە لە ناو ماڵی خوا یانی کەعبە قبیلەی موسڵمانان هاتوتە دونیا، وە لە شەوی هەینی نوزدەی مانگی ڕەمەزان لە مزگەوتی کوفە لە میحرابی خوا پەرەستی، بە شمشێری عەبدولرحمان کوڕی مولجمی مورادی بریندار کراو لە دوای سێ ڕۆژ لە تەمەتی شەست و سێ ساڵیدا شەهید بوو و بەرەو لای پەروەردگای جیهانیان بۆ دونیایی هەمیشەیی ڕوویی.

ئیمام حەسەن و ئیمام حوسەین کاروباری شۆردن و کفن کردن و بە خاك سپاردنیان

گرتە ئەستوو. وە جەستەی پاك و خاوێنی لە شاری نەجەف پیرۆز لەم شوێن و مەزارەی کە وائێستا بە ناو بانگە لەسەر وەسیەتی خۆی شەوانە بەدزییەوە شاردییانەوە، تا لە دەستی دوژمنەکانی وەکو خەوارج و حەجاجییەکان لە ئەماندا بێت، لە پاشاندا ئیمامی سادق و ئیمامی کازم مەزارەکەیان ئاشکرا کرد.

میری بڕواداران و مەولای خۆپارێزان خاوەنی پلەو پایەێکی زۆرە، ئەو یەکەمین کەس باوەڕی بە پێغەمبەر هێنا، وە لە هەموو تەمەنی سەری بۆ بت شۆڕ نەکردۆتەوە و سوجدەی بۆ نەبردووە،لە هەموو شەڕەکان سەرکەوتوو بووە، وە هیچ کات لە مەیدانی شەڕ هەڵنەهاتووە. وە لە زانست و داد کە تایبەتی پێغەمبەران و ئەولیای خوایە، ئەوەندە سەیدا بووە کە پێغەمبەر لەبارەیەوە فەرمویەتی: «**أقضاکم علی**» واتە دادوەر ترین کەس لە ناوتان عەلییە. واتە دادوەر بوون کە کاری پێغەمبەر و ئەولیای خوایە تەنیا شایستەی عەلییە، چونکە ئەو لە هەمووان داناتر و زاناترە لە بارەی ئەو زانستەوە، وە لە زانینی و زانست وا بووە کە پێغەمبەر لە بارەیەوە فەرمویەتی: «أنا مدینه العلم وعلی بابها».

واتە «من شاری زانستم و عەلی درگاکەیەتی».

لە بارەی هەقانیەت و هەق بوونی عەلی پێغەمبەر لە بارەیەوە فەرمویەتی: «علی مع الحق و الحق مع علی» واتە: عەلی لەگەڵ حەقە و حەقیش لە گەڵ عەلی یە.

لە ناو خەڵکی بەگشتی دادگەر بووە، سەروەتی بەیت و المالی بە شێوەی یەکسانی لە نێوان خەڵك دابەش ئەکرد. سەبارەت بەپارەو پولی دونیا خۆپارێز بووە، هەرکات سەری ئەکێشا ناو خەزینەی بەیت و المالی موسڵمانان و چاوی بەزێڕ و زێوەکەی ئەکەوت ئەیفەرموو: «ئەی زەرد و سپیەکانی ئەم دونیایە بڕۆن کەسێکیتر بخەڵەتێن، من بە ئێوە هەڵناخەڵەتێم» پاشان هەمووی لە نێوان هەژارانی موسڵمانان دابەش ئەکرد.

بەزەیی بە بێ دەستەلاتان ئەهاتەوە، لە گەڵ هەژاران هەڵس و کەوتی ئەکرد، یارمەتی لێیقەوماوانی ئەدا. بەحەق حوکمی ئەکرد، بە عەدالەت قەزاوەتی ئەکرد، بەکورتی بڵێین لە هەموو کردار و ڕەفتاریدا وەکوو پێغەمبەر بوو. تا ئەو رادەیە کە قورئانی پیرۆز لە ئایەتی ٤ موباهەلە دا، خوای مەزن و مەزن بە ئاشکرا عەلی بە نەفسی پێغەمبەر ناساند.

ئیمامی دووەم

ئیمامی حەسەن کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیبە دایکی فایمەی زەهرایە کچی ڕێزداری پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی موحەممەدە وە هەروەها کچەزای پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی موحەممەدە دووەمین جێنشینی پێغەمبەر لە دوای میری بڕواداران عەلی یە ئەو ئیمام و پێشەوای موسڵمانانە.

لە ڕۆژی سێشەممە نیوەی مانگی ڕەمەزان ساڵی سێیەمی کۆچی لە مەدینەی نورانی هاتووتە دونیا، و لە ڕۆژی پێنج شەممە، حەوتی مانگی سەفەر ساڵی چل و نۆی کۆچی لە تەمەنی چل و حەوت ساڵیدا ژەهراوی کراو شەهید بوو.

براکەی ئیمامی حوسەین کاروباری شۆردن و کفن کردن و بە خاك سپاردنی بە ئەستۆ گرت و لە مەزاری بەقیع لە شاری مەدینە بە خاکی سپارد.

لە زانست و خواپەرەستی لە سەرەوەی خەڵکی سەردەمی خۆی بوو، ڕەنگ و روخساری لە هەموو کەس زیاتر بە پێغەمبەری خوا ئەچوو.

وە لە کاتی خۆیدا دەسبەخێرترینی خەڵك بووە، بەخشەندەیەکی مەزن بووە، لێی

ئەگێڕنەوە ڕۆژێکیان یەکی لە کەنیزەکانی چەپکە گوڵیکی پێشکەش کرد، ئازادی کرد.

پاشان فەرمووی خوای پەروەردگار ئێمەی بەو جۆرە پەروەردە کردوە و ئەم ئایەتەی خوێندەوە «وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا» واتە: «هەر کاتێ سەڵاوێکت لە لایەنی کەسێکەو لێیکرا، تۆ ئەبێ لەو باشتر وڵامی بدەیتەوە» لە بارەی ئەو حەزرەتەوە وتوویانە: ڕۆژێکیان پیاوێك لە وڵاتی شام هاتبوو چاوی بە حەزرەت کەوت ئەوەی کە بە دەمیدا هات لە جوێن و قسەی ناشرین پێوت، حەزرەت بەسنگی فراوان و سەبری بێوێنە چاوەڕێکرد تا قسەکانی تەواو بوو، پاشان بە ڕووی پێکەنین بەرەو لای چوو سڵاوی لێی کرد پێی فەرموو: کاکە وا بزانم غەریبی لێرە، بە هەڵەدا چووی ئەگەر داوای لێی بوردنم لێ بکەی عەفوت دەکەم، ئەگەر داوای شتێك بکەیت ئەدەمێ، ئەگەر داوای ڕێنمویی بکەیت یارمەتیت ئەدەم، ئەگەر برسێتە، تێرت ئەکەم، ئەگەر پێ پەتیت، پیڵاوت بۆ ئەکڕم، ئەگەر بێ جل و بەرگی، دات ئەپۆشێنین، ئەگەر موحتاجی، پێت ئەدەین، ئەگەر هەڵاتوو پەنات ئەدەینێ، ئەگەر ئیش وکارت هەیە بۆت ئەنجام ئەدەین».

پیاوی شامی کە گوێ لە قسەکانی ئیمامی حەسەن بوو، گرایا، وتێگەیشت کە دام و دەزگای درۆیینی مەعاویە تا چ ڕادەیەك ئەوانی هەڵخەڵەتاندووە پاشان هاتە وڵام ووتی: شایەتی ئەدەم کە تۆ حوجەت و بەڵگەی خوای لە سەر زەوی «وخوای باشتر ئەزانی کە پەیامەکەی بەکێ ئەدات».

«اللّٰهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ».

ئیمامی سێیەم

ئیمامی حوسەین کوڕی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیبە دایکی فاتیمەی زەهرایە کچی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی موحەممەد کچەزای پێغەمبەری خوایە و سێیەمین جێنشینی ئەوە کە لە دوای براکەی ئیمامی حەسەن بووە پێشەوای موسڵمانان.

لە ڕۆژی پێنج شەممە سێیەمی شەعبانی ساڵی چوارەمی کۆچی لە شاری مەدینەی نورانی هاتە دونیا، وە لە ڕۆژی سێشەممە دەیەمی موحەررەم ساڵی شەست و یەکی کۆچی، لە ڕۆژی ڕووداو و کارەساتی دڵتەزینی بەناوبانگی عاشورا بە لێوی ووشك و زمانی تینوو شەهید کرا.

سێ ڕۆژ لە دوای شەهیدبونی، کوڕەکەی حەزرەتی ئیمام زەین و عابدین جەستەی لە خوێن قەڵتیوی بێسەر لە هەمان شوینی ئێستا کە کەربەلایە بە خاکی سپارد، لە کاتی شەهیدکردنی پەنجاو حەوت ساڵ لە تەمەنی پڕ بەرەکەتی تێپەریبوو. چاکەی ئەو حەزرەتە لەوە زیاترە کە باس بکرێت، ئەو جگەر گۆشەی پێغەمبەری خوا بوو، وە لە

بارەیەوە فەرمویەتی:«حُسَينٌ منّي وأنا مِنْ حُسين»واتە: حوسەین لە منە ومن لە حوسەینم وە هەروەها لە بارەی ئەو وبراکەی ئیمامی حەسەن فەرمویەتی: «هما ريحانتاى فى الدنيا» واتە:حەسەن و حوسەین دو گوڵی خۆش بووی منن لەم دونیایەدا. وە هەروەها فەرمویەتی: «الحسن والحُسين سيدا شباب أهل الجنه»واتە: حەسەن و حوسەین سەروەری گەنجەکانی بەهەشتن. وە هەروەها فەرمویەتی: «الحسن والحسين إمامان قاما أو قعدا» واتە: حەسەن و حوسەین هەر دوکیان ئیمامن چ پێشرەو بن وەیان نەبن. ئیمامی حوسەین زاناترین و خواپەرەسترین کەسی سەردەمی خۆی بووە، ئاوێنەیەکی تەواو لە باوکی میری بڕواداران و باپیری پێغەمبەری خوا بووە.

زۆربەی شەوانە گونی پڕ لە خۆراکی ئەگرتە سەر شاینەوە و بەسەر هەژاران و دابەشی ئەکرد. ئەڵێن لە کاتی شەهیدبوونی شوێنەواری گونیەکان لە سەرشانی موبارەکی دیار بووە. مرۆڤێکی زۆر دەست کراوە و سوودمەند و مەزن بووە.

لە ڕیوایەتدا هاتووە: عەرەبێکی بیابان نشین بە هۆی خوێندنەوەی چەند دێرەشیعر داوای یارمەتی لە ئیمامی کردووە:

لم يخب الان من رجاك ومن حـرك من دون بابك الحلقــه

هەر کەسێك ئۆمێدی بە تۆ بێت بێ ئومیدنابێ وە هەر کەسێك لە دەرگات بدات بێبەش نابێت

افــت جـوادُ وانت معتمـدُ ابو ك قد كان قائلَ الفَسقه

تۆ خەیر و پەنای بێ پەنایانی بەراستی باوکت بکوژی فاسق و دوو ڕووان بوو.

لولا الذى كـان من آوائلـكُم كانت علينا الجحيمُ مُنطبِقه

ئەگەر ڕێنوییەکانی باوك و باپیرت نەبوایە، لەوانە بوو هەر کات دۆزەخ ئێمە قوت بدایە.

پاشان ئیمام حوسەین چوار هەزار دیناری پێ داو داوای لێبوردنی بۆ کرد و فەرمووی:

خـــذها فإنی إلیك معتـذرٌ واعلَمْ بأنی علیك ذو شفقه

ئەم برە بارەیەم لێی بگرە وداوای لێبوردنت لێ ئەکەم و بزانە من سەبارەت بە تۆ میهرەبانم

لوکان فی سیرنا الغداۂ عَصی أمستْ سـمانا علیك منْـدَفقهِ

ئەگەر رۆژێك حوكمەتی دونیام كەوتەدەست سەروەتێكی زۆرت ئەدەمێ.

لکـــِن رَیْـب الزمـانِ ذُو غـیرٍ والکاف منّـــی قلیلـــةُ النفَقَـــه

بەڵام چیی بكەم كە دەورانی زەمانە بە دڵێ ئێمە نییە وە ئەوەی كە ئەتدەمێ كەمە.

عەرەبی بیابان نشین كە پارەكەی وەرگرت گریا، حەزرەت پێی فەرموو: لە وانەیە بەخشینەكەم كەم بێت بۆیە ئەگریت؟ وتی: نەخێر، بۆ ئەوە ئەگریم كە خاك چۆن ئەم دەستە بەخشێنەرانە لە خۆیدا جێ ئەكاتەوە.

بەڵێ! كەسایەتێكی بەو جۆرە بووە كە توانی بەڕاپەرینی خوێناوی خۆی ئیسلام وئایینی باپیری، بەڵكو هەموو جیهان هەتا هەتا زیندوو بكاتەوە، ڕاپەرینی حوسەینی ڕاپەڕینێك بوو كە لە جیهاندا بێ وێنە بووە.

ئیمامی حوسەین لە دوای براكەی باشترینی خەڵكی جیهان بووە كە خوێنی خۆی بۆ ئاو دانی داری ئیسلام ڕشت.

ئیمامی چوارەم

ئیمامی عەلی کوڕی حوسەین، نازناوی زەین و لعابدینە، کوڕی ئیمامی حوسەین و دایکی شەهر بانو (کچی یەزدگرد پاشای ئێران) بوو، لە رۆژی پێنج شەممە، پێنجەمی مانگی شەعبان ساڵی سی و شەشی کۆچی، لە رۆژێکدا کە بەسرا لە لایەنی باپیرییەوە میری بڕواداران فەتح کراوە لە مەدینەی نورانی لەدایك بووە. وە لە رۆژی شەممە دوانزەی موحەررەم وەتراوە لە بیست و پێنجەمی موحەررەم ساڵی نەوەت و پێنجی کۆچی بە ژەهر کوژراوە و شەهید بووە. تەمەنی ئەو حەزرەتە پەنجا وحەوت ساڵ وە ئەڵێن پەنجاو نۆ ساڵ بووە.

جەستەی ئەو پیاوە مەزنە خوایییە لە لایەنی کوڕە رێزدارەکەیەوە ئیمامی باقر لە شاری مەدینە لە گۆرستانی بەقیع لە قەراغی مامی خۆی، ئیمام حەسەنی موجتەبا بە خاك سپێردراوە.

ئەو ئیمامە رێزدارە لە زانست و چاکە و تەقوا و داد و عەدالەت و فیریاکەوتنی

بێپەنایان لە کاتیخۆیدا بێ وێنە بووە، زانایانی ئێمەش ڕیوایەتێکی بێژمار و پەند و دوعایەکی زۆریان لێوە نەقڵ کردوون.

ئیمامی عەلی کوڕی حوسەین سەرو ملی ئەپێچایەوە و شەوانەبە دزییەوە هەرچی هەیبوایە لە ئازووقە و خۆراکی و زێڕ و زێو بەسەر هەژاران و لێقەماوان دابەشی ئەکرد، پاش ئەوە کە حەرزەت شەهید بوو خەڵك زانییان ئەو کەسە ئیمامی زەین و لعابدین بووە،ئیمام زۆر حەزیئەکرد لەسەر سفرەخوانی هەتیوان و هەژاران دابنیشن.

لە داب و نەریت و ئەخلاقی چاکی ئەو حەزرەتە ئەوە بوو, کە هەر یەك مانگ جارێك کویلەکانی خۆی کۆ ئەکردەوە، لە گەڵیان دائەنیشت و پێیان ئەوت: هەر کامتان ژنتان ئەوێت ژنی لێی مارە ئەکەم، وە هەر کەسێك حەز ئەکات بیفرۆشم ئەیفرۆشم، وە هەر کەسێك حەز ئەکات ئازادی بکەم ئازادی ئەکەم کاتێ هژارێك داوای یارمەتی لێیکرد بوو، پێ وتبوو: ئافەرین بۆ تۆ کە بارەکەی کۆڵی منت تا ئاخیرەت هەڵگرتووە.

ناوبرا ئەوەندە لە سوجدەکردن ئەمایەوە، نازناوی بو بە سەججاد (سجّاد)، وە لە ئەنجامی سوجدەکردنی زۆر ئەو شوێنانەی کە ئەکەوتنە سەر زەوی، وەکو ناوچاو، ناوی هەر دو دەست و سەر ئەژنۆکانی هەموو چینیان بە ستبوو، وە لەبەر ئەوەی عیبادەتی زۆری ئەکرد پییان ئەوت نمونەی ڕازاوەی خواپەرەستان «زینُ العابدین».

هەر کاتێ بۆ نۆیژ ڕائەوەستا، تەواوی ئەندامەکانی لەشی ئەلەرزی و ڕەنگی دەم و چاوی زەرد ئەبوو.

پیاوێك لێی نزیك بووەوە، قسەی ناهەقی پێئەوت، بێدەنگ مایەوە و هیچی پێنەوت، پاش ماوەیەك، چوو بۆلای، دەوروبەرەکانی وایان ئەزانی قسەی پێئەڵێت، بەڵام بە پێچەوانەی بیری خەڵکەکە ئەم ئایەتەی لە قورئان خوێندوە کە ئەفەرمووی:

«وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ».

واتە: ئەوانەی کەوا توڕەبوونی خۆیان ئەشارنەوە، لە هەڵەی خەڵکی چاوپۆشی ئەکەن، بەراستی خوا چاکەکارانی خۆش دەوێت.

پاشان ئیمام بەو پیاوەی وت: برام تۆ کە لە بەرامبەر من ڕاوەستاوی و ئەوەی کە وتت،وتت.. ئەگەر راستت کردووە ئەو سیفەتانە لە مندا هەیە، داوا لە خوا ئەکەم لێمببورێ. وە ئەگەر نەبوو، تۆ تۆمەت و قسەی نابەجێت گوتووە، داوا لە خوا ئەکەم بتبورێ.

ئیمامی پێنجەم

ئیمامی موحەممەدی باقر کوڕی ئیمامی زەین ولعابدینە، دایکی فاتیمەی کچی ئیمامی حەسەنی موجتەبایە ولە ڕۆژی هەینی یەکەمی مانگی ڕەجب وە وتراوە ڕۆژی دوشەممە سێیەمی مانگی سەفەر ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچی لە شاری مەدینەی نورانی هاتووتە دونیا. وە لە ڕۆژی دوشەممە حەوتی مانگی حاجییان ساڵی سەدو چواردە بە هۆی ژەهرەوە ژەهراەی کراو شەهیدبوو.

لە کاتی شەهید بوونی تەمەنی موبارەکی پەنجا و حەوت ساڵ بوو جەستەی پاك و خاوێنی لە مەدینەی نورانی لە گۆرستانی بەقیع لە کناری باوك و مامی بە خاك سپێردراوە.

خاوەنی کەرامەتێکی زۆرە، پێشەوایی، ئایین، زانست، ئەخلاق. خواپەرەستی.

دەست کراوەیی، بێتەکەبوور، وە بە هۆی ئەو هەموو ڕەوشتە چاکانەوە سوودی زۆر بە کۆمەڵگای گەیاندووە.

لە بارەی ئەخلاقی چاکی ئەو حەزرەتەوە ئەڵێی: ڕۆژێکیان پیاوێکی مەسیحی پێی ووت: تۆ بەقەری لە عەربیدا بەمانای مانگایدێت، ئیمام لە ولامیدا فەرمووی: نە،من باقیرم

یانی (شەق کردنی زانست) بە زاراوەی ئەمڕۆ شرۆڤەکەر وشیکەرەوەی هەر زانستێکی ئاڵۆز. پێی وت: تۆ کوڕی ئەو ژنە چێشت لێنەرەی، ئیمام فەرموی، ئەوە سیفەتە ئیشیەتی. (ئیش و کار عەیب نییە). پێی وت: تۆ کوڕی ئەو ژنە ڕەشتاڵەی ؟ ئیمام فەرمووی: ئەگەر ڕاست ئەکەیت، لە خوا داوا کارم لێی ببورێت، وە ئەگەر دروت کرد، لەخوا داوا کارم لەتۆ ببورێ:

لە ئەنجامی ئەم وتووێژە پێغەمبەرانەی ئیمام پیاوی مەسیحی بووە موسڵمان.

حەزرەتی باقیر لە زانست و زانین وەکو باوکانی خۆی دەریای زانست بوو، وە بێ وەستان بە هەر پرسیارێکی وڵام ئەدایەوە.

(ابن عطای) مەککی ئەڵێ: زانایانی مەزن کە ئەگەیشتنە خزمەتی ئیمامی باقر بچوک ئەبوونەوە، کەمییان ئەهێنا لە بەرامبەری.

(حَکَم بن عَقبە) بەو زانست و زانینەی و ناوەی کە دەرکرد نەی، کاتی ئەگەشتەلای ئیمامی باقیر، ئەوەندە خۆی بە بچوك ئەزانی وەکو منالّ لە بەردەمی ڕائەوەستاو لە حوزوری وەکو قوتابی سوود لە مامۆستاکەی وەرئەگرت.

(محمد بن مُسلِم): ئەڵێ: هەر کاتێك شتێك بهاتایەوە بیرم لە حەزرەتی باقیرم ئەپرسی، وە نزیکە سێ هەزار حەدیسم لەو حەزرەتە پرسیوە.

حەزرەتی باقیر هەمیشە لە بیری خوا بوو، ئیمامی سادق کوڕی لە بارەیەوە ئەفەرمێ: «باوکم زۆر و یردی خوای ئەکرد، وە هەمیشە خوای لەسەر زمان ئەبوو هەتا لە کاتی قسە کردندا لە خوا غافل نەئەبوو، خواپەرەستی وعیبادەتی زۆر ئەکرد و چاوەکانی پر بوون لە فرمێسک».

ئیمامی شەشەم

ئیمامی جەعفەری سادق کوڕی ئیمامی موحەممەدی باقیرە، دایکی فاتیمە وە (ئوم فەروەیان) پێ‌ئەوت، لە رۆژی هەینی حەڤەی رەبیعی یەکەم، رێکەوت لە گەڵ رۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەری رێزدار، لە ساڵی هەشتاو سێی کۆچی هاتووتە دونیا، وە لە رۆژی بیست و پێنجی شەوال ساڵی سەدو چل و هەشتی کۆچی لە لایەنی ئەبو جەعفەری مەنسووری دەوانیقی ژەهراویکرا و شەهید بوو.

لەکاتی شەهید بوون تەمەنی موبارەکی شەست و پێنج ساڵ بوو، لە مەدینەی نورانی لە گۆرستانی بەقیع لە قەراغی باوك و باپیری بە خاك سپێر دراوە.

زانست و چاکە، فقهو حیکمەت، زوهد وخۆپارێزی، ڕاستی و داد، مەزنایەتی دەست کراویەیی و ئازایەتی وەهەرچی سیفاتی چاك و باش هەیە لە بارەی ئەو رێزدارەوە بلێی هێشتا هەر کەمە.

خوا لێخۆش بوو شێخی موفید رەحمەتی خوای لێی بێت فەرمویەتی: زانایان ئەوەندە لە حەزرەتی سادقەوە ڕیوایەتیان کردووە لە هیچ یەك لە سەروەرانی ئال و بەیت

ڕیوایەتیان نەکردووە ئەو کەسانەی کە باوەریان بە ئیمام بوو حەدیسیان لیێ ئەگێرایەوە نزیکەی چوار هەزار نەفەر بوون.

ئەبوحەنیفە پێشەوای مەزهەبی حەنیفی یەکانی ئەهلی سوننەت یەکی لە قوتابیانی قوتابخانەی حەزرەتی سادق بووە، وە هەروەها پێشەواکانی قریش دیسان قوتابی حەزرەتی سادق بوونە،بەڵکو هەندێکیان قوتابی قوتانیانی حەزرەت بوون، زۆر لە زانستەکانی نۆی وەکو کیمیا و فیزیك، هەیئەت و ئەستێرەناسین، ڕێگای دۆزینەوەی کانەکان ودەرهێنانی کۆگاکانی ژێر زەوی و زۆرشتیتر دامەزراندووە.

ئیمامی سادق ئەوەند لە خواردن و جل و پۆشین زاهید و خۆراگر بووە، خوراکی نانی و شك و روون بووە، جل و بەرگی لە مووی بزن بووە، وە بە دەستی خۆی کشت و کاڵی ئەکرد.

عیبادەت و نوێژی زۆری ئەکرد، سوودی بۆ دۆست و دوژمن وەکو یەك بوو هیمەت و ڕاگەیاندنی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی خوا ڕونکردنەوە و شرۆڤەی قورئان بێوێنە و بێووچان بووە، ئەو لە ناکۆکی لە نێوان ئەمەوییەکان و عەبباسی یەکانی تازە پێگەیشتووە، هەلێ بە دەست هێنا، بۆ نوێکردنەوەی بناغەکانی ئایینی ئیسلام بۆیە لەم ڕووەوە پەیڕەوانی مەکتەبەکەی ناوبران بە مەزهەبی جەعفەری.

ئیمامی حەوتەم

ئیمامی موسا کوڕی جەعفەر نازناوی کازمە، دایکی حەمیدە خاتوون. نازناوی موسەففایە.

ناوبراوی لە ڕۆژی یەك شەممە حەوتەمی مانگی سەفەر ساڵی سەد وبیست و هەشتی کۆچی لە ئەبواو کە ئەکەوێتە نێوان مەککە و مەدینەوە هاتووتە دونیا.

وە لە ڕۆژی بیست و پێنجەی مانگی ڕەجەبی ساڵی سەد و هەشتاو سێی کۆچی لە دوای چواردە ساڵ زیندانی لە زیندانی زوڵم وستەمی هارونی ڕەشیدی عەبباسی، وە لە کۆتاییدا لە هەمان زیندان لە ساڵی پەنجا و پێنج ساڵیدا ژهراوی کراو شەهید بوو.

کاروباری شۆردن و کفن کردن بە هۆی کوڕی خۆی ئیمام ڕەزا ئەنجام درا وە هەمان مەزار کە ئێستا بە کازمەین لە بەغدا ناسراوە بە خاك سپێردراوە. زاناترین، چاکترین، ئازاترینی خەڵکی سەردەمی خۆی بووە، خۆش ڕەفتار، شیرین گوفتار، ڕازاوەترین ئەخلاقی هەبوو، چاکە و زانستی بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرا بووە، پلەی بەرز، شوێنی بەناوبانگ لە کۆمەڵگادا هەبووە.

حەزرەتی کازم عیبادەتی زۆربوو و سوجدەی درێژ دەکرد، وە ئەوەندە ڕووخۆش ئەهاتە بەر چاوی خەڵك وە تەنانەت لە کاتی توڕەبوون دا واخۆی پیشانی خەڵك ئەدا کە هیچی لە دڵدا نییە، بۆیە بە نازناوی «کازم» ناسرا بووە, ئەوەندە چاك ئەهاتە بەرچاوی خەڵك پێیان ئەوت «العبد الصالح».

زانیاری لە هەمو و زانستەکان یەکجار زۆر بوو، وە لە سەرەوەی هەموو زانایانی سەردەمی خۆی بووە. حەدیسی ناوداری «بریهە» گەورەی مەسیحییەکان نمونەیەکی دیارە لە زانستی ئەو حەزرەتە، کەدوای ئەوە لە بەرامبەر زانست و دڵاوایی و خۆراگری ئیمام تێشکاو بوو بە موسڵمان و هاتە سەر ئایینی ئیسلام، لە بارەی دەست کراویەیی ئەو حەزرەتە نەقڵیان کردووە: کاتی هەژارێك داوای سەد پەنجایی لە حەزرەتی کرد، ئیمامی بۆ ئەوەی کابرا شەرمەزار نەبێ لەپێش چاوی، داوای لێی کرد بۆ خۆی فێری زانین و زانست بێت، بۆ هاندانی چەند پرسیارێکی لێی کرد تابزانی ئاستی خوێندنی چەندە کابرا باش وڵامی دایەوە، ئیمام لە بەرامبەر وڵامدانەوەکەی دو هەزار پەنجایی پێ بەخشی.

لە قورئان خویندن دەنگی لە هەموو خەڵك خۆشتر بووە، وە لە خواپەرەستی تاکانەی سەردەمی خۆی بووە، وە ترس و لەرزی لە خوا لە هەموو کەس زیاتر لە دلێدابووە.

ئیمامی هەشتەم

حەزرەتی عەلی کوڕی موسا، ناسراو بە رەزایە دایکی نەجمەخاتوونە، لە رۆژی هەینی یانزەی زیلقەعدە ساڵی سەد و چل و هەشتی کۆچی لە شاری مەدینەی نورانی هاتووتە دونیا، وە لە رۆژی کۆتایی مانگی سەفەر ساڵی دوسەت و سێ لە تەمەنی پەنجا و پێج ساڵیدا بە ژەهر شەهید کرا.

کاروباری شۆردن و کفن کردن لە لایەنی کوڕەکەی خۆی حەزرەتی جەواد ئەنجام درا. لە و شوێنەی کەوا ئێستا لە مەشهەد بە خاك سپێردراوە.

زانست و زانیاری، چاکە و نەجابەت، دەست کراوەیی، کرداری چاك وەخۆبە بچوك زانین و عیبادەتی ئەو حەزرەتە ئەوەندە بە ناوبانگە پێویستی بەوتن و ژماردن نییە.

مەئمون خەلیفە عەباسی کە بە فڕوفیل و مەکر و درۆ ناسراو بوو، بە هۆی نەخشەیەکی داڕێژراوە، داوای لە حەزرەت کرد تا لەجیاتی خۆی خەلافەتی ئیسلامی بگرێتە دەست، بەڵام ئیمام قەبوڵی نەکرد چونکە لە فڕوفیلی مەئمون ئاگادار بوو، پێشنیهادەکەی رەت دایەوە مەئمون کە بەوەی زانی زۆری لێیکرد تا جێگری خەلیفە

«ولایت عهد» قەبوڵ بکات، حەزرەتی رەزا بە مەرجێك قەبوڵی کرد هەتا مەئمون ماوە دەست نەخانە ناو کاروباری وڵات و حوکمەتەوە.

مەئمون کە هەمیشە لە بیری ئەوە بوو کە چوون ئەو حەزرەتە لە ناو ببات جاروبار دانیشتنیکی دروست ئەکرد سەرۆکی ئایینەکان و مەزهەبەکانی بانگهێشت ئەکرد و لە حەزرەتیش دوای ئەکرد لە گەلیاندا بە شداری بکات، ئیمام رەزایش ئامادە ئەبوو زانستی بەر فراوانی ئیمام ببووە هۆی سەر سوورمانی هەمووان و مەئمون لە نەخشەکەی تێکشاو و سەر شۆر بوو.

حەزرەتی رەزا لە عیبادەتدا بێ وێنە بوو، وە زۆریەی شەوەکانی بە عیبادەت رۆژ ئەکردەوە، زۆربەی کات خەریکی قورئان خوێندن بوو، هەر سێ رۆژ یەکجار هەموو قورئانی ئەخوێندەوە، وە زۆر رۆژ بووە لەشەو و رۆژێکدا هەزار رکات نوێژی ئەخوێند، جار وابوو بە ساعەت سەر لە سوجدە هەڵنەگرتووە، ولە گەڵ خوای خوی رازو نیازی کردووە.

لە داب و نەریت و هاورییایەتی و تووێژ بە هیچ جۆریك کەسی بە زمان ئازار نەئەدا، لە قسەکردن قەت هەڵەی نەئەکرد. وە لە کۆبوونەوەکان و دانیشتنەکانی تا خەڵکی لای بوو قەت پاڵ نەئەکەوت، هیچ کات بەدەنگی بەرز پێ‌نەئەکەنی.

کاتێ کە سفرەی نان خواردن پان ئەکرایەوە ـ بەتایبەتی لە کاتێکدا کە جێگری خەلیفەیی لە لایەتی مەئمونەوە بە سەریدا سەپێنرا بوو، هەموو ئەندامانی ماڵەوەی کۆئەکردەوە لە سەرهەمان سفرەوە تەنانەت لە گەڵ خزمەتکارانیش پێکەوە نانیان ئەخوارد.

ئیمامی نۆیەم

حەزرەتی موحەممەدی جەواد کوڕی عەلّی کوڕی موسایە دایکی سەبیکە خاتونە. لە ڕۆژی دەیەمی مانگی ڕەجەب ساڵی سەد و نەوت و پێنجی کۆچی لە مەدینەی نورانی هاتووتە دونیا، وە لە ڕۆژی دوایی مانگی زیقەعدەی ساڵی دوسەت و بیست لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا ژەهراوی کراوە شهید بوو، وە جەستەی پیرۆزی لە قەراغی پاپیر حەزرەتی ئیمامی موسا کوڕی جەعفەر لەشاری کازەمەینی بەغدای ئێستا بە خاك سپێردراوە.

ئیمامی موحەممەدی جەواد لە سەردەمی خۆیدا زانانترین و چاکترین و دەست کراوەترین و خۆش ئەخلاقترین و پارا و زمان ترین خەڵکی ئەو ڕۆژگارە بووە.

هەر کاتێك چووتە دەرەوە بە سواری ئەسب ئەچووە دەرەوە و یەك کیسە زێڕ و زێو لەگەڵ خۆی هەڵ ئەگرت، وە هەر کەسێك داوای شتێکی لێی بکردایە بێبەش رەتی نەئەدایەوە، وە هەر کاتی یەکی لە ئامۆزاکانی داوای یارمەتی لێیبکردایە کەمتر لە پەنجا دەرهەمیان پێ نەئەدا.

لە نمونە بە دیارەکانی زانیاری و زانستی ئەو حەزرەتە کە بۆ خەڵك روون ئەبوەوە، یەك ساڵ لە دوای ئەنجامدانی کاروباری حەج، هەشتا نەفەر لە گەورەترین زانایان وڵاتانی ئیسلامی لە دەوری کۆئەبونەوە، پرسیاری جۆرا و جۆر لە هەموو بابەتێکەوە لێیان ئەکرد ئەویش بە رێك وپێکی وڵامی هەموویان ئەدایەوە.

یەکی لەو کارە سەرسوور هێنەرانەی حەزرەت ئەوە بوو کە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆ ببونەوە، وە لە یەك دانیشتندا نزیکەی سێ‌هەزار پرسیاریان لێیکرد، وبێ هەڵە وبێ‌ووچان هەمووی وڵام دایەوە.

هەڵبەت ئەم جۆرە کارانە لە بنەماڵەی وەحی و قورئان دوورنییە، تەنانەت خودی خەلیفەی سەردەم، چەندین جار بە پرسیاری گران و ئاڵۆز حەزرەتی ئەزمون ئەکردوە، ئەویش بە جوانتر شێوەی وڵامی ئەدایەوە.

ئیمامی دەیەم

حەزرەتی عەلی نەقی کوڕی ئیمامی موحەممەدی جەوادە دایکی سەمانە خاتوونە لە ڕۆژی پانزەی مانگی حاجییان یان دووەمی رەجەبی ساڵی دوسەد و پەنجا و چوار لە تەمەنی چل و دو ساڵیدا لە شاری سامەررا ژەهراویکراو شەهید بوو.

ناوبراو لە چاکترین، زاناترین، دەستکراوەترین و شیرین زمان و خواپەرەست و خۆش ئەخلاق ترین خەڵکی سەردەمی خۆی بووە.

«ئەربلی »چیرۆکێکی زۆر جوان و ڕازاوە لەبارەی دەستکراوەیی ئەو حەزرەتە ڕیوایەت کردووە کەئەڵێ: ڕۆژێکیان خەلیفە سێهەزار پەنجایی بۆئیمام نارد ئەوەیش هەموو پارەکەی دا بە کابرایەکی عەرەبی بیابان نشینی کە قەرزدار بوو، وپێیوت برۆ قەرزەکانت بدەوە، ئەوەی کەلێی مایەوە خەرجی ماڵ و منالْت بکە، وە ئەگەر کەمە داوای لێبوردنت لێی ئەکەم.

کابرای عەرەب بەئیمامی ووت: ئەی کوڕی پێغەمبەری خوا، من ئارەزووی یەک سێیەمی ١/٣ ئەم پارەیەم کرد، بەڵام خوا بۆخۆی ئەزانی پەیامی بە کی ئەدات، پاشان بە خۆش حاڵی ڕۆیشت.

ئیمامی یانزە

حەزرەتی حەسەنی عەسکەری کوڕی ئیمایم عەلی نەقییە دایکی حودەیسە خاتونە.

لە ڕۆژی هەینی هەشتیمی ڕەبیعی دووەم ساڵی دو سەد و سێ و دو کۆچی لە شاری مەدینەی نورانی هاتووتە دونیایەوە، وە لە ڕۆژی هەینی هەشتەمی ڕەبیعی یەکەم ساڵی دو سەد و شەست لە تەمەنی بیست وهەشت ساڵیدا لەشاری سامەڕرا ژەهراوی کرا و شەهید بوو. کاروباری شۆردن و کفن کردن و بە خاك سپاری لە لایەنی کوڕی بە ڕێزیەوە ئیمامی زەمان (خوا هەر چی زووترە بە دیاری بخات) گرتە ئەستۆ، وە لە قەراغی باوکی لە هەمان شار وەلە هەمان شوێن نیژرا.

چاکە، زانست و زانین، شەرف، مەزنایەتی، خواپەرستی، ئەخلاقی چاکی لە کەس شاراوە نییە.

ئیمام زۆر جوان و خۆش هەیکەل بووە و پچمێکی نورانی هەبوو. هەرچەندە لەتەمەن زۆر گەورە نەبوو بەڵام خاوەن هەیبەت و مەزنایەتی بووە، وە لە ئەخلاقدا وەکوو پێغەمبەری خوا بووە، وە لە بارەی دەست کراوەی حەزرەت،لە ئیسماعیلەوە ڕیوایەتێك

کراوە کە ئەڵێ: لەسەر ڕێگای ئیمام دانیشتبووم کاتی بەلاما تێپەڕی، چووەمە پیرییەوە وسوێندم بۆ خوارد وتم موحتاجم، فەرمودی. سوێند بە درۆو ئەخۆی لە کاتێکدا تۆ دو سەد دینارت شاردۆتەوە؟ پاشان فەرموی: ئەم قسەی من لەبەر ئەوە نییە من هیچت نەدەمێ، پاشان ڕووی کرد غولامەکەی و پێ وت ئەوەی کە لەگەڵتدا پێ بدە، ئیسماعیل ئەڵێ غولامەکە ئیمام سەد دیناری دامێ.

پیاوێکی تر کە موحتاجی پێنسەد پەنجایی بوو، وە کورەکەیش سێسەد پەنجایی قەرزار بوو، ناو بانگی دەست کراوەیی ئیمامیان بیستبوو چوونە خزمەتی پێش ئەوە کۆر و باوك موحتاجی خۆیان بڵێ، حەزرەت لەگەڵ غولامەکەی پێنسەد پەنجاییبۆ باوك وسیسەد بەنجایی بۆ کورەکەی نادر بوویان.

مەزنایەتی و دەست کراوەیی ئیمام هەر بۆ موسڵمانەکان نەبووە، بەڵکو داگری ژیانی غەیر موسڵمانانیش بووە. هەر لەبەر ئەو هۆیانە بوو کە مەسیحییەکان هەموویان شایەتی ئەوەیان ئەدا کە ئەو حەزرەتە لە تەواوی ڕەفتار و کردار و زانست و کەرامەتی وەکو حەزرەتی عیسایە. ئەو مەزنە لە عیبادەت زۆر تێکۆشەر و زۆربەی شەوانە تا بەیانی هەر خەریکی عیبادەت بوو.

ئیمامی دوانزه

حەزرەتی مەهدی، موحەممەد کوڕی حەسەنی عەسکەرییە و نازناوی ئەبولقاسمە، یانی حەزرەتی مەهدی ناوی ناو پاپیری پێغەمبەرە، و ناز ناویشی نازناو پێغەمبەرە، دایکی نەرگیس خاتوونە، لە نیۆەی شەعبان ساڵی دوسەد و پەنجاو پێنجی کۆچی لەشاری سامەررا هاتووتە دونیا. ئیمامی زەمان (هەرچی زووتر خوا بە دیاری بخات) دواپین بەلگەی خوایە لەسەر زەوی, وە دواپین جێنشینی پێغەمبەرە، وە دوانزەیەمین ئیمامی موسڵمانانە خوای تەبارەك وتەعالا بە توانایی خۆی تەمەنی ئەم حەزرەتەی درێژ کردووە، ولە بەر چاو شاردویەتییەوە، تا لە ئاخر زەمان بە دیاری بخات و جیهان پرلە داد و عەدل بکات دوای ئەوە کەپر بووە لە زوڵم و ستەم.

پێغەمبەری ڕێزداری ئیسلام و ئیمامانی مەعسوم و خاوێن هەواڵیان بە ئێمە داوە کە مەهدی چاوەڕوانکەر و زیندووە تا ئەو ڕۆژەی بەدیار ئەکەوىو فەرمانرەوایی لە سەرانسەری دونیا ئەکات وعەدالەتی تێدا بڵاو ئەکاتەوە، وە کۆشك و تەلاری زوڵم و ستەم تێ کئەشکێنی وئەرۆخێنی{تاخوا ئایینی ئیسلام بەسەر ئایینەکانی جیهاندا سەر بخات

هەرچە ندی موشرکین پێیان ناخۆش بێت ونارازی بن} خودایا لەدەرخستن و ئاشکراکردنی پەلە بکە و... ئێمە لە یارانی باوەفای بڕیار بدە.

لە بەر ئەوەی کە ئیمامی زەمان لەماڵی خۆی لە بەر چاو وون بووە موسڵمانەکان ماڵەکەی کە لە سامەڕرایە کردونەتە زیارەتکا، وەئێستا ئەو سەردابە بە سەردابی غەیب (لەبەرچاو نەماوە) ناوی دەرکردووە.

هەڵبەتە لە نادیاری ئیمامی زەمان ئەرگی لێپرسراوی شیعەکان زۆرترە وەکو: ناسیاری تەواویان بۆ ئەو حەزرەتە، چاوەڕێ دەرکەوتنی بن، دوعای ساغ و سەلامەتی بۆبکەن، وداوا بکەن هەرچی زووتر بێت، وەهەروەها لە گێرو گرفت وکێشەی ژیان لەو حەزرەتە بپارێنەوە، وە دەیان لێپرسراویتر کە ئێرە جێ باسیان نییە. لە خوای بژون ئەپارێنەوە کە یارمەتیمان بدات بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە.

حەزرەتی حمزە لە ابوجهل تۆڵە دەسێنێتەوە

ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا(ص) لە کێوی صفاوە دەهاتە خوارەوە و بەرە و ماڵ دەچویەوە لە نیوەی ڕێگەدا ابوجهل ڕێگەی بە پێغەمبەر(ص) گرت و قسەی ناشیرینی بە ئەو دەوت بەڵام پێغەمبەر (ص) جوابی نەدایەوە و ڕێگەی ماڵی گرتبویە بەر ابوجهل ڕۆشتەوە بۆ ناو قوریش، دوای ماوەیەك حەزرەتی حمزە (برایی شیری پێغەمبەر(ص) لە ڕاو دەهاتەوە و تیروکەوانەکەی بە سەرشانەوە بو.

حەزرەتی حمزە عادەتی وا بو کە بەر لە ئەوەی کە برواتەوە بۆماڵ تەوافی کعبەی دەکرد لە دوایدا دەچوبۆ کوبونەوەکانی دەوری کعبە و سڵاوێکی ئەوانی دەکرد دوای ئەم ئیشانە دەکەوتە ڕی بەرەو ماڵەوە کە خادمەکەی عبدالله بن جدعان کە شایەتی ئەم ڕوداوە بو لە نێوان ڕیگە دا چاوی بە ئەو کەوت و وتی: ئەی ابا عمارە خوزگە چەند کاتژمێرێك لەمەوپیش لێرەدا دەبوی و دەتبینی کە چۆن ابوجهل برازاکەتی ئازار دەدا.

قسەکانی ئەو خادمە زۆر کاریگەری خستە سەر حمزە، ئەویش بەبێ ئەوەی کە بیرلە دوای بکاتەوە گەڕایەوە بۆ دەوری کعبە کە تۆڵەی برازاکەی لە ابوجهل بسینیتەوە، لە کوێوە هاتبو گەڕایەوە. حمزە ابوجهلی لە ناوکۆبونەوەی قوریشیەکان دا بینی، ڕوشت بەرەو ڕویان بەبی ئەوەی کە لە گەڵ کەسێك قسەبکات تیروکەوانەکەی بەرزکردەوە وکیشای بە سەری ابوجهل دا کە لە ئەنجام دا سەری ابوجهل شکا حمزە وتی: تۆ بوی بە ئەو پیاوەی کە پێغەمبەری خودا (ص) ئازار دەدەیت و قسەی ناشیرینی پێ بڵێی؟ من بە ئەوئیمانم هێناوە وئەو ڕێگەی کە ئەو دەچێت منیش ئەو ڕێگایە دەچم ئەگەر دەتەوێت وەرە ڕێ لە من بگرە.

چل حەدیس بە بۆنەی شەهید بونی میری باوەرداران، ئیمام عەلی ع

١ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) دەستی لە سە ر شانی عەلی دانا بوو، بە دە نگی بە رزەوە فەرمووی: «هذا امام البرره قاتل الفجره، منصور من نصره، مخذول من خذله» واتە ئەمە ئیمامی چاکان و بکوژی خراپە کارانە. هەر کەسێ یارمەتی ئەوبدا، یارمەتی دەدرێ و سەردەکەوێ، هەر کەسێك ئەوسەر شۆڕ بکات، سەرشوۆڕ دەکرێت.

حاکم لە بەرگی سێی موستەدرەك، لاپەڕەی ١٢٩، ئەم حەدیسە لە جابر دەگێڕێتەوە و دەڵێ کە حەدیسێکی دروستە، بەڵام بوخاری و موسلیم نە یانگێڕاوەتەوە.

٢ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمووی: سە بارە ت بە عەلی سێ شت بەمن وە حی کراوە : «انه سید المسلمین و امام المتقین و قائد الغرالمحجَّلین» واتە : ئەو،سەروەری موسڵمانەکان و پێشەوای پارێزکاران و ڕێبەری ناوچاو سپی و نورانییەکانە.

حاکم ئەم حەدیسەی لە بەرگی سێی موستدرەك. سەرەتای لاپەڕەی ١٣٨ هێناوە و دەڵێ: حەدیسێکی دروستە، بەڵام بوخاری و موسلیم باسیان نەکردووە.

٣ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرموویەتی: «وەحیم بۆ هاتووە کە عەلی، سەروەری موسڵمانان و پێشەوای پارێزکاران و ڕێبەر و سەردەستەی ناو چاوسپی و نورانی یەکانە». کوڕی نەججار و نووسەرانی سونەن گێراویانەتەوە.

٤ـ پێغەمبەر بە عەلی فەرموو: «مرحبا بسید المسلمین و امام المتقین» سڵاو بۆ سەروەری موسڵمانەکان و ئیمامی پارێزکارەکان. ئەبو نەعیم لە (حلیه الاولیاء) دا دەیگێرێتە وە.

٥ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمووی: «اول من یدخل من هذا الباب إمام المتقین و سیّد المسلمین، و یعسوب الدین، و خاتم الوصیین، و قائد الغر المحجلین» واتە: «یەکەم کەسێ کە لەم دەرکەوە دێتە ژوورێ، ئیمامی پارێزکاران و سەروەری موسڵمانەکان و یەعسوبی ئاین و ئاخرینی وەسی یەکان و سەردەستەی نورانی یەکانە». عەلی هاتە ژوور. پێغەمبەر هەستا سەر پێ و مزگێنی پێ دا و لە باوەشی گرت و عارەقی نێوچاوانی سڕی و گوتی: «تۆ دوای من پێشەوای دەینی منی و دەنگی من بەخەڵک دەگەیەنی و ئەوەی ناکۆکی یان تێ دا هەیە، ڕوونی دەکەیتەوە».

٦ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) دەفەرمێت : «إن الله عهد إلیَّ فی علی أنه رایه الهدی، و إمام اولیائی و نور من أطاعنی، و هو الکلمه التی ألزمتها المتقین... » واتە: «خودا پێی فەرمووم: عەلی، ئاڵای هیدایەت، ئیمامی دۆستەکانم، تیشکی فەرمانبەرەکانمە. ئەوش دەبێتە هۆی ئەوی کە پارێزکاران پابەندی ئەوبن ».

دەبینی کە ئەم ٦ حەدیسە بە ڕوونی داکۆکی لە سەر ئیمامەت وپێویستی فەرمان بردن لەئەو دەکات.

٧ـ پێغەمبەر (صلى الله عليه واله و سلم) ئاماژەی بە عەلی کرد و فەرمووی: « إن هذا أول من آمانی، و أول یصافحنی یوم القیمه، و هذا الصدیق الاکبر و هذا فاروق هذه الامه، یفرق بین الحق و الباطل و هذا یعسوب المؤمنین » واتە : «ئەو، یەکەم کەسە ئیمانی پێ هێناوم، یەکەم کەسێکە، لە ڕۆژی قیامەت دا، دەس لە ناو دەستی من دەنێ. ئەو سەدیقی گەورە و فاروقی ئەم ئۆمەتەیە و حەق و باتڵ لێك جیا دەکاتەوە، ئەویە عسوبی ئیماندارە کانە».

٨ـ پێغەمبەر (صلى الله علیه واله و سلم) فەرمووی : «ئەی کۆمەڵی ئەنسار! ئایا دەتانەوێ شتێکتان نیشان بدەم کە ئەگەر دەستی پێوە بگرن، قەت ڕێگا ون ناکەن؟ ئەوشتە عەلی یە. چۆنتان من خۆش دەوێ، ئەویشتان وا خۆش بوێ، چۆن ڕێز و حورمەت بۆ من دادەنێن، واش ڕێز بۆ ئەو دانێن، ئەوەی پێم گوتن جبراییل لە لایەن خواوە بە منی گۆتووە.

٩ـ پێغەمبەر (صلى الله علیه واله و سلم) فەرمووی: «انا مدینه العلم و علی بابها، فمن اراد المدینه فلیأت الباب » واتە: من شاری زانستم و عەلی درگاکەیەتی، هەرکەس شاری دەوێ، لە درگاوە بێت.

١٠ـ پێغەمبەر فەرمووی: «انا دارالحکمه و علی بابها ». واتە : « من یانەی حیکمەتم و عەلی درگاکەیەتی».

١١ـ پێغەمبەر (صلى الله علیه واله و سلم) فەرمووی: «عەلی درگای زانستی منە و لە پاش من، ئەوەی پێم ڕاسپێردراوە، بۆ ئۆمەتەکەی ڕوون دەکاتەوە، خۆش ویستنی ئەو ئیمان و قینی ئەو، دوو ڕووی یە».

١٢ـ پێغەمبەر (صلى الله عليه واله و سلم) بە عەلی فەرموو: «تۆ لە پاش من، ئەوشتەی ئۆمەتەکەم ناکۆکی یان لە سەری هەیە، ڕوون دەکەیتەوە». حاکم لە بەرگی سێی موستەدرەك، لاپەڕەی ١٢٢ لە ئەنەس دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئە م حەدیسە بە پێی مەرجی موسلیم و بوخاری لە قەبوڵ کردنی حەدیس دا دروستە، بەڵام ئەوان نەیانگێڕاوەتەوە.

من دەڵێم: کە سێك کە لەم حەدیسە و حەدیسەکانی تر دا وردبێتەوە، تێدەگا هەمان ڕۆل کە پێغەمبەر (صلى الله عليه واله و سلم) لە بەرانبەر خوا هەیەتی، عەلیش لە بەرانبەر پێغەمبەر (صلى الله عليه واله و سلم) هەیەتی، چونکە خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر (صلى الله عليه واله و سلم) ئەفەرمێ:

﴿ ئێمە قورئانمان بۆ تۆ نە ناردووە، جگە لە ئەوی کە ئەو شتەی ئەوان ناکۆکی یان لە سەری هەیە، ڕوون کەیتەوە و ئەم قورئانە ڕەحمەت و هیدایەتە بۆ ئەوانەی ئیمانیان هێناوە ﴾. پێغەمبەریش بە عەلی دەڵێت: تۆ لە پاش من ئەوشتەی ناکۆکی یان تێیدا هەیە، بۆ خەڵك ڕوون دەکەیتەوە.

١٣ـ کوڕی سەمماك بە زنجیرە لە ئەبوبەکر دەگێڕێتە وە کە پێغەمبەر فەرمووی: «عليَ منّي بِمَنْزِلَتي مِنْ رَبّي» واتە : پلە و پایەی عەلی لە لای پێغەمبەر صلى الله عليه و اله وسلم وەکوو پلە و پایەی پێغەمبەرە لە لایەن خواوە.

١٤ـ دارقوتبی لە کتێبی (الإفراد) دا بە زنجیرە لە کوری عەبباسی دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه واله و سلم) فەرمووی: عەلی کوری ئەبی تالب درگای حەقیقەتە. هەر کەس لەم درگا بێتە ژوور، ئیماندارە و کەسێك لێی بچێتەدەرەوە، کافرە».

١٥ـ پێغەمبەر لە (حَجّهُ الْوداع) لە عەرەفات دا فەرمووی: (عەلی لە منە و من لە عەلی، کەسێ لە لایەن منەوە پەیامی خوا ڕاناگەیەنێ بێجگەلە عەلی).

ئەمە قسەی پێغەمبەرێکی بەڕێزە کە بە هێزە و هەروەها لە لای خوا پلەیەکی تایبەتی هەیە، لە ئەو فەرمان دەبەن،ئەمینە،پێغەمبەری ئێوە شێت نیە و لە ڕووی هەوەسەوە قسە ناکا. ئەوەی کە دەیڵێت دەستوراتێکە پێی وەحی کراوە. کە واتە بۆ کوێ دەچن و قسەتان لە بەرامبەر ئەم هەواڵە دروستانەوە چیە؟ ئەگەر کەمێ بیر لەئەم ئەرکە (کە ڕاگەیاندەکەی وە ئەستۆی عەلی خراوە) بکەنەوە و بەجوانی لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لە حەجی ئەکبەر، لە پێش چاوی هەموو کەس دا ڕابمێنن، بەجوانی و ڕوونی ڕاستەیەکانی بۆ دەر دەکەوێ. هەر کاتیش چاو لە ووشەکانی بکەی کە چەندە کەم و واتاکەی چەندە بەرزە، ئەم حەدیسەت زۆر بە گەورە دێتە بەرچاو، چونکە ئەوشتەکانی کۆ کردۆتەوە و لە پێوانەیەکی بەرێوە بردنی ئەم کارە نیە. ئەمەش شتێکی سەیر نیە، چونکە بێجگە لەوەسی، کە لە لایەن پێغەمبەرەوەیە کەسێکی تر ناتوانێ ئەم ئەرکە بەڕێوە بەرێت و بێجگە لە جێنشینی و وەلی، کەس ناتوانێ، کارو باری ئەوی لە دەس دابێ. حەمد بۆ خوایە کە ئێمەی هیدایەت داوە و ئەگەر ئەو هیدایەتی نەدایەن قەت هیدایەت نەدەکراین.

١٦ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) دەفەرمێت : «کەسێك فەرمانی من بەڕێوە ببا، فەرمانی خوای بەڕێوە بردووە، کەسێك کە نافەرمانی لە من بکات، نافەرمانی لە خوا کردووە. کە سێك فەرمانی عەلی بەڕێوە ببا، فەرمانی منی بە ڕێوە بردووە و کەسێك نافەرمانی لە ئەو بکات، نافەرمانی لە من کردووە».

حاکم لە بەرگی سێی موستەدرەك، لە ١٢١دا و زەهەبیش لە کورتەی موستەدرەك،

له هه‌مان لاپه‌ڕه دا هێناویانه و ده‌ڵێن به پێی شه‌رتی بوخاری و موسلیم، ئه‌م حه‌دیسه دروسته.

١٧- پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه واله و سلم) فه‌رمووی: «ئه‌ی عه‌لی! هه‌ر كه‌س له من جیا ببێته‌وه، له خوا جیا بۆته‌وه، هه‌ركه‌سیش له تۆ جیا ببێته‌وه، له من جیا بۆته‌وه»، حاكم له به‌رگی سێی موسته درەك، لاپه‌ڕه ٤١٢، ده‌یگێڕێته‌وه و ده‌ڵێ: به‌ڵگه‌كانی دروسته، به‌ڵام بوخاری و موسلیم نه‌یانگێڕاوه‌ته‌وه.

١٨- دایكی سه‌لمه ده‌گێڕێته‌وه كه پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه واله و سلم) فه‌رمووی: «هه‌ركه‌سێ جوێن و قسه‌ی ناخۆش به عه‌لی بڵێ، قسه‌ی خراپی به‌من گوتوه»، حاكم له به‌رگی سێی موسته‌درەك، لاپه‌ڕه ١٢١ ده‌یگێڕێته‌وه و به پێی شه‌رتی موسلیم و بوخاری، به‌حه‌دیسێكی دروستی ده‌زانێ. زه‌هه‌بیش له كورته‌ی موسته‌درەك داهێناویه‌تی و به دروستی ده‌زانێ. ئه‌حمه‌دیش له به‌رگی شه‌شی موسنه‌د، لاپه‌ڕه ٣٢٣ له (دایكی سه‌لمه)وه ده‌گێڕێته‌وه و نه‌ساییش له (خصائص العلویه»)، لاپه‌ڕه ١٧ باسی ده‌كات، عه‌مر كوری شاس حه‌دیسێك ده‌گێڕێته‌وه كه وەك ئه‌م حه‌دیسه ده‌چێ: «هه‌ركه‌سێك عه‌لی ئازار بدات، منی ئازار داوه ».

١٩- پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه واله و سلم) ده‌فه‌رمێت : «هه‌ر كه‌س عه‌لی خۆش بوێت، منی خۆش ویستووه و هه‌ر كه‌س دوژمنایه‌تی له گه‌ڵ بكات، دوژمنی منه». حاكم له به‌رگی سێی موسته‌درەك هێناویه‌تی و به پێی مه‌رجی موسلیم و بوخاری به دروستی ده‌زانێ. زه‌هه‌بیش له كورته‌ی موسته‌درەك دا هێناویه‌تی و به پێی مه‌رجی ئه‌ وان به دروستی ده‌زانێ. قسه‌یه‌كی حه‌زره‌تی عه‌لیش هه‌یه كه وەك ئه‌م حه‌دیسه ده‌چێت : «سوێند به‌و كه‌سه‌ی كه دانه‌ی قه‌ڵه شاندو رۆحی مرۆڤی خوڵقاند، ئه‌مه په‌یمانێكه له

لایەن پێغەمبەرەوە کە هەر ئیماندارێك منی خۆش دەوێ و دوو ڕوو دوژمنایەتیم لەگەڵ دەکات ».

٢٠ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) بە عەلی فەرموو: «یا علی انت سید فی الدُّنیا، سید فی الاخره، حَبیُبکَ حَبیبی و حبیبی حبیبُ اللّه و عَدُوّک عدوُّی و عدوّی عدوّاللّه والویلُ لِمَنْ ابغَضَکَ مِن بَعْدی. واته : ئەی عەلی لە دنیاو ئاخیرەت دا سەروەرو گەورەی، دۆستی تۆ، دۆستی منە و دۆستی من دۆستی خوایە. دوژمنی تۆ دوژمنی منە و دوژمنی من دوژمنی خوایە، وای بە حاڵی ئەوکەسەی کە لە دوای من ڕقی لە تۆ ئەبێتەوە».

حاکم لە بەرگی سێی موستەدرەك، لاپەڕەی ١٢٨، دەیگێڕێتەوە و بە پێی مەرجی موسلیم و بوخاری بە دروستی دەزانێ.

٢١ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرموویەتی: «ئەی عەلی! خۆزگە بەئەو کەسەی تۆی خۆش بوێ و سەبارەت بە تۆ ڕاست بڵێ و قوڕ بە سەر ئەوکەسەی دوژمنایەتیت لە گەڵ دەکات و درۆت پێوە هەڵدەبەستێ ».

حاکم لە بەرگی سێی موستەدرەك، لاپەڕەی ٥١٣ هێناویەتی و دەڵێ: بەڵگەی ئەم حەدیسە دروستە، بەڵام بوخاری و موسلیم نەیانهێناوە.

٢٢ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمووی: «مَنْ اراد أنْ یَحْیی حیاتی و یَمُوتَ مَیْتَتی و یَسکُنَ جنَّه الخُلدِ الَّتی و عَدَنی رَبّی فَلَیَتولَّ علیَّ بن ابیطالب فَانَّه لَنْ یُخْرِجکُم مِنْ هُدی و لَنْ یُدخِلَکُم فِی ضَلالَه» واته : هەرکەس دەیەوێ ژین و مەرگی وەکوو من بێ و بچێتە ئەو بەهەشتە هەمیشەیی کە خوا بەڵێنی پێداوم، ولایەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب قەبوڵ بکا، چونکە ئەو قەت ئێوە لە ڕێگەی هیدایەت دەرناکا و لە ڕێی ونتان ناکات.

٢٣ـ پێغەمبەر (صلى الله عليه واله و سلم) دەفەرمێت : «هەرکەس ئیمانی پێم هێناوە و منی بە راست زانیوە، پێی دەسپێرم کە ولایەتی عەلی قەبوڵ بکا، چونکە هەرکەس ولایەتی ئەو قەبوڵ بکات، ولایەتی منی قەبوڵ کردووە و هەرکەس ولایەتی منی قەبوڵ بێت، ولایەتی خوای قەبوڵە. هەرکەس ئەوی خۆش بوێت، منی خۆش ویستووە و هەرکەس منی خۆش بوێت، خوای خۆش ویستووە، ئەوکەسەی دوژمنایەتی و ڕقی ئەوی لە دڵ دابێت، دوژمنایەتی منی لە دڵ دایە و هەرکەس دوژمنایەتی منی لە دڵدا بێت، دوژمنایەتی خوای لە دڵ دایە».

٢٤ـ پێغەمبەر (صلى الله عليه واله و سلم) فەرمویەتی: «هەرکەس پێی خۆشە ژین و مەرگی وەکوو من بێ و بچێتە بەهەشتی عەدەن کە خوا دارەکانی هەڵپاچیوە، دەبێ لە پاش من ولایەتی عەلی و وەلی یەکەی قەبوڵ بکات و پەیڕەوی لە ئەهلی بەیت بکات، ئەوان عیترەتی منن و لە خاکی من خوڵقاون و خوا فام و زانستی منی پێداون. قور بەسەر ئەوکەسانەی ئۆمەتم کە باوەڕ بە فەزڵ و گەورەیی ئەوان نەکەن و پێوەندی من لە نێویاندا هەڵبـڕن، خوا قەت شەفاعەتی من نەسیبیان ناکات ».

٢٥ـ پێغەمبەر (صلى الله عليه واله و سلم) فەرمویەتی: « هەرکەس پێی خۆشە مەرگ و ژینی وەکو من بێ و بچێتە بەهەشتێ کە خوا بەڵێنی پێداوم کە بەهەشتی هەرمانە دەبێ ولایەتی عەلی و دودمانەکەی لە دوای من، قەبوڵ بکات. ئەوان، ئێوە لە درگای هیدایەت دەرناکەن و بۆ مەڵبەندی ڕیێ و لادراوی ناتابەن ».

٢٦ـ پێغەمبەر (صلى الله عليه واله و سلم) بە عەمماری فەرموو: «ئەی عەمار! هەر کات دیتت عەلی بە ڕێگایەك دا دەڕوا و خەڵکی دیکە بە ڕێگایەکی تر دا، لە گەڵ عەلی برۆو، ئیشت بە خەڵك نەبێ، ئەوناتخاتە نشێو و لە ڕێگای هیدایەت، دەرت ناکات ».

٢٧ـ له حەدیسی ئەبوبەکردا هاتووه که پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرموویەتی: «له دادپەروەری دا، دەستی من و عەلی یەکسانه».

٢٨ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) به فاتمەی فەرموو: «ئەی فاتمه، ئایا بەم زەماوەندە ڕازی نیت: خوا چاوێکی له خەڵکی زەوی کرد و دوو نەفەری هه ڵبژارد، یەکیان باوکت و ئەوی دیکه، مێردەکەت.

٢٩ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمویەتی: «انا المنذر و علی الهاد، و بک یا علی یهتدی المهتَدُون مِنْ بَعْدی» واته : من ئاگادارکەرەوم و عەلی هیدایەتگەر، ئەی عەلی! له پاش من کەسانێك که هیدایەتیان دەوێ که به هۆی تۆوه هیدایەت دەکرێن.

٣٠ـ پێغەمبەر فەرمویەتی: «یا علی لایَحِل لأحد اَنْ یَجْنُبَ فِی الْمسجِدِ غَیری و غَیْرِك» واته : ئەی عەلی! بێجگه له من و تۆ بۆ کەس حەڵاڵ نیه که له مزگەوت دا جەنابەت ببێت.

حەدیسێکی دیکەی وەك ئەمەش هەیه که تەبەرانی له دایکی سەلمەوه بەزار، له سەعد، له پێغەمبەری دەگێرنەوه: «بێجگه له من و عەلی بۆ کەسی تر حەڵاڵ نیه لەم مزگەوتەدا جەنابەت بێ.

٣١ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمویەتی: «انا و هذا (یعنی علیاً) حُجَّةُ علی اُمتی یوم القیامه» من و ئەمه (یانی عەلی) له ڕۆژی قیامەت دا حوججەت و دەلیلی ئۆمەتین». خەتیب ئەمەی له ئەنەس گێراوەتەوه.

٣٢ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمویەتی: له سەر درگای بەهەشت نووسراوه: «لا الهَ الاّ اللّه، محمد رسولُ اللّه، علیٌ اَخو رسولِ الله» واته : خوایەك بێجگه

له خوای تاقانه نیه، محەممەد پێغەمبەری خوایه و عەلی برایەتی.

٣٣- پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرموویەتی: له سەر کۆڵەکەی عەرش نووسراوە: «خوایەك بێجگه له خوای تاقانه نیه، موحەممەد ڕەسولی خوایه و به هۆی عەلی یەوە ئەوم یارمەتی دا».

٣٤- دیسان دەفەرمێ: «هه رکەس دەیەوێت چاو له ئیرادەی نوح، زانستی ئادەم، سەبری ئیبراهیم، زیرەکی موساو زوهدی عیسا بکات، تەماشای عەلی کوری ئەبی تالب بکات».بەیهەقی له سەحیحەکەی خۆی دا و ئیمام ئەحمەدی حەنبەل له موسنەد دا ئەم حەدیسه هێناویانە.

٣٥- پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) به عەلی فەرموو: «ئەی عەلی، له تۆ دا نیشانەیەکی عیسا هەیە، ئەویش ئەوەیه که یەهود دوژمنایەتی یان له گەڵ کرد بەڕادەیەك که بۆختانیان به دایکی کرد. نه ساراش هێنده یان خۆشویست که ئەویان له پله و پایەیەك دانا که نەیبوو».

٣٦- دیسان فەرموویەتی: «السَّبَقَ ثلاثهٔ، السابِقُ الی موسی یُوشَعُ بن نُون و السَّابِق الی عیسی صاحِبُ یاسین والسابقُ الی محمد علیَ بن ابی طالب » واتە: سبقەت کەرەکان سێ کەسن: سبقەت کەر بۆ لای موسا، یوشەع کوری نون، سبقەت کەر بۆ لای عیسا، ساحەبی یاسین، سبقەت کەر بۆ لای محەممەد، عەلی کوری ئەبی تاڵبە.

٣٧- پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمویەتی: «ڕاست بێژەکان (صدیقین) سێ کەسن: حەبیبی نەججار، ئیمانداری ئالی یاسین که گوتی ئەی هۆزەکەم! پەیڕەوی له نوێنەرانی خوا بکەن. حەرقیل، ئیمانداری ئالی فیرعەون که گوتی: ئایا کەسێك دەکوژن

که دەڵێ پەروەردگاری من خوایە؟. عەلی کوری ئەبی تالب که لەهەموویان چاکتر و گەورەترە».

٣٨- پێغەمبەر به عەلی گوت: «لە پاش من، ئۆمەتەکەم خێرا زوڵمت لێ دەکات و تۆ بەپێی ئایینی من دەژیت و لە سەر سوننەتی من دەکوژرێیت. هەرکەس تۆی خۆش بوێ منی خۆش ویستووە و هەرکەس دوژمنایەتی لە گەڵ تۆ دا بکات، دوژمنی منە. دەبینم گەردنت بە خوێنی سەرت سوور دەبێ». عەلیش دەڵێت: «لەو شتانەی کە پێغەمبەر ئاگاداری کردم، ئەوەیە کە لە پاش من ئۆمەتەکە م زوڵمت لێ دەکەن».

کوڕی عەبباسیش دەڵێت کە پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) بە عەلی فەرموو: بەزوویی لە پاش من دەکەوێتە چەرمەسەری و نارەحەتی. گوتی: ئایا لەئەو کاتەدا دینەکەم سلامەتە؟ فەرمووی: بەڵێ دینەکەت سلامەتە».

٣٩- رۆژێك پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) لە نێو ئەسحاب دا فەرمووی: «لە نێو ئێوەدا کەسێك هەیە کە لە سەر تەئویلی قورئان، شەڕ دەکات، هەروەك من لە سەر هاتنی شەڕم کرد. هەموو سەریان هەڵێنا. ئەبوبەکر و عومەریش لەئەوێ بوون. ئەبوبەکر پرسی منم؟ فەرمووی: نا. عومەر: ووتی منم؟ فەرمووی: نا. ئەوکەسەیە کە خەریکی دورینی پێڵاوە، واتە: عەلی. (لەئەو کاتەدا عەلی خەریکی پینە کردنی پێڵاوێك بوو).

ئەبوسەعیدی خدری دەڵێت: هاتینە لای عەلی و ئەم مزگێنی یەمان پێدا. ئەوتەنانەت سەریشی هەڵ نەهێنا. دەیگوت ئەم شتەم چەندەها جار لە پێغەمبەر بیستووە».

حەدیسی ئەبوئەیوبی ئەنساری لە کاتی خەلافەتی عومەر دا، ئەودەڵێت: پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمانی بە عەلی دا کە لە گەڵ پەیمان شکێنان (ناکثین)،

له هەق هەڵگەڕاوان (قاسطين) و لەدین لادەران (مارقین) شەڕ بکات و بیان کوژێ.

حەدیسی عەمماری یاسریش دەڵێ کە پێغەمبەر فەرمویەتی: «یا عَلیّ سَتُقاتِلُكَ الفئهُ الباغیهُ و انتَ علی الحق فَمن لَمْ یَنْصر كَ یَومئذ فَلَیس منی» ئەی عەلی! بە زوویی دەستەیەکی یاغی و زاڵم شەرت لەگەڵ دەکەن، بە ڵام تۆ هەر لە سەر ڕاستە قینەی. لەو ڕۆژە دا هەرکەس یارمەتیت نەدا، لە من نیە.

ئەبوزەریش دەڵێ کە پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمووی: «سوێند بە ئەو کەسەی گیانم لە دەستی دایە، لە نێو ئێوە دا کەسێك هەیە کە لە سەر تەئویلی قورئان شەڕ دەکات، هەر وەك من لە بەر هاتنی شە ڕم کرد».

محەمەد کوڕی عوبەیداللە کوری ئەبی رافع، لە باوکی لە باپیرەی دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر فەرمووی: «لە پاش من دەستەیەك لە گەڵ عەلی شەڕ دەکەن. جیهاد لە گەڵ ئەوانە وەکو ئەرکی خوایی پێویستە، هەرکەسێکیش هێزی جیهادی نیە، بە زمان شەڕ بکات، هەرکەس ئەوەشی نەتوانی دەبێ بە دڵی شەڕیان لە گەڵ بکات».

ئەخزەری ئەنساریش دەڵێت: پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمووی: «من لە بەر هاتنی قورئان شەڕ دەکەم و عەلی لە سەر تەئویلەکەی بە شەڕ دێت».

٤٠ـ پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمووی: ئەی عەلی تایبەتمەندی من لە سەر تۆ پێغەمبەرایەتی یە، چونکە لە پاش من پێغەمبەرایەتی یەك نیە. تۆش حەوت ئیمتیازت لە سەر خە ڵك هەیە: یەکەم کەسی کە ئیمانت بە خوا هێناوە، با وەفاتر لە هەموویان بەپەیمانی خودا، ڕاوەستاوتر لە هەموویان لە فەرمانەکانی خوادا، لە هەموو کەس زیاتر لە دابەش کردنی بەیتولماڵ دا یەکسانی لە بەر چاودەگری، بۆ خەڵکی لە

هەموو کەس دادپەروەرتر و لە تایبەتمەندیەکان دا لە لای خوا لە هەموویان سەرتری.

ئەبو سەعیدی خدریش دەڵێت: پێغەمبەر (صلی الله علیه واله و سلم) فەرمووی: «ئەی عەلی! تۆ حەوت تایبەتمەندیت هەیە کە لە کەسی تر دا نیە، تۆ یەکەم ئیمان هێنەر بە خوا، باوەفاتر بە پەیمانەکەی ڕاوەستاوتر لە کارەکەی، دڵفراوانتر سەبارەت بە خەڵك، ئاگاتر لە داوەری دا و لە تایبەتمەندی دا لە هەموویان سەرتری».

ئەمە ئەو چل حەدیسە بوو باس لە ئیمامی عەلی دەکات بەڵام بێجگە لەمانەش زۆر حەدیسی دیکەهەن کە لێرە دا جێی نیە. ئەوانیش وەك ئەمانەیەك دەست و یارمەتیدەرن و کۆکردنەوەی هەموویان، یەك واتا دەگەیەنن و ئەویش ئەمەیە کە عەلی لەئەم ئۆمەتەدا دوای پێغەمبەر یەکەم کەسە و لە پاش ئەو ڕێبەرایەتی خەڵك هەروەك بۆ پێغەمبەر بوو بۆ عەلی یە.

هەر بۆیە ئەم حەدیسانە تەواتوری واتایی یان هەیە، گەرچی تەواتوری بێژی یان نەش بێ، هەر ئەمەش بۆ تۆ بەڵگەیەکی تەواو ڕوونە.

شەوی قەدر

پاداشتی زیاتر لە هەشتاو سێ سال پەرستن لەتەنها یەك شەودا موسڵمانانی خوا پەرست زۆرمان لەهەوڵ و کۆششی تەواودابن بۆ بەدەست هینانی بژیوی ژیانمان تا وای لێهاتوە پەرستنەکانمان لەیاد چووە لەکاتێکدا دلنیا نین لەوەی کەئایا مردن دەرفەتمان دەدات ئەو برەسامانەیە کە کۆمان کردوەتەوە سەرف کەین بۆیە زۆر جار بۆ ئاوەدان کردنەوەی ماڵی دوونیا خۆمان ماندوو دەکەین و لەگەڵیا ماڵی قیامەتمان ویران دەکەین لەکاتێکدا ئاوەدان کردنەوەی ماڵی قیامەتمان ئاسانەو ماندووبوونێکی زۆری ناوێت بەڵام وێران کردنی پیویستی بەهەولێکی زۆر هەیە ڕێگایەکی دوورمان گرتۆتە بەر بە مەبەستی گەیشتن بەخۆشبەختی کەچی ڕێگای خۆشبەختی زۆر ئاسانەو زۆریش نزیکە لێمانەوە لەدەرەنجامی هەموو ئەو تاوانانەی ئەیکەین هیندەی تر دلەکانمان ڕەش دەبیت لەکاتێکدا هەندێ پەرستن هۆکارن بۆ سرینەوەی زۆرێك لەتاوانەکانمان بۆیە لێرەدا ئەپرسم لەماوەی ١١ مانگ و ٢٠ شەو دا هەمیشە خەوتن چیمان دەست کەوتووە و لەئەنجامی چی ؟

بێگوومان لەدەست چوونی نویژی بەیانی و ئەمیش لەئەنجامی ماندووبوونی رۆژ

باشەلەماوەی ١١ مانگ و ٢٠ شەودا دانیشتن بەدیار سەتەلایتەوە چیمان دەست کەوتووە بێگوومان ئازاردانی چاوەکانمان و زیاد کردنی تاوانەکانمان ئەمە جگەلە شەو نخوونی و قسەکردن بەتەلەفۆن تا دەمەو بەیان و چەندین تاوانی تر ئەی لەئەنجامی کارکردنی بەردەوام لەماوەی ١١ مانگ و ٢٠ رۆژ چیمان دەست کەوتووە هەندێ پارەو سامان کە زۆر جار بە ناشەرعی یان لەسەر حیسابی پەرستنەکانمان دەستمان دەکەوێت بەداخەوە بازاری دوونیا بۆ زیاد کردنی سامان و بژیوی ماڵ و منداڵ سەرقاڵی کردووین لەوەی کەهەوڵ و کۆششەکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەو رۆژەی خوای پەروەردگار لەبارەیەوە ئەفەرموویت:

﴿ يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ واتەئەو رۆژە کە نە ماڵ و سامان سوودی دەبێت نە منالْ و کوڕان بەکەڵك دێن مەگەر کەسێك بەدڵێکی ساغەوە بێتە حزووری خوای گەورە، زانایان لەپێناسەی القلب اللسیم دا ئەڵێن مەبەست ئەو دڵەیە کە خاڵی بێت لەبیدعەو دامەزراو بێت لەسەر سوونن‌ەت لەدوونیادا گرێ بەستێك بکە بە دڵێکی پاکەوە بۆ ماوەی هەشتاو سێ ساڵ یاری کردن بۆچی و بۆ کوێ بۆ زیادکردنی سامان و سەرمایە و ئەو منالانەی کە رنگەلەپاش مردنت لەو سامانەت هیچ خێرێك نەکەن لێرەدا پێت دەڵێم وەرە بۆماوەی ١٠ شەو لەگەڵ پەروەردگار تا مامەڵەیەك بکە قازانجی ئەو ١٠ شەوەشت لە٨٣ سال پەرستن زیاترەلە تەنها ١٠ شەودا ئیستا کاتی ئەوە هاتووە تاقی کردنەوە یەکی تر بکەین بە تەنها ١٠ شەو نەخەوتن تەعویزی ١١مانگ و ٢٠ شەو غەفڵەت بکەینەوە خوای پەروەردگار لەبەر سۆزو بەزەیی بە بەندەکانی تەنها ١٠ شەوی کردۆتە هۆکار بۆ دەست کەوتنی پاداشتی هەشتاو سێ سال پەرستن بەڵام چۆن بەچ شیوەیەك تەنها دە شەو بتوانێ لەیانزەمانگ و بیست شەو گەورەتربێت بەدڵنیایەوە لەتەرازووی

شەرعدا ئەم دە شەوە نەك لە١١مانگ قورسترو گەورەترەبەڵکو لەهەشتاو سێ ساڵ گەورەترە بەواتەیەکی تر پاداشتی هەشتاو سێ سال پەرستن بەتەنایی دە شەو پەرستن بەدەست ئەهێنێت بەڵێ ئەم دە شەوەی کە بەشێکن لەساڵ چ جیاوازیەکیان لەگەڵ شەوەکانی تردا هەبیت لیرەوەئەمەویت وەلامی ئەم پرسیارە لەمرۆڤێکەوە نەبیستێ بەلکوو وەڵامی پرسیارەکەت لەکتێبی خوای پەروەردگارەوە ببیستی کەخوای گەورە خۆی دەفەرموویت : ﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ *وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ * لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ * تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ مِنْ كُلِّ أَمْرٍ * سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ﴾

بەڵێ موسلمانانی بەڕێز ئەو دەشەوەی باسمان کرد شەوی قەدرە کە پاداشتی هەزار مانگی هەیە بۆیە ئەڵێم بە یەك شەو پەرستن چونکە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان بە پەرستن زیندووکەیتەوە دڵنیا بە ئەو شەوە ئەدۆزیتەوە کە لیلەالقدری تیایە بۆ ئەڵێین هەر دە شەوەکەی زیندوو کەرەوە بۆ ئەوەی دڵت ئارام بگرێت کە لە شەوی قە دردا بە خۆ بڕۆیت و پاداشتی هەزار مانگت دەست کەوتووە وەبۆ ئەوەی دلنیا بیت لەگەورەیی ئەم دە شەوە ئەوە پێغەمبەرمان صلی الله علیەو الە وسلم فەرموویەتی: ﴿من قام لیلە القدر ایمانا و احتساباغفر لە ما تقدم من ذنبە متفق علیە﴾.

واتە هەرکەسێك شەوی قەدر زیندوو بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێت و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ئەوە خوای گەورە لەتاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت بزانە خوای پەروەردگار چەند بەسۆز و بە بەزەییە بەرامبەر بە بەندەکانی پاداشتی زیاتر لەهەشتاو سێ ساڵ لەیەك شەو پەرستندا، توخوا موسلمانی بەریز ئەمەکاری پەروەردگارە

بەرامبەرمان باشە ئیمە شەرم ناكەین لە كردەوەكانمان بەرامبەر پەروەردگارمان تەنانەت گەرەیی ئەم شەوە گەیشتۆتە ڕادەیەك كە فریشتەكانیش داوای لیَ خۆش بوون بۆ مووسلمانان دەكەن.

ئیمەی مرۆڤ كە بەردەوام لە تاواندایین لەجیاتی گریان پیدەكەنین لەكاتێكدا پێغەمبەری ئازیزمان صلی الله علیه و اله وسلم، خوای پەروەردگار لەتاوانی ڕابردوو و داهاتووی خۆش بوو كەچی شەوی قەدری بەپەرستن زیندوو ئەكردەوە هەر وەك عائیشە سەبارەت بەپێغەمبەری خۆشەویست صلی الله علیەو اله وسلم نەقلّ دەكات : ﴿كان النَبی صلی الله علی و اله وسلم اذا دخل العشر شد مئزره و أحیی لیله وأیقظ أهله﴾ رواه البخاری و مسلم واتە : دوور ئەكەوتەوە لەجووت بوون لەگەلّ خێزانەكانێدا وە شەوەكانی زیندوو دەكردەوە وە خێزانەكانیشی بەخەبەر دهەێنا بەڕاستی شەرمەزاریە بۆ ئیمەی مرۆڤ كەكاتێك میوانێكمان دێت تا نیوەشەو ناخەوین و لەگەلّیاندا غەیبەتی ئەم و ئەو دەكەین تاوان دەكەین لەكاتێكدا لەشەوی قەدر دا هەزاران فریشتە میوانمانن كەچی بیَ گویَ دانە بە ئەم میوانە بەڕێزانە خەوتن هەلّ ئەبژێرن.

حەسەنی بەسری ڕەزای خوای لیَ بێت فەرموویەتی نەمبینی شتێك لەعیبادەتدا وەك شەو نوێژ بیت وەهەركاتیَ شەدادی كوڕی ئەنەسیش بچوایەتە سەر جیگای خەوتن لەشەودا وەك پاقلەیەك چووی دەكولّێنی وای لێدەهات دەیووت خوایە جەهنم نایەلّیَ بخەوم هەلّئەستا بۆ شەو نویژ كردن ئەمە حالّی پێشینیان بووە كە چی ئیمە چركەیەك خەو نادەین بەهەموو دوونیا بۆیە مووسلّمانانی بەریز چۆن شوانی تر تا نیوە شەو بەدیار دووگۆلّی و دەمە تەقێوە دادەنیشین و شەو نخوونی دەكەین ئەوا هیچ نەبێت وەك شەوانی

تریش ئەم دە شەوە تاقی کەرەوە بەڵام بەپەرستی پەروەدگار هیچ نەبێ لێ خۆش بوونی پەروەردگارت دەست دەکەوێت. بۆیە ئاگادار بە چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه و اله وسلم فەرموویەتی: ﴿ أتاكم شهر رمضان مبارك و فيه ليله هى خير من ألف شهر من حرم خيرها فقد حرم ﴾ صحيح الجامع الصغير٥٥.

واتە ئەوا مانگی ڕەمەزانتان بە سەرداهات کە مانگێکی پیرۆز و بە بەرەکەتە وە شەوێکی تیایە خیرو چاکەی لەهەزار مانگ زیاترە و چاکترە ئەوکەسەی لەخیرە چاکەکەی بێ بەش بێ ئەوا بێ بەش بووە ئەوەشمان لەبیر نەچێ فەزڵی ئەم دە شەوە زۆر گەورەیە لەوانەش

١ شەوێکە قورئانی پیرۆزی تیادا هاتوەتە خوارەوە ﴿ إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴾.

٢ شەویکی پیرۆزو موبارەکە.

٣خاڵیە لەکاری خراپە و پڕە لەکاری چاکە ﴿ سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ ﴾.

٤ فریشتەکان دینەخوارەوە بۆ سەر زەوی خیرو چاکە و لێ خۆش بوون دهێنن ﴿تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُوَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ مِنْ كُلِّ أَمْرٍ ﴾.

٥ تیایدا خوای پەروەردگار ئەجەل و ڕۆزی بەندەکانی دەنووسێت ﴿ فيها يفرق كلُ أمر حكيم ﴾.

٦ پاداشتی پەرستن تیایدا لەهەزار مانگ زیاترە﴿ لَيْلَةُالْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴾.

٧ هۆکارە بۆ لێ خۆشبوونی تاوانەکانی ڕابوردومان پیغەمبەر صلی الله علیه و اله وسلم فەرموویەتی : ﴿ هەر کەسیك شەوی قەدر زیندوو بکاتەوەو باوەڕی پێی بێت و چاوەڕێی پاداشتی خوا بێت ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی ڕابردووی خۆش دەبێت.

٨ خوای گەورە سورەتێکی لەفەزڵی ئەم شەوە ناردۆتە خوارەوە کەتا قیامەت دەخوێندرێتەوە بۆیە لەم دە شەوەی کۆتاییدا با خوو ڕەوشتمان وەك خوو ڕەوشتی پێغەمبەر صلی الله علیه و اله وسلم بێت. ﴿کان رسول الله صلی الله علیه و اله وسلم یجتهید فی العشر الاواخر مالا یجتهید فی غیرها، رواه مسلم﴾. واته پێغەمبەری خوا صلی الله علیه و اله وسلم له دە ڕۆژی کۆتایی دا زیاتر هەوڵی خوا پەرستی دەدا بە جۆرێك ئەو هەوڵەی لەرۆژانی تردا نەدەدا بۆیە ئەی ئەو کەسەی منداڵت نابێ و پەنا ئەبەیتە بەر شێخ و جادووگەر ئەی ئەوکەسەی نەخۆشیت و ئەی ئەو کەسەی هەژار و دەست کورتیت و ئەی ئەو کەسەی کێشەیەکت هەیە، **بیرت چووە خوایەك لەئاسمانەو لە کیشەکەی تۆ گەورەترە**.